# گەمەکردنی سیاسی بە کارتی کراوە

کایەی سیاسی مەیدانێکی زۆر فراوانەو مەیدانی هونەری مومکیناتەو هەموو کەس دەتوانێت لەم مەیدان و کایە سیاسییە بەشداری بکات و خۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام مێژووی سیاسەت سەلماندوویەتی تەنیا ئەو کەسانە لەناو پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو دەبن کە بە ئەقڵانی سیاسەت دەکەن و لەهونەری بەڕێوەبردنی سیاسەتەدا لێهاتوو و زیرەکن و ئەوانەشی کە بە ساویلکەیی و هەرزەکارانە سیاسەت دەکەن و خۆیان بەوجۆرە نمایش دەکەن کە توانای ململانێی سیاسییان هەیەو هەڕەمەکییانە ڕەفتار دەکەن، هەمیشە دۆڕاو بوون و نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی کاری سیاسیدا جێگەی خۆیان بکەنەوە.

دیارە مەیدان و کایەی سیاسی چەند کراوەیە، بەڵام بە هەمان ئاستیش ئاڵۆزە، چەند کارتی ئاشکراو کراوەی تێدا بەکاردێت، هێندەش کارتی شاراوەی تێدایە کە دەکرێت ئەوانەی بە شێوەیەکی ئەقڵانی سیاسەت دەکەن، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان کارتی شاراوە و کراوە دروست بکەن، یان بەکارتە کراوەکان کارتە شاراوەکان بخوێننەوە.

ئەو قسەو باسانەی کە لەسەر سیاسەت دەکرێت، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان قسەو ئاخاوتنیش لەبارەی فەلسەفەوە دەکرێت و ڕاستیشن، ئەمەش بەو مانایەی چۆن دەگوترێت فەلسەفە دەریایەکەو کەنارەکانی پڕن لە شەپۆل و مەترسی و لە قووڵایی دەریادا پڕە لە ئارامی، بەهەمان شێوە سیاسەتیش ئەو دەریایەیە کە کەنارەکانی پڕن لەمەترسیی شەپۆلەکان و لەناو قووڵایی دەریاکەدا هەست بەئارامیی تەواو دەکرێت، ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێدەڵێت: ئەگەر سیاسەتمەدار مەلەوان بێت و بیەوێت لەناو ئەو دەریایە مەلەوانی بکات، پێویستە مەلەوانێکی لێهاتوو و شارەزا بێت و تەنیا بەو جۆرە کەسانە سیاسەت دەکرێت و بەڕێوە دەبرێت.

لە کاری سیاسیدا، پێویستە سیاسەتمەدار توانای پێشبینیکردن و پلانی تۆکمەو ئامانجی دیاریکراوی هەبێت و هەوڵبدات تواناکان پێکەوە گرێبداتەوە بۆ ئەوەی بە پێشبینیکردن و بە داڕشتنی پلانی تۆکمە ئامانجە گەورەکانی بەدیبهێنێت، ئەمەش پێمان دەڵێت: سیاسەت تەنیا بە خەڵکانی لێهاتووی وشیار و پڕۆفیشناڵ دەکرێت و هەر ئەو کەسانەش دەتوانن لەمەیدانی سیاسەتدا ئاکامی ئەرێنی بەدەست بهێنن.

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتکردن جۆرێکە لە گەمەکردن، بۆیە ئەگەر گەمەی سیاسی بە کارتی کراوە بکرێت، باشترە لەوەی بەکارتی شاراوە بکرێت، بەڵام ئەو پرسیارەی لە ئێستا خۆی ڕووبەڕووی سیاسەت و سیاسەتکردن دەکاتەوە، ئەوەیە ئایا لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیا شتێك ماوە پێی بگوترێت کارتی شاراوە، یان کراوە؟ دیارە لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا شۆڕشی تەکنەلۆژیا پێمان دەڵێت، کارتی کراوەو ئاشکرای سیاسەت لەهەموو سەردەمێکی دیکە زیاترە، بۆیە ئێمە کە سیاسەت دەکەین، دەبێت لێی ڕابێن بەکارتی کراوە سیاسەت بکەین و لەو پرۆسە دوانەکەوین، لەمەش زیاتر ناکرێت و نابێت کە هیچ کەس و لایەنێك گەمەی سیاسیی خۆکوژی ئەنجام بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیاسەت لە بنەڕەتدا هونەری مومکیناتە و بۆ ڕێکخستن و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەموو توخمەکانە لەکات و ساتی خۆیدا، هەر کەس و لایەنێکیش کە دێتە ناو پرۆسەکە لەسەر ئاستی پێگەی خۆی بەشداری گەمەکە دەکات، هەروەك چۆن ئێستا ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر ئاستی پێگەی خۆیان لەناو پرۆسەکەدا گەمەی



د. جەعفەرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سیاسی دەکەن، ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ ئەمریکا و رووسیا بەوجۆرە بێت، بێگومان بۆ گەمەی سیاسیی نێوان کوردستان و عێراق و تەنانەت نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە دەبێت.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەماوەی نزیکەی ئەو دوو هەفتەیە بدەین کە دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا سیاسەتی ئیدارەکەی پیادە دەکات، دەبینین هەر لە دەستپێکەوە کارتەکانی دەستی خۆی ئاشکرا کردووە، پیشانیداین کە ئەو وەك بزنسمان لە چوارچێوەی میتۆدی قازانج و زیان سیاسەت دەکات، لەکۆی قازانج بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەی هەبێت، ئەو لەوێیەو لە هەر شوێنێکیش زیان هەبوو، هەوڵی داوە رکەبارەکانی بخاتە ئەو بازنەیەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بە ئاشکرا سیاسەت دەکات. لەبەرامبەر ترەمپ ئەگەر سەیری رووسیا بکەین، دەبینین پوتن-یش بەهەمان شێوە بە ئاشکرا گەمەی سیاسی دەکات و ئەوەی خواستێتی و دەیەوێت بیکات، نایشارێتەوە، لەپێوەندی نێوان بەغداو کوردستانیش ئەوانیش هەر یەکەیان بە ئاشکرا سیاسەتی خۆیان دەکەن و پلانی خۆیان دەخەنەڕوو، بەپێی دەرفەت و ژینگەی سیاسیی عێراق لەناو پرۆسەی سیاسیدا رەفتار دەکەن، بۆیە لە کایەی سیاسیدا شتێکی شاراوەی ئەوتۆ نەماوە کە لەبەر چاو نەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە و دەبێت رۆژانە حیسابی وردی لەسەر بکرێت، تەنیا درووستکردنی دەرفەت و پەیداکردنی ئیمکانیەت و چۆنیەتی دارشتنی پلان و جێبەجێکردنی پلانەکانە بەسەرکەوتوویی، هەر ئەمەش جیاوازیی نێوان کاری سیاسی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و لێهاتووانە لەگەڵ کاری سیاسی بەشێوەی هیوایەت و ساویلکانە.

لێرەوە گرنگە لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، چەند پرسیارێك ئاراستەی خۆمان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان بکەین و بپرسین: ئایا بۆچی تائێستا هەندێك لایەنی سیاسی لەکوردستاندا لە سیاسەتدا گەمەی شاراوە دەکەن؟ بۆ تا ئێستا ئەو لایەنە سیاسییانە سەنگ و پێگەی خۆیان نازانن و بە ئاستی سەنگ و پێگەی خۆیان سیاسەت ناکەن؟ بۆ پرۆفیشناڵانە نایەنە ناو پرۆسەی سیاسی و لێهاتووانە ئیرادەی خۆیان پیشان بدەن؟ دروستبوونی ئەم پرسیارانە بەرەنجامی ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکان ناتوانن وەڵامێکی راشکاوانەی خواستی خەڵك بدەنەوەو کێشەکانیان بۆچارەسەر بکەن.

ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە ژینگەی پرۆسەی سیاسیی کوردستان پێویستی بە جووڵەی سیاسیی نوێ هەیە، بەڵام جووڵەیەکی پرۆفیشناڵانە و هەر لایەك دان بە سەنگ و پێگەی بەرامبەرەکەی بنێت و رێزی لێبگرێت، هەموو لایەنێك قەبارەی خۆی بزانێت و بەپێی قەبارەی خۆی هەنگاو هەڵبگرێت، نەك وەك ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، یان حەزی پێدەکات. هەروەها دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە خۆیان بپرسن: ئایا لە نێوان کوردستان و بەغدا چ کارتێکی شاراوە هەیە تا نەتوانین هەموومان بەرامبەر بەغدا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین؟ ئایا چ کارتێکی شاراوە هەیە وادەکات بۆ رێکخستنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی دراوسێ، یەك دەنگ و یەکهەڵوێست نەبین؟ بێگومان لە سەردەمی ئێستا هەموو کارتەکان ئاشکران و بژارەکان دیارن، بەڵام ئەوەی نادیارە، ژیری و ناپرۆفیشناڵی ئێمەیە.

---

*جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



# عێراقی دوای ئازادکردنی موسڵ

## دەبێتە دراوسێییەکی باشی کوردستان
## یان سەرچاوەی هەڕەشەیەکی مەترسیدار



**ئەوانەی لە کوردستان خۆیان بە دژی پرۆسەی سەربەخۆیی دەزانن و بەتەمان لە ڕێگەی مالیکییەوە ئەو خواستەیان بۆ بێتەدی، پێویستە بزانن کە مالیکی خۆی باش دەزانێت ئەوەی ئامانجیەتی جارێکی دیکە بۆی نایەتەدی و ئەوەشی پشتی بە مالیکی بەستووە، ئەگەر زوو بەئاگا نەیێتەوە، ئەوا هەم لە بەڵێنەکانی مالیکی دەستخەڕۆ دەبێت و هەمیش لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا جێگەی نابێتەوە**

کاتێك دۆناڵد ترەمپ ڕەخنە لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما دەگرێت بەرامبەر عێراق و پێی دەڵێت ٣ ترلیۆن دۆلاری بەهەدەر داوەو سەرەنجامیش داعشی لێ بەرهەمهات، ئەمە بە ڕاشکاوی ڕەخنەگرتنە لەو سیاسەتەی ئیدارەی ئۆباما کە ناوی لێنابوو (سیاسەتی یەك عێراق)، ئەگەر تەنیا هەڵوەستە لەسەر بڕی ئەو ٣ ترلیۆن دۆلارە بکەین کە ترەمپ ئاماژەی پێکردووە و باس لە کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠٠ سەربازی ئەمریکی و دەیان هەزار بریندار نەکەین کە لەماوەی ٢٠٠٣-٢٠٠١ سوپای ئەمریکا لە عێراقدا داویەتی، ئەوا ئەو پارەیەی لە عێراقدا سەرفکراوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێك کە پێکهاتەکانی بتوانن تێیدا بژین، ئەمە لە کاتێکدا ٣ ترلیۆن دۆلار واتە نزیکەی بودجەی ٣٠ ساڵی عێراق بە کوردستانیشەوە، هەروەها ئەم بڕە بارتەقای ٧٥٪ی ئەو پارەیەیە کە ئەمریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە چوارچێوەی پلانی مارشاڵدا بۆ بونیادنانەوە و ئاوەداکردنەوەی ١٧ وڵاتی دوای شەڕ (١٦ دەوڵەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا + ژاپۆن) تەرخانی کردبوو، سەرکەوتنی پلانی مارشاڵیش بووە هۆکاری ئەوەی بلۆکی ڕۆژئاوا بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێزی سەربازی ببات، شەڕی سارد بباتەوە و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە.

کەواتە ئەم ڕەخنەیەی دۆناڵد ترەمپ بە دیوێکی دیکەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر نەك ٣ ترلیۆن دۆلار کە دەکاتە (٣٠٠٠ ملیار دۆلار) بەڵکو ١٠ هێندەی دیکەش لە چوارچێوەی سیاسەتی (یەك عێراق) خەرج بکرێت و نەك ٥٠٠٠ سەرباز بە کوشت بدرێت و دەیان هەزار دیکە بریندار بن، ئەوا ئەگەر هەموو سوپای ئەمریکا بێتە عێراقەوە، جارێکی دیکە نە (یەك عێراق و نەك سیاسەت) بۆ دووبارە هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی سەرکەوتوو نابێت، لەمەش زیاتر بەشە عەرەبییەکەی عێراق (بە شیعە و سوننە) ناتوانن خۆیان لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی لیبراڵی بگونجێنن و ڕێز لە بەها هاوبەشەکانی دیموکراتی لیبراڵی بگرن.

پرسی ڕەتکردنەوەی دیموکراتی بۆ هەندێك ئایین و نەتەوە، پێوەندی بە ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنەوە نییە، وەك هەندێك بە تێپەڕاندنی قۆناخی مۆدێرنەی گرێدەدەنەوە، بەڵکو مەسەلەکە بڕوابوونە بە سیستمی دیموکراتی لیبراڵی وەك سیستمێك بۆ حوکمڕانیی سەردەم. هەر بۆ نموونە کۆماری چینی میللی بە هەموو پێوەر و پێودانگێك زۆر باش قۆناخی مۆدێرنەی تێپەڕاندووە و بەردەوام زیاتر لە ٤ ملیۆن قوتابی چین لە زانکۆکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەخوێنن و ڕێژەی چینی ناوەند لە ئێستای کۆماری چیندا، زیاترە لە ٢٠٠ ملیۆن کەس، بەڵام خەڵکی چین سیستمی دیموکراتی لیبراڵی بۆ حوکمڕانی قبووڵ ناکەن. ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ئێستا حزبی کۆمۆنیستی چینی حزبی دەسەڵاتدارە لەو وڵاتە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کۆماری چین، نە دەیەوێت مۆدێلی دەوڵەتەکەی هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەی دوای ڕێککەوتنی ویستفالیا بێت واتە (مۆدێلی دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی ڕۆژئاوا)، نە دەشیەوێت سیستمە سیاسییەکەشی کۆپیکراوی سیستمی ڕۆژئاوا بێت، ئەم حاڵەتە بۆ نموونە سەرکەوتووەکانی دیکەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش ڕاستە. هەر بۆ نموونە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتدا، هیچ کام لە دەوڵەتەکانی (کۆریای باشوور، سەنگافورا، تایوان) لەسەر شێوازی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەی خۆیان پیادەنەکردووە، تەنانەت ژاپۆنیش وەك وڵاتێکی دۆڕاوی شەڕ کە دەستوورەکەشی لەلایەن ئەمریکاوە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی نووسراوەتەوە، دەقاودەق مۆدێلی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە هاوشێوەی ڕۆژئاوا کۆپی نەکردۆتەوە.

ئەگەر نموونە سەرکەوتووەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاماژەبن بۆ سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتانە لە هەردوو پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەدا، ئەوا نموونەکە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێچەوانەیەو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی نموونەی دەوڵەتی شکستخواردوون، بەڵام سیستمی دیموکراتی لیبراڵی بە هاوشێوەی سیستمەکانی ڕۆژئاوا قبووڵ ناکەن، تەنانەت ئەگەر بگەنە قەناعەتیش کە سیستمی دیموکراتی لیبراڵی دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەری کێشەکانیشیان، دیسان هەر ڕەتی دەکەنەوە و قبووڵی ناکەن. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، باهۆزی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی (Third Wave) هەموو پارچەکانی جیهانی گرتەوە،

**ئەم واقیعە تازەیەی سیاسەت لە نێوان کوردستان و عێراق، تەنیا ئەمری واقیعێکی لۆکاڵی نێوان حکومەتێکی هەرێم و دەوڵەتێکی فیدراڵی نییە، بەڵکو ئەمری واقیعی نێوان دوو دەوڵەتە کە ڕاگەیاندنی پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار و پشتگیری نێودەوڵەتی و تێگەیشتنی زیاتر کارەکتەرە سیاسیەکانی عەرەبی عێراقی هەیە**

بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگرتەوە، لەمەش زیاتر کاتێك لە ساڵی ٢٠١١ راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد و ناویان لێنا (بەهاری عەرەبی)، ئەمەش بەو حیسابەی لە رووخانی رژێمە دیکتاتۆرەکانەوە بەرەو کرانەوە و دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام وەك لە میسر و تونس بینیمان، میکانیزمی دیموکراتی ئیسلامی سیاسییان هەڵبژارد و سیستمی لیبراڵ دیموکراتیان رەتکردەوە، تەنانەت تورکیاش کە وەك نموونەی دەوڵەتێك لە جیهانی ئیسلامیدا بە دەوڵەتێکی دیموکراتی لەقەڵەم دەدرا، ئەوا ئێستا بە ئاشکرا گوێمان لە لێدوانەکانی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك کۆماری تورکیا دەبێت کە گەڕانەوەی بۆ سوڵتانیەتی عوسمانی بە سەرکەوتووتر لە سیستمی دیموکراتی لیبراڵی و تەنانەت بە گەورەتر لە ئەندامیەتی یەکێتی ئەورپاش لە قەڵەم دەدات. ئەمانە وەك نموونەی دەوڵەتانی سوننە.

لەسەر ئاستی نموونەی حوکمڕانیی مەزهەبی شیعەش کە کۆماری ئیسلامی رێبەرایەتی دەکات، ئەوا هەر لەساڵی ١٩٧٩وە کە کۆماری ئیسلامی دامەزراوە، خۆیان رایانگەیاندووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران نە هاوشێوەی سیستمی حوکمڕانیی رۆژهەڵاتە (واتە کۆمۆنیستی) نە هاوشێوەی سیستمی حوکمڕانیی رۆژئاواشە (واتە دیموکراتی لیبراڵی سەرمایەداری)، لەمەش زیاتر کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئەم شێوازە تازەی حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقی) بکاتە مۆدێلێك بۆ حوکمڕانی لەو وڵاتانەی کە شیعەی تێدایە، ئەمەشی نەشاردۆتەوە و ناوی لێناوە (هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە)، دیارە مەبەستی لە هەناردەکردنی شۆڕشیش واتە رەتکردنەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و کۆپیکردنەوەی سیستمی حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقی)، هەروەك چۆن ئێستا نفوزی ئێرانی لە عێراق و باشووری لوبنان و یەمەن بەو ئاراستەیە کاردەکات و هەوڵیشیداوە کە سیستمی حوکمڕانی لە بەحرێنیش بگۆڕێت و بە هاوشێوەی ئێران سیستمی (ویلایەتی فەقی) دابمەزرێت.

ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ لەم راستییە تێگەیشتووە، بۆیە راشکاوانە دەڵێت، چیتر کاری ئەمریکا رووخاندنی رژێمەکان و بڵاوکردنەوەی دیموکراتی نییە لە جیهاندا، ئەمەش مانای ئەوەیە جارێکی دیکە ئەمریکا نایەت دەستووری دیموکراتی بۆ عێراق و ئەفغانستان بە هاوشێوەی ژاپۆن دابڕێژێت، بەڵکو لەبەرامبەردا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوجا سوننە مەزهەبن و سیستمی هاوشێوەی سعودیەو تورکیا هەڵدەبژێرن، یان شیعە مەزهەبن و شێوازی سیستمی حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقی) کۆماری ئیسلامی هەڵدەبژێرن، ئەوا ئەمە هیچ کێشەیەك دروست ناکات، بەڵام دەبێت وەك دەوڵەت رەفتار بکەن و لەو راستییە تێبگەن کە سەردەمی سەروەریی رەهای دەوڵەت (absolute sovereignty) بەسەرچووەو دەبێت پابەندی سەروەریی مولزەم (sovereign obligation) بن، ئەمەش واتە خۆیان خاوەنی سەروەریی دەبن، بەڵام دەبێت رێز لە سەروەریی دەوڵەتانی دەوروبەریشیان بگرن.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر عێراقی عەرەبی (بە شیعەو سوننەوە) نایانەوێت دیموکراتی بن، ئەوا کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی ئێستا پیادەی دەکات، سەلماندوویەتی کە دیموکراتی و لیبراڵییە، راستە لەوانەیە هەندێك کەموکورتی هەبێت، بەڵام جیاوازی کوردستان لەگەڵ تەواوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوەیە، کوردستان بڕوای بە سیستمی لیبراڵی و دیموکراتی هەیە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئەم سیستمە دیموکراتییە لەچوارچێوەیەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ببێتە خاوەنی سەروەریی بۆ ئەوەی بتوانێت پابەندبوونەکانی خۆی وەك دەوڵەت بەرامبەر ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەو جیهانیش جێبەجێ بکات.

**● ستراتیژیەتی دژی ئیرهاب و توندڕۆیی ئیسلامی راگرتنی هاوسەنگی و رێگرتن لە تیرۆری سوننە و شیعە**

ئەوەی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا جێگەی کێشمەکێش و ململانێی فیکرو سیاسی نەبێت، پرسی بە دیموکراتیزەکردن و پیادەکردنی سیستمی دیموکراتییە، ئەمە بۆ دەوڵەتانی ئیسلامی عەرەبی و غەیرە عەرەبی، هەروەها بۆ هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە هیچ جیاوازیەکی نییە.

لەناو هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بێجگە لە کورد کە ناسنامەی نەتەوەیی دەخاتە سەرووی مەزهەب و ئایینەوە، هەموو نەتەوەکانی دیکە ئەوجا (عەرەبن، یان تورك، یان فارس، تەنانەت ئەفغانی و پاکستانیش) مەزهەب، یان ئایین دەخەنە سەرووی

**ئەو سەرلێتێکچووانەی کوردستان لەوە تێناگەن، ئەگەر پەرلەمانی عێراق یاسایەک دەربکات و لەبەرژەوەندی عەبادی بێت و کوردستان پێوەی پابەند بێت، ئەوە کوردستان زەرەردەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لەژێر گوشاردا یاسایەک بۆ بەرژەوەندی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقەوە دەربچێت، ئەوا حکومەتی عەبادی نەک هەر زەرەر دەکات، بەڵکو حکومەتەکەی دەڕووخێت**

**ئەوانەی بە ئەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەب (سوننەو شیعە) بیردەکەنەوەو چاویان بەسەربەخۆیی کوردستاندا هەڵنایەت و ئەوانەشی لە کوردستان خوا سەری لێ تێکداون و دژی سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان دەهۆڵ بۆ مالیکی لێدەدەن، لەبەرەیەکدا یەکیان گرتووە و هەرچی پێیان کرابێت، دژی سەربەخۆیی و پێشمەرگەو کوردستان کردوویانەو خۆیان کردووە بە شایەری ناو کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی سەر بە نوری مالیکی و ئەوەی خراپ و ناشیرینە بە کوردستان و پێشمەرگەی دەڵێن**

**بەشداریی کوردستان لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق لە بەشدارییەکی کاراوە بۆتە بەشدارییەکی ڕەمزی، پەرلەمانی عێراق بۆتە ئەو شوێنەی کە بە ئاشکرا دژی کوردستان و پێشمەرگە یاسای تێدا پەسند دەکرێت، بەڵام نە ئەو یاسانەی لە پەرلەمانی عێراق دژی کوردستان و پێشمەرگە پەسند دەکرێن، کاریگەرییان لەسەر کوردستان و پێشمەرگە هەیە، نە کوردستانیش چاوەڕێی ئەوەیە لە ڕێگەی پەرلەمانی عێراقەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکبخاتەوە**

**کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی لەو سیستمە کاتییە دەچێت کە جێگەی هەموو سیستمی سیاسیی عێراقی گرتۆتەوە، بەڵام ژینگەی ئاڵۆزی ناو بەشە عەرەبییەکەی عێراق بە ڕادەیەک ئاڵۆزە، ئەگەر لەلایەن کوردستانەوە موراعاتی حکومەتەکەی عەبادی نەکرێت، لەوانەیە بەئاسانی ئەو حکومەت بڕووخێت**

ناسنامەی نەتەوەییەوە، ئەم هاوکێشەیە لەسەردەمی حوکمڕانی شاهەنشاهی ئێران و کۆماری تورکیای ئەتاتورك و پان عەرەبیزمی جەمال عەبدولناسر، هەندێك گۆڕانكاری بەسەر هات و هەوڵێك هەبوو، تورکیا وەك دەوڵەتی نەتەوەیی تورك و ئێران وەك دەوڵەتی نەتەوەیی فارس و پڕۆژەی پان عەرەبیزمی ناسریش دەیویست وڵاتانی عەرەبی لە چوارچێوەی ئەم پڕۆسە کۆبکاتەوە، بەڵام لە ئێستادا هاوکێشەکە گۆڕاوە و هەستی ئایینی و مەزهەبگەرایی باڵادەستترە بەسەر هەستی نەتەوەییدا، تەنانەت لە تورکیا (پێش ئەوەی پەکەکە پڕۆسەکە لە باکووری کوردستان ئاڵۆز بکات)، حکومەتی تورکیا هەوڵیدەدا کێشەی کورد چارەسەر بکات، وەك پشتیوانێك بۆ ئەو ڕەوتەی تورکیا کە دەیەوێت سەرکردایەتی جیهانی سوننە بکات. تورکیا لەدوای ساڵی ٢٠١١ بە ئاشکرا پشتگیری هەڵکشانی ڕەوتی ئیخوان موسلمینی لە وڵاتانی عەرەبی دەکرد و تەنانەت کە عەبدولفتاح سیسی، محەمەد مورسی ئیخوان موسلمینی لە میسر دوورخستەوە، تورکیا باڵیۆزی خۆی لە قاهیرە گەڕاندەوە، هەروەها لە ئێرانیش بە حوکمی ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بەشی زۆریان سوننە مەزهەبن، کێشەی کورد لە ڕوانگەی حکومەتی تارانەوە تێکەڵاوی کێشەی مەزهەبی شیعە و سوننە بووە، ئەمە لە کاتێکدا کورد سوننە بێت، یان شیعە، ئێزیدی بێت، یان شەبەك و کاکەیی، کێشەی نەتەوەیی هەیە، نەك کێشەی ئایینی، یان مەزهەبی، بەڵام لە ڕوانگەی حکومەتی تارانەوە بەو چاوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئێران بە هەمان پێوانە مامەڵە لەگەڵ عەرەبی عێراق و سووریا و تورکی عەلەوی و باشووری لوبنان و بەحرێن و یەمەنیش دەکات. ئەمەش سیاسەت و ستراتیژیەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامییە کە دەیەوێت لەمیانەی هیلال و بازنەی شیعەوە، هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی شیعەو سوننە لە ناوچەکەدا دروست بکات.

لایەنێکی دیکەی ئەم هاوکێشەیە نموونەی دەوڵەتانی سعودیە و کەنداو و میسر و سودان و ئوردن و مەغریبە، ئەم دەوڵەتە عەرەبییانە لەگەڵ ئەوەی لەبەرامبەر مەدی شیعەگەرایی ئێران وەك سەرکردایەتی عەرەب و سوننە ڕەفتار دەکەن، بەڵام وەك بڕوابوونی خۆیان، نە بڕوایان بە سیستمی دیموکراتی لیبراڵی هەیە، نە بڕواشیان بە سیستمی ئیسلامی سیاسی خەلافەتی ئیخوان و قاعیدە و داعشیش هەیە، ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێت لە ژێر ناوی پان عەرەبیزم، ئەوجا سیستمەکەیان کۆماری بێت، یان میرنشین، یان پادشایی، بڕوایان بەسیستمی ئۆتۆکراتی هەیە، هەر بیروبۆچوونێکیش خزمەتی ئەم ئۆتۆکراتییە بکات، ئەوا لای ئەو دەوڵەتانە وەك هەڕەشە سەیر ناکرێت، ئەگەر نەبێتە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر خودی سیستمە ئۆتۆکراتییەکە، هەر بۆ نموونە ئەو ئیخوان موسلمینەی میسری بردە لێواری هەڵدێر، لەسایەی حوکمڕانیی حوسنی موبارەك گەشەی کرد، ئەو فیکرە وەهابییەی کە داعش و قاعیدەشی دروستکردووە، لەژێر سایەی حوکمڕانی پادشایی سعودیە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بڵاو بۆتەوە، کەواتە ڕاستە ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی خۆیان بە هاوپەیمانی سعودیە دەزانن، دژی سیستمی ئیسلامی سیاسین، بەڵام لە هەمانکاتدا خوازیاری پیادەکردنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیش نین.

ئەم واقیعەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، لەلایەك هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان شیعەو سوننە، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵکشانی توندڕۆیی و ئیرهابی ئیسلامیی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەیە بەرامبەر یەکتری.

ئەوەی لە سیاسەتی تازەی ئێستای ئیدارەی ئەمریکا دەخوێندرێتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپاشەوە پشتگیری لێدەکرێت، هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و ڕێگرتن لە توندڕۆیی و تیرۆری ئیسلامی، ئەوجا سەرچاوەکەی مەزهەبی شیعە بێت، یان سوننە بێت.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەتا ئێستا سوودێکی هێجگار زۆری لەو دیدوتێڕوانینە جیهانییە بەرامبەر دیاردەی تیرۆر و توندڕەوی ئیسلامی وەرگرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تیرۆر و توندڕەوی ئیسلامی لە میانەی قاعیدە و داعش و ڕەوتی سەلەفییەتی جیهادی قیتالی وەك کاڵایەك بەبەری مەزهەبی سوننەدا بڕاوە، لەم چوارچێوەشدا ئێران هەوڵیداوە خۆی بخاتە بەرەی دژی تیرۆری قاعیدە و داعش بۆ ئەوەی ڕەوتی فراوانخوازی شیعەگەرایی خۆی وەك دژایەتی تیرۆر و تیرۆریستان پەردەپۆش بکات و هەوڵیداوە وای پیشانبدات کە دەمارگیری و

توندڕۆیی و تیرۆر تەنیا بەرهەمی مەزهەبی سوننەیە، بەڵام تەجرەبەی حزبوڵڵای لوبنانی و حەشدی شەعبی عێراق و ئەو چەکدارانەی لە سووریا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەك شیعە مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت، دەریخست کە هەمان دەمارگیری و توندڕۆیی و تیرۆر لەناو مەزهەبی شیعەشدا بوونی هەیە. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئیسلامی سیاسیی سوننە لە دەسەڵاتدا نییە، بەڵام ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان لە دەسەڵاتدان، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەزموونی حوکمڕانیی ئیخوان موسلمین و مورسی بە هاوشێوەی ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە میسر سەرکەوتوو بوایە، ئێستا سیستمی ئیخوان موسلمینی میسر، هەم لەلایەن تورکیاوە پشتگیری گەورەی لێدەکرا، هەمیش هەوڵدەدرا لەوڵاتانی دیکەی عەرەبیش دووبارە بکرێتەوە، ئەوکاتیش لەبری ئەوەی داعش و قاعیدە ببنە نوێنەرایەتی حوکمڕانیی سوننە، ئەوا نموونەی ئیخوان موسلمینی میسر دەبووە نموونەی نوێنەرایەتیکردنی سوننە، ڕاستە ئیخوان موسلمینیش جۆرێك لە دەمارگیری و توندڕۆیی ئیسلامی بەرهەم دەهێنا، بەڵام دەمارگیری و توندڕۆیی ئیخوان موسلمین بە دەمارگیری و توندڕۆیی و تیرۆری قاعیدە و داعش بەراورد ناکرێت، بەڵکو بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی کە وەك نموونەی ولایەتی فەقی دەیەوێت نموونەیەك بێت بۆ شیعە، بەهەمان شێوە ئیخوان موسلمینیش دەبووە نموونەیەك بۆ دەوڵەتانی عەرەب و غەیرەعەرەبی سوننە.

لێرەوە هاوکێشەکە خۆی بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکات و ئەو پرسیارانە دەورووژێنێت: ئایا دەمارگیریی توندڕەویی ئیسلامی لە ناو هەردوو مەزهەبی شیعەو سوننە کۆتایی پێدێت؟ ئایا هاوسەنگی لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکە کە دابەش بوون بەسەر شیعەو سوننە دروست دەکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن، ئەمەش بەو مانایەی پێش هەموو شت دەبێت دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوجا خۆیان بەشیعە بزانن، یان سوننە، وەك دەوڵەت مامەڵە بکەن، ئەمەش بەو ئامانجەی دەوڵەت ببێتەوە بە فاکتەر و تەوەری سەرەکیی هاوکێشە سیاسییەکان و پابەند بن بە ڕێزگرتنی سەروەریی دەوڵەتانی دەوروبەریان. ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەست لە کاروباری عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو وەرنەدات، یان سعودیە هاوکاری سیسی نەکات بۆ ڕووخانی ئیخوان موسلمین و قەتەر و تورکیا پشتگیری ئیخوان موسلمین نەکەن، ئەوا جۆرێك لە هاوسەنگی و کۆنترۆڵکردنەوەی کێشەکان دەست پێدەکات. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەم ئاراستەیە ئەم هاوسەنگییە دروست دەبێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبییەوە لە سعودیەوە تا مەغریب، دیارە لەم چوارچێوەیەدا و لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی سیستمی ئۆتۆکراتییان لە سیستمی ئیسلامی سیاسی لا باشترە و بەم ئاراستەیەش دەتوانن هەڕەشەی مەدی شیعەگەرایی لەلایەن ئێرانەوە لە خۆیان دووربخەنەوە، ئەوا ئەو هەوڵەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ گێڕانەوەی ئەم هاوسەنگییە دەیگرنەبەر، پشتگیری وڵاتانی عەرەبی بەدەست دەهێنێت، وەك لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی نێوان دۆناڵد ترەمپ و شا سەلمانی سعودیە و سەردانی شای ئوردن بۆ ئەمریکا و پێوەندی نێوان عەبدولفتاح سیسی و ترەمپ، ڕەنگدانەوەی هەبووە، دەوڵەتانی عەرەبی نەك هەر ئامادەن پشتگیری گێڕانەوەی ئەم هاوسەنگییە بکەن، بەڵکو ئامادە دەبن لەسەر پرۆسەی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس و هەوڵەکانی نەتانیاهۆ بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێی زیاتر چاوپۆشی تەواو بکەن و باسی هیچ شتێك نەکەن، لەمەش زیاتر ببنە هۆکاری ئەوەی کە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بە دڵی ئیسرائیل تەواو بێت، نەك فەلەستین.

ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە بگوازینەوە بۆ سەر واقیعی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر تاقیکردنەوەی ڕۆکێتی بالیستی لەلایەن ئێرانەوە و سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئێراندا، ئەمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە دەوڵەتانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی هەموویان لەبەرەیەکدان لەگەڵ سیاسەتەکانی ترەمپ و ئێران بەتەنیا کەوتۆتە بەرەیەکەوە دژی سیاسەتەکانی ترەمپ. لەمەش زیاتر ئیدارەی ترەمپ بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی ئێران لەیەمەن کەشتییەکی جەنگی ناردۆتە بابولمەندەب و مانۆڕێکی هێزی دەریایی گەورەیش بە هاوکاری فەرەنسا و بەریتانیا

کاتێک ستیفن هادلی ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشمانیی ئەمریکا دەڵێت: سیستمی سیاسیی عێراق هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد نییە و دەبێت لە ڕیشەوە بگۆڕدرێت، ئەمە مانای ئەوەیە هەتا سیستمێکی نوێ بۆ عێراق دووبارە بونیاد دەنرێتەوە، دەبێت سیستمێکی کاتی هەبێت و جۆرێک لێکتێگەیشتنی لەگەڵدا دروست بکرێت و هەرێمی کوردستانیش کە هەر بەناو لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەشداری ماوە، دەبێت لەم تایبەتمەندییە بگات و موراعاتی سیستمە کاتییەکەی عێراق بکات

ئەگەر عێراق پاشەگەز ببێتەوە، کۆبوونەوەکانی نێوان کوردستان و عێراق کۆتاییان دێت و ڕێگەی سەربەخۆیی نزیکتر دەبێتەوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا کە خۆی شاهیدی ڕێککەوتنەکەی نێوان عێراق و کوردستانە، ڕێز لە ئیرادەی کوردستان دەگرێت و شەرعییەتی سەربەخۆیی کوردستان قبووڵ دەکات و دانی پێدادەنێت

و ئوستراليا لە كەنداو ئەنجامدرا، هەمووشی پیشاندانی ماسوولکەی هێزە بەرامبەر ئێران. هەروەها لە سووریاش وێڕای ئەوەی ترەمپ داوای پلانێکی نوێی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش لە رەقە كردووە، بەڵام داواشی كردووە كە شێوازی چەكداركردنی هێزەكانی سووریای دیموکراتی سەردەمی ئۆباما چاوی پێدابخشێندرێتەوەو بەهاوكاریش لەگەڵ رووسیا هەوڵبدرێت هێزەكانی ئێران و حزبوڵای لوبنانی لە سووریا پاشەكشە بكەن.

ئەگەر لێرەوە جارێكی دیكە لەبەر رۆشنایی ئەم گۆڕانكارییە خێرایانە هاوكێشەكە تازەكە بخوێننەوە، راشكاوانە ئەو راستییە دەخوێننەوە كە بەرەیەكی فراوانی دەوڵەتانی عەرەبی بە پشتگیری ئەمریكا و ناتو و یەكێتی ئەوروپا لە دژی ئێران دروست بووە، دواكاری سەرەكیشی لە ئێران ئەوەیە:

١. وەك دەوڵەت پابەند بێت بە سەروەریی مولزم و دەستێوەردان لەكاروباری وڵاتانی دیكەی ناوچەكە بەبیانووی شیعە گەرایی نەكات.

٢. دەستبەردای شەڕی بەوەكالەت بێت بۆ یەكلاییكردنەوەی كێشەكانی لەدەرەوەی خاكی خۆی، یان دروستكردنی كێشە بۆ وڵاتانی دەوروبەری و ناوچەكە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێران دەتوانێت سەبارەت بەم دوو داواكارییە وەڵامێكی ئەرێنی بە دەوڵەتانی ناوچەكە، یان كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بداتەوە؟ سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چاودێران مەزندەی ئەوە دەكەن، ئێران هەوڵبدات بە خاڵی یەكەم پابەند بێت و دەستێوەردانی راستەوخۆ كەمبكاتەوە، بەڵام سەبارەت بە خاڵی دووەمیان كە پشتگیری وەكیلەكانیەتی بۆ درێژەپێدان بە شەڕی بەوەكالەت، لەمەدا چاودێران دوودڵن و پێیانوایە ئەگەر ئێران دەستبەرداری شەڕی بەوەكالەت بێت، دەبێت چاو بە هەموو سیاسەتەكانی خۆیدا بخشێنێتەوە، كە ئەمەشیان بۆ ئێران كارێكی ئاسان نییە.

**● ئایندەی بەشە عەرەبییەكەی عێراق و ئەقلییەتی خەیاڵ پڵاوی نوری مالیكی**

ئەگەر سیاسەتی ئەمریكا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای راگرتنی لەدوورەوەی باڵانسی هێز (Offshore balancing) بێت بۆ ناوچەكە، ئەوا دەبێت عێراق پارسەنگی راگرتنی باڵانسی هێز بۆ ئێران نەك عێراق ببێتە جێگەی نفوز و پێگەی ئێران، یان بەشێك بێت لەپرۆژەی مەدی فراوانخوازی هیلالی شیعە لەناوچەكەدا.

لە ئێستادا نفوزی ئێران لە عێراقدا بە ئاستێكە كە دەكرێت بڵێین عێراق بۆتە پاشكۆی ئێران، هەر بۆیە كاتێك باسی نفوزی ئێرانی لەناو عێراقدا دەكرێت، هەندێك لەئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە گوشاری زۆر نەخرێتە سەر حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق كە نفوزی ئێرانی كەمبكاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر كارێكی وابكات، حكومەتەكەی دەڕووخێت و لەوانەیە مالیكی، یان كەسێكی هاوشێوەی مالیكی و وەكیلی ئێران جێگەی حەیدەر عەبادی بگرێتەوە و ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئەو كاتیش یان دەبێت بە زەبری هێز ئەو كەسە بگۆڕێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق رێكبخرێتەوە، یاخود دەبێت ئەوەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ لەسایەی حوكمڕانیی مالیكی هاتەئاراوە و ئەو داعشەی لێ پەیدابوو، ئەوا جارێكی دیكە هەمان سیناریۆ دووبارە ببێتەوە.

نوری مالیكی باش دەزانێت كە ئەمریكا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شێوازی حوكمڕانی خراپی ئەو بە دروستكەری داعش و ئەو هەموو كارەسات و كاولكارییە دەزانن كە ئێستا لە عێراق روودەدات، بۆیە ئەگەر داعش كۆتایی بێت و هەوڵبدرێت پرۆسەی سیاسیی عێراق ریكبخرێتەوە، ئەوا مالیكی نەك هەر لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا جێگەی نابێتەوە، بەڵكو ئەگەر ژینگەی سیاسیی عێراق لەبار بێت، دەبێت لەسەر سیاسەتە هەڵەكانی كە بوونە هۆی سەهەڵدانی داعش وەك تاوانباری جەنگ و دژی مرۆڤایەتی دادگایی بكرێت.

كەواتە هەوڵەكانی مالیكی بۆ ئاستەنگ دروستكردن بۆ هاوپەیمانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و سوپای عێراق بۆ كۆتاییهێنان بە شەڕی دژی داعش و دەستپێكردنەوەی وتووێژەكان لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ دیاریكردنی میكانیزم و شێوازی پێوەندیی نێوان كوردستان و عێراق، بۆ ئەوەیە ئاستەنگ بۆ سەركەوتنی شەڕی دژی داعش دروست بكات، یان لە ئێستاوە وەك لە لێدوانەكانی نەیشاردۆتەوە زەمینەی شەڕ و ئاژاوەیەكی دیكە لە نێوان كوردستان و حەشدی شەعبی دروست بكات. بەڵام پرسیاری گرنگ

**چۆن لە ساڵی ٢٠٠٣ پەرلەمان و حكومەت و تەواوی دامەزراوەكان و یاساكانی كوردستان بەفەرمی لەلایەن دەستووری عێراقەوە ئیعترافی پێكراو كوردستان نەبووە بەشێک لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی رووخاوی عێراق، ئەوا ئەمجارەش كوردستان بە ئەمری واقیعی ١٧ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٦ لەگەڵ عێراق دەكەوێتە گفتوگۆ و هەموو ئەو دەسەڵاتانەی تا ئێستا لە چوارچێوەی سەروەریی هێز و سیاسەتی ئابووری و حوكمڕانی پیادەی كردووە، هەر هەمووی دەبێت دانی پێدابنرێت و ئەو كێشانە چارەسەر بكرێن**

**عێراق و كوردستان بە ئامادەبوونی ئەمریكا لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادكردنی موسڵ رێككەوتوون، كە دەبێت عێراق ئەمری واقیعی سنووری هەرێمی كوردستان تا رۆژی ١٧ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٦ قبووڵ بكات، ئەمەش مانای ئەوەیە كاتێک عێراق و كوردستان دەكەونە گفتوگۆ لەسەر پێوەندییەكانی ئایندەی كوردستان و عێراق، كێشەی خاک تا رادەیەكی زۆر لەنێوان هەردوولا چارەسەر بووە**

لێرەدا ئەوەیە ئایا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ئێستا هەموو ئاواتیان ئەوەیە داعش لە عێراقەوە کۆتایی پێبێت، ڕێگەدەدەن جارێکی دیکە کەسێکی وەك نوری مالیکی شەڕێکی دیکە لەناوچەکە هەڵبگیرسێنێتەوە؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە و ئەوەی تائێستا لە لێدوان و هەڵوێستی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و توێژەران و چاودێرانی سیاسی دەخوێنرێتەوە، مەترسییەکە ئەوە نییە کە مالیکی، یان ئەوانەی وەك مالیکی بیردەکەنەوە بتوانن لە نێوان کوردستان و عێراقدا ئاژاوە، یان شەڕێکی دیکە دروست بکەن، بەڵکو مەترسی ئەوەیە چۆن دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش ڕێگە لەوە بگیرێت فیتنەیەکی مەزهەبگەرایی لەنێوان عەرەبی شیعەو سوننە دروست نەبێتەوە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونانە خوێندنەوەیەك بۆ بالانسی هێزی نێوان کوردستان و عێراق بکەین، ئەوا عێراق ئەگەر وەك پێویست لەچوارچێوەی ئەو پرۆگرامەی بۆ دیاری دەکرێت، هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەوا نەك وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بەڵکو وەك دەوڵەتێکی بەهەمهێنەری توندڕۆیی مەزهەبگەرایی و سەرچاوەی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەشی پێویستە عێراق بیکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دڵنیا بکاتەوە دوای تێکشکانی داعش ئەم خاڵانەیە:

١. حکومەتی عێراق دەبێت بۆ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیسەلمێنێت کە بەیاسا هێزەکانی حەشدی شەعبی لە هێزێکی مەزهەبگەرایی شیعەوە گۆڕیوە بۆ هێزێکی نیشتمانی لە چوارچێوەی سیستمی بەرگری عێراق و دەبێت فەرماندەی ئەم هێزە، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بێت و تەنیا بەم ڕێگەیە فەرمان وەربگرن و جێبەجێی بکەن.

ئەم خاڵە کە مەرجی سەرەکییە بۆ حکومەتی عێراق، مانای ئەوەیە دوای داعش بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت، عێراق لەژێر مەترسیی ملیشیاکانی حەشدی شەعبیدا بێت و لەدەرەوەی حکومەتی عێراق فەرمان لە ئێران وەربگرن، یان ئەو کەسانەی خۆیان بە وەکیلی ئێران دەزانن، بۆ ئەمەش ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستخۆشی لێدەکات، نەشتوانێت ئەم کارە بکات، یان توانای ئەوەی نەبێت ئەم کارە بکات، ئەوا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆیان چارەسەری کێشەی حەشدی شەعبی دەکەن و ڕێگەچارەی بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت حەشدی شەعبی وەك هێزێکی میلیشیایی بمێنێتەوە و کەسێکی وەك مالیکی فەرمانیان بۆ دەربکات.

٢. عێراق و کوردستان بە ئامادەبوونی ئەمریکا لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ ڕێککەوتوون، کە دەبێت عێراق ئەمری واقیعی سنووری هەرێمی کوردستان تا ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ قبووڵ بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك عێراق و کوردستان دەکەونە گفتوگۆ لەسەر پێوەندییەکانی ئایندەی کوردستان و عێراق، کێشەی خاك تا ڕادەیەکی زۆر لەنێوان هەردوولا چارەسەر بووە و ئەوەی کەماوە نابێتە ڕێگر بۆ سەرخستنی وتووێژەکان و دیاریکردنی پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق. ئەوەی لەم خاڵەدا جێگەی هەڵوەستەیە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و کوردستان، ڕێککەوتنێکە لەسەرووی سەروەریی عێراق ئیمزا کراوەو لە نێوان هەر سێ حکومەتی (کورستان و عێراق و ئەمریکا) ئیمزای لەسەر کراوە و هەرسێ لایەن دەبێت پێوەی پابەند بن.

ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە نوری مالیکی و ئەوانەشی لە عێراق و کوردستان وەك مالیکی بیردەکەنەوە، هەوڵدەدەن خۆیان لەگرنگی و بایەخی ئەم ڕێککەوتنە گیل بکەن، یان وەك خۆی دان بە ڕاستییەکاندا نەنێن. مالیکی خۆی باش دەزانێت، دەستکاریکردنی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان کوردستان و عێراق بە شاهیدی ئەمریکا کە هەرسێ لا ئیمزایان لەسەر کردووە، کارێکی ئاسان نییەو ئەم ڕێککەوتنە ناچێتە ناو پەرلەمانی عێراق هەتا موناقەشەی لەسەر بکرێت، بەڵکو لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی و ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان، ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە نەخشەی ڕێگە بۆ سەرکەوتنی وتووێژەکان.

ئەمەش نهێنی ئەو وەڵامەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانە کاتێك ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت پرسیاری لێدەکات، ئەگەر مالیکی بووەوە بە سەرۆك وەزیران چی دەکەیت؟ لەوەڵامدا سەرۆك بارزانی دەڵێت: ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنم، ئەوکات چی دەبێت، با ببێت.

ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی کە مالیکی و

**دوای داعش بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت، عێراق لە ژێر مەترسیی ملیشیاکانی حەشدی شەعبیدا بێت و لەدەرەوەی حکومەتی عێراق فەرمان لە ئێران وەربگرن، یان ئەو کەسانەی خۆیان بە وەکیلی ئێران دەزانن**

**عێراق ئەگەر وەک پێویست لەچوارچێوەی ئەو پرۆگرامەی بۆ دیاری دەکرێت، هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەوا نەک وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بەڵکو وەک دەوڵەتێکی بەهەمهێنەری توندڕۆیی مەزهەبگەرایی و سەرچاوەی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

**ئەگەر داعش کۆتایی بێت و هەوڵبدرێت پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕێکبخرێتەوە، ئەوا مالیکی نەک هەر لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو ئەگەر ژینگەی سیاسیی عێراق لەبار بێت، دەبێت لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش وەک تاوانباری جەنگ و دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێت**

**نوری مالیکی باش دەزانێت کە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شێوازی حوکمڕانی خراپی ئەو بە دروستکەری داعش و ئەو هەموو کارەسات و کاولکارییە دەزانن کە ئێستا لە عێراق ڕوودەدات**

**ئیدارەی ترەمپ بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی ئێران لەیەمەن کەشتییەکی جەنگی ناردۆتە بابولمەندەب و مانۆڕێکی هێزی دەریایی گەورەیش بە هاوکاری فەرەنسا و بەریتانیا و ئوسترالیا لە کەنداو ئەنجامدرا، هەمووشی پیشاندانی ماسوولکەی هێزە بەرامبەر ئێران**

**کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر تاقیکردنەوەی ڕۆکێتی بالیستی لەلایەن ئێرانەوە و سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئێراندا، ئەمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە دەوڵەتانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی هەموویان لەبەرەیەکدان لەگەڵ سیاسەتەکانی ترەمپ و ئێران بەتەنیا کەوتۆتە بەرەیەکەوە دژی سیاسەتەکانی ترەمپ**

ئەوانەشی شوێن مالیکی کەوتوون دەیانەوێت بیشێوێنن، یان مانای دیکەی بەبەردا بکەن، لە بنەڕەتدا یەك مانای هەیە، کە ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان عێراق و کوردستاندا لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ ئیمزا کراوە، دانپێدانانە بە ئەمری واقیعی کوردستان لە ڕووی (سەروەریی، سنوور، حوکمڕانی، سیاسەتی ئابووری). ڕاشکاوانەتر گریمان لە میانەی گفتوگۆکانی نێوان کوردستان و عێراق هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کوردستان و عێراق پێکەوە دوو دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی بن و بۆ ئەم یەکێتییە کۆنفیدڕاڵییەش پێویستە دەستوورێکی هاوبەش هەبێت، ئەوا بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، دەستووری بەشە عەرەبییەکەی عێراق چۆن دەینووسنەوە و چۆن دایدەڕێژنەوە ئەوە کێشەی کوردستان بێت، بەڵکو دەستووری کوردستان وەك ئەمری واقیع دەبێتە ئەو دەستوورەی بۆ پێوەندی تازەی عێراق و کوردستان دەنووسرێتەوە، ئەمە دروست وەك بەشداربوونی کوردستان وایە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، چۆن لە ساڵی ٢٠٠٣ پەرلەمان و حکومەت و تەواوی دامەزراوەکان و یاساکانی کوردستان بەفەرمی لەلایەن دەستووری عێراقەوە ئیعترافی پێکراو کوردستان نەبووە بەشێك لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی ڕووخاوی عێراق، ئەوا ئەمجارەش کوردستان بە ئەمری واقیعی ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لەگەڵ عێراق دەکەوێتە گفتوگۆ و هەموو ئەو دەسەڵاتانەی تا ئێستا لە چوارچێوەی سەروەریی هێز و سیاسەتی ئابووری و حوکمڕانی پیادەی کردووە، هەر هەمووی دەبێت دانی پێدابنرێت و ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن.

ئەم ئەمری واقیعە کە ئێستا بۆتە دیکۆمێنت و حکومەتی عێراق پێوەی پابەندە و بەشیی زۆری هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە پێی ڕازین و ئامادەن لەگەڵ کوردستان لەسەر ئەو ئەمری واقیعە کۆبوونەوە و وتوویژ بکەن، ئەوا ئەمە زۆر بە ڕاشکاوی مانای ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە وەك ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەت وایە و پەرلەمانی عێراق ناتوانێت ڕای خۆی لەسەر بەشەکەی کوردستان بدات، هەروەك چۆن پەرلەمانی کورستانیش ناتوانێت ڕای خۆی لەسەر بەشی عێراقی عەرەبی بڵێت.

لەسەرینی ئەم ڕاستییانەوە کە بوونە دیکۆمێنتی فەرمی و پڕۆتۆکۆلی، ئایا ئامانجی مالیکی لە قسەی ناماقووڵ و لێدوانی هەڕەشەئامێز بۆ کوردستان چییە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو ژینگەی سیاسی شەقامی شیعەو شۆڤێنیزمی عەرەبی شیعەو سوننە پێکەوە وەردەگیرێتەوە و دەیەوێت سوود لەو ژینگەیە وەربگرێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و پێگەی خۆی پێ بەهێز بکات، بەڵام مالیکی خۆی پێش هەموو لایەك دەزانیت کە ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان عێراق و کوردستان ئیمزا کراوە، لەتوانای حکومەتی عێراقدا نییە کە هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر حکومەتی عێراقیش لێی پاشگەز ببێتەوە، ئەمری واقیعی کوردستان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، هێندە نەبێت بەپێی ئەم ڕێککەوتنە میکانیزمی پرۆسەی سەربەخۆیی بە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی نێوان کوردستان و عێراق بەڕێوەدەچێت، ئەگەر عێراق پاشگەز ببێتەوە، ئەوا ئەو کۆبوونەوانە کۆتاییان دێت و ڕێگەی سەربەخۆیی نزیکتر دەبێتەوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا کە خۆی شاهیدی ڕێککەوتنەکەی نێوان عێراق و کوردستانە، ڕێز لە ئیرادەی کوردستان دەگرێت و شەرعییەتی سەربەخۆیی کوردستان قبووڵ دەکات و دانی پێدادەنێت.

**● ئەوانەی لە کوردستان بۆ مالیکی هەڵدەپەڕن بەنیازن چییان دەست بکەوێت؟**

کاتێك ستیفن هادلی ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەڵێت: سیستمی سیاسیی عێراق هێچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد نییە و دەبێت لە ڕیشەوە بگۆڕدرێت، ئەمە مانای ئەوەیە هەتا سیستمێکی نوێ بۆ عێراق دووبارە بونیاد دەنرێتەوە، دەبێت سیستمێکی کاتی هەبێت و جۆرێك لێکتێگەیشتنی لەگەڵدا دروست بکرێت و هەرێمی کوردستانیش کە هەر بەناو لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەشداری ماوە، دەبێت لەم تایبەتمەندییە بگات و موراعاتی سیستمە کاتییەکەی عێراق بکات.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری سیستمی سیاسیی عێراق بکەین، ڕاشکاوانە هەست بەوە دەکەین کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی لەو سیستمە کاتییە دەچێت کە جێگەی هەموو سیستمی سیاسیی عێراقی گرتۆتەوە، بەڵام ژینگەی

ئاڵۆزی ناو بەشە عەرەبییەکەی عێراق بە رادەیەك ئاڵۆزە، ئەگەر لەلایەن کوردستانەوە موراعاتی حکومەتەکەی عەبادی نەکرێت، لەوانەیە بەئاسانی ئەو حکومەت بڕووخێت، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك سەیری پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عەبادی دەکەین، دەبینین، کوردستان راشکاوانە ئامادەباشی دەربڕیوە پشتگیری حکومەتەکەی عەبادی بکات، لەهەمانکاتدا حکومەتەکەی عەبادیش بە راشکاوی رایگەیاندووە، بەغدا تەنیا لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێم رێکدەخاتەوە، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدان کە بەشداریی کوردستان لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق لە بەشدارییەکی کاراوە بۆتە بەشدارییەکی رەمزی، پەرلەمانی عێراق بۆتە ئەو شوێنەی کە بە ئاشکرا دژی کوردستان و پێشمەرگە یاسای تێدا پەسند دەکرێت، بەڵام نە ئەو یاسانەی لەپەرلەمانی عێراق دژی کوردستان و پێشمەرگە پەسند دەکرێن، کاریگەرییان لەسەر کوردستان و پێشمەرگە هەیە، نە کوردستانیش چاوەڕێی ئەوەیە لە رێگەی پەرلەمانی عێراقەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق رێکبخاتەوە.

ئەم هاوکێشە تازەیە لەدوای شەڕی داعش و لەچوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەی و عێراق و کوردستان پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەسەر ئاستی ئەو لایەنانەی کە خۆیان وەك دژی پرۆسەی سەربەخۆیی نیشان دەدەن، لێی تێناگەن و بەوجۆرە هاوکێشەکە دەخوێننەوە کە هێشتا پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق لە چوارچێوەی سیستمە کۆنەکەدایەو پێیانوایە بەغدا دەتوانێت ئاراستەی سیاسەتی کوردستان دیاری بکات، لەسەر ئاستی شەقامی سیاسیی شیعەش کە تا رادەیەك خۆیان بە براوەی شەڕی دژی داعش دەزانن، نەك هەر لەم هاوکێشە تازەیە تێناگەن، بەڵکو مەزندەی ئەوەش ناکەن کە ئێستا پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق هاوشێوەی نێوان دوو دەوڵەتە.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، ئەوانەی بە ئەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەب (سوننەو شیعە) بیردەکەنەوەو چاویان بەسەربەخۆیی کوردستاندا هەڵنایەت و ئەوانەشی لە کوردستان خوا سەری لێ تێکداون و دژی سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان دەهۆڵ بۆ مالیکی لێدەدەن، لەبەرەیەکدا یەکیان گرتووە و هەرچی پێیان کرابێت، دژی سەربەخۆیی و پێشمەرگەو کوردستان کردوویانەو خۆیان کردووە بە شایەری ناو کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی سەر بە نوری مالیکی و ئەوەی خراپ و ناشیرینە بە کوردستان و پێشمەرگەی دەڵێن.

بەڵام بێ ئاگایی و تێنگەیشتنیان لەم هاوکێشە تازەیە، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەو نهێنییە تێناگەن بۆچی هەرێمی کوردستان موراعاتی وەزعی حکومەتەکەی عەبادی دەکات، یان بەهەموو تێگەیشتن و قەناعەتی خۆیان دەیانەوێت خۆیان بەوجۆرە پیشانی خەڵکی کوردستان بدەن، بەوەی دەتوانن حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچاربکەن پابەندی ئەو یاسایانە بێت کە پەرلەمانی عێراق دەریان دەکات، لە کاتیکدا نە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی دەبێت و نە حکومەتی عەبادیش ئەو مافە بەخۆی دەدات قسەی زیاتر لەسەر ئەو یاسایە بکات، ئەو سەرلێتێکچووانەی کوردستان لەوە تێناگەن، ئەگەر پەرلەمانی عێراق یاسایەك دەربکات و لەبەرژەوەندی عەبادی بێت و کوردستان پێوەی پابەند بێت، ئەوە کوردستان زەرەردەکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لەژێر گوشاردا یاسایەك بۆ بەرژەوەندی کوردستان لەپەرلەمانی عێراقەوە دەربچێت، ئەوا حکومەتی عەبادی نەك هەر زەرەر دەکات، بەڵکو حکومەتەکەی دەڕووخێت.


کەواتە ئەم واقیعە تازەیەی سیاسەت لە نێوان کوردستان و عێراق، تەنیا ئەمری واقیعێکی لۆکاڵی نێوان حکومەتێکی هەرێم و دەوڵەتێکی فیدراڵی نییە، بەڵکو ئەمری واقیعی نێوان دوو دەوڵەتە کە راگەیاندنی پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار و پشتگیری نیودەوڵەتی و تێگەیشتنی زیاتر کارەکتەرە سیاسیەکانی عەرەبی عێراقی هەیە، لەم حاڵەتەشدا ئەوانەی لە کوردستان خۆیان بە دژی پرۆسەی سەربەخۆیی دەزانن و بەتەمان لە رێگەی مالیکییەوە ئەو خواستەیان بۆ بێتەدی، پێویستە بزانن کە مالیکی خۆی باش دەزانێت ئەوەی ئامانجیەتی جارێکی دیکە بۆی نایەتەدی و ئەوەشی پشتی بە مالیکی بەستووە، ئەگەر زوو بەئاگا نەیێتەوە، ئەوا هەم لە بەڵێنەکانی مالیکی دەستخەڕۆ دەبێت و هەمیش لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا جێگەی نابێتەوە.

**ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەست لە کاروباری عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو وەرنەدات، یان سعودیە هاوکاری سیسی نەکات بۆ رووخانی ئیخوان موسلمین و قەتەر و تورکیا پشتگیری ئیخوان موسلمین نەکەن، ئەوا جۆرێک لە هاوسەنگی و کۆنترۆڵکردنەوەی کێشەکان دەست پێدەکات**

**ئەم واقیعەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، لەلایەک هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان شیعەو سوننە، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵکشانی توندڕۆیی و ئیرهابی ئیسلامیی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەیە بەرامبەر یەکتری**

**کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئەم شێوازە تازەی حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقی) بکاتە مۆدێلێک بۆ حوکمڕانی لەو وڵاتانەی کە شیعەی تێدایە، ئەمەشی نەشاردۆتەوە و ناوی لێناوە (هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە)، دیارە مەبەستی لە هەناردەکردنی شۆڕشیش واتە رەتکردنەوەی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و کۆپیکردنەوەی سیستمی حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقی)، هەروەک چۆن ئێستا نفوزی ئێرانی لە عێراق و و و باشووری لوبنان و یەمەن بەو ئاراستەیە کاردەکات**

# دەوڵەتی مەزن پێویستیی بە سەرۆکێکە شایانی بێت



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بەگوێرەی دەنگوباسی هەفتەی ڕابردوو، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بەنیازە دروشمەکانی هەڵبژاردن لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکات، ئەویش لە ڕێی دەرکردنی ڕاستەوخۆی مەرسوم و بڕیارگەلی سەرۆکایەتی بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە پرسەکانی ڕێگەگرتن لە هاتنی هاوولاتیانی حەوت وڵاتی موسڵمان بۆ وڵاتەکەی، هاوکات توندکردنی ڕێوشوێن لەهەمبەر ئەوانەی داوای پەنابەریی دەکەن لەگەڵ ئاوارەکان بەتایبەتیش سوورییەکان، دیسان بەنیازە دیوارێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەمەریکا و مەکسیك دروست بکات، ئەمەش کاردانەوەی زۆری لە جیهاندا لێکەوتەوە، بەوەی کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا مرۆڤێکی ڕەگەزپەرستەو بەوە ناسراوە کە دژی موسڵمانان و بیانییانە، کار گەیشتە ئەوەی کە لەنێو خودی حزبەکەیدا ناڕەزایی سەرهەڵبدات و بەشێوەیەك کە ئەم هەڵسوکەوتە پەلبکێشێت بۆ دروستکردنی درزو لێکدابڕان لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، بۆیە ئەگەری ئەوەش هەیە لە داهاتوودا دەرگا لەبەردەم سەرهەڵدانی پشێوی و شەڕوشۆڕ والابکات، هەروەها ڕێگەش بۆ کردەوەی تیرۆریستیی زیاتر خۆش بکات.

لەپێناو پاراستنی ئاشتیی جیهانی و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و چەسپاندن و ڕێزگرتنی مافی چارەنووسی گەلان لە جیهان و خۆپاراستن لەشەڕوشۆڕ، پێویستە ئیدارەی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك دەوڵەتێکی مەزن هەڵەکانی ئیدارەی پێشوو ڕاستبکاتەوەو هاوسەنگیی بخاتە گۆڕەپانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باکوورو باشووری جیهانەوەو ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆی لە بەدیهێنانی بڕیارو ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بگێڕێت بەتایبەتیش لە دابینکردنی ئاشتی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هاوکات پارێزگاریکردن لە ژینگەو پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ گەلانی هەژار کە بە دەردی ڕەگەزپەرستی و ستەم و تۆقاندنەوە دەناڵێنن، هەروەها دانانی سنوورێك بۆ فراوانخوازیی ئێران لە رووی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچەکانی سووریاو عێراق و نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکیی مەزهەبی لە ناوچەکەدا.

ئەوەی پەیوەستە بە ئیدارەی تازەو سەرۆك ترەمپەوە کە گومانێکی زۆرو نیگەرانییەکی ئاشکرای ئاراستەدەکرێت سەبارەت بە هەڵوێستەکانی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ڕایگەیاندبوون دەرحەق کەمایەتییەکان و دراوسێ و ئافرەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چاکتر وایە ئەو، دوای سەرکەوتن و بوونی بە سەرۆك ڕەفتاری خۆی ڕاست بکاتەوەو

چاو بخشێنێتەوە بە هەموو راوبۆچوون و هەڵوێستە گوماناوییەکانیەوە کە بوونەتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی بەردەوامی ملیۆن کەسی، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە بەو هەڵوێستانەی گوزارشت لە کلتووری زۆرینەی ئەمەریکییەکان ناکات کە شانازی دەکەن بە دیموکراسیبوون و لیبرالیبوون و پابەندبوونیان بە ئازادییە گشتییەکان و بەیەکەوەژیانی نێوان هەموو پێکهاتە و رەگەزەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەوەتەی زیاتر لە دووسەد ساڵ.

هەروەکو زانراوە کە لەبەر ئەوەی ئیدارەی سەرۆکی پێشوو ئۆباما فێڵی لە سورییەکان کردو وازی لە پشتیوانیکردنی شۆڕشەکەیان هێنا لەپێناو دیموکراسی و رووخاندنی رژێم، هەروەها رێگەی لە خەڵکانی دیکەش گرت کە چەك بە شۆڕشگێڕان بدەن، تاکو بەلای کەم هاوسەنگییەك بێتەئاراوە لەگەڵ هێزەکانی رژێم و رووسیا و ئێران و میلیشیا تائیفییەکانی حزبوڵای لوبنانیی هاوپەیمانی رژێم، بۆیە پێویستە ئیدارەی ترەمپ ئەو گوناهەی، کە لەهەمبەر گەلی سووریا کردی، راست بکاتەوە و پشتیوانی و هاوکاری پێشکەش بە نەیارانی رژێمی ئەسەد و نوێنەرانی راستەقینەی گەلی سووریا بکات، تاکو ستەم کۆتایی بێت و ئاشتی و ئاوەدانی بۆ سووریا بگەڕێتەوە، هەروەها ئەو هاووڵاتییانەی ئاوارە بوونە بگەڕێنەوە ماڵ و حاڵی خۆیان و لەسایەی سووریایەکی تازەی دیموکراسی و فرەیی سەرجەم پێکهاتەکان ژیان بگوزەرێنن.

لێرەدا ئاماژە دەکرێت لە رووی ئەرکی مۆڕاڵییەوە کە دەوڵەتێکی مەزنی وەك ئەمەریکا کاتێ بایەخ بە پرسی ئاشتی و ئازادیی گەلان و مافی مرۆڤ دەدات لە جیهان، پێویستە لەسەریشی بەتایبەتی ئیدارە تازەکە دەبێت دەستپێشخەر بێت لە راستکردنەوەی کارە چەوتەکانی رووسیا پەیوەست بە پرسی سووریا و راگرتنی زێدەڕۆیی دوژمنکارانەی تاکڕەویی و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی کە لە ئاکامی هەڵسوکەوتە هەڵەکانی رژێمی پوتین وەك دەوڵەتێکی داگیرکەرو قین لە دڵ دژی ئیرادەی هاووڵاتیانی سووریا و شۆڕشەکەیان لەپێناو ئازادی و کەرامەت هاتۆتە ئاراوە، بەتایبەتیش کە بە ئاشکرا پشتیوانیی لە رژێمی سەرکوتکاری سووریا دەکات، تەنانەت خاوەن بەڵێنی خۆیشی نییە لە رووی راگرتنی شەڕ بەر لە ئەستانەو دواتریش.


ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەتوانێت شانبەشانی هێزەکانی ئاشتیخوازو ئازادیخوازی جیهان لەوانەش دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان، رۆڵی ئەرێنی بگێڕێت لە دیالۆگی نێوان سورییەکان و لە داهاتووشدا چارەسەری گونجاو پێشکەش بکات تایبەت بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری و مرۆیی و سیاسییەکان، نەخاسمە کێشەی کورد کە لەسەرەوەی هەموو کێشەکانەوە دێت، ئەم کێشەیە چارەسەربکات لەپێناو بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی، هەروەها مافە رەواکانیان بهێنێتە دی لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوودا، هاوکات دەتوانێت ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوبەش و خۆشەویستیی نێوان تاکەکان بچەسپێنێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسێی کوردی سووریادا بکات، دوور لە شێوازە ئەمنییەکان و پیادەکردنی هەڵوێستی هەلپەرستی و بەرژەوەندخوازیی کورتخایەن.

لە هەمان سۆنگەوە ئیدارەی تازەی ئەمەریکا دەتوانێت و تەنانەت ئەرکی ئەویشە کە هەوڵی جیددی بدات لەپێناو دۆزینەوەی رێگەچارەی ئاشتییانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران لەجیاتی واژۆکردنی رێکەوتننامەی ئەتۆمی و شتی دیکە لەگەڵ ئێراندا کە دژی پرسەکانی ئازادی دەوەستێتەوە لە ناوچەکەدا، وێڕای نانەوەی دووبەرەکیی مەزهەبی و ئیتنی، هەروەها دەتوانێت رۆڵی ئەرێنیی خۆی ببینێت لە گێڕانەوەی پڕۆسەی دیالۆگ و وتوێژی ئاشتیانەی نێوان تورك و کورد، ئەویش بە فشارخستنە سەر حکومەتی ئیسلامی فەرمانڕەوا لە تورکیا، هەروەها فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق تاکو پابەندبێت بە دەستوورو دەست لە ئابڵوقەی سەر هەرێمی کوردستان هەڵبگرێت و پێکهاتەی سوننە نەچەوسێنێتەوەو مل بنێت بۆ پڕۆسەی ئاشتییانەی دیموکراسی.

**لە پێناو پاراستنی ئاشتیی جیهانی و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و ڕێزگرتنی مافی چارەنووسی گەلان لە جیهان، پێویستە ئیدارەی تازەی ئەمەریکا هەڵەکانی ئیدارەی پێشوو راستبکاتەوەو هاوسەنگیی بخاتە گۆڕەپانی رۆژهەڵات و رۆژئاواو باکوورو باشووری جیهانەوە**

**ئیدارەی سەرۆک ترەمپ دەتوانێت شانبەشانی هێزەکانی ئاشتیخوازو ئازادیخوازی جیهان رۆڵی ئەرێنی بگێڕێت لە دیالۆگی نێوان سوورییەکان و لە داهاتووشدا چارەسەری گونجاو پێشکەش بکات تایبەت بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری و مرۆیی و سیاسییەکان**

**دەوڵەتێکی مەزنی وەک ئەمەریکا کاتێ بایەخ بە پرسی ئاشتی و ئازادیی گەلان و مافی مرۆڤ دەدات لە جیهان، پێویستە لەسەریشی بەتایبەتی ئیدارە تازەکە دەبێت دەستپێشخەر بێت لە راستکردنەوەی کارە چەوتەکانی رووسیا پەیوەست بە پرسی سووریا**




بابەکر زێباری سوپاسالاری پێشووی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر پەکەکە ڕێگری نەکردایە دەمانتوانی ٤٣٠٠ هاووڵاتی ئێزیدی لە کۆچۆ ڕزگار بکەین

# نوری مالیکی پێی گوتین داعش موسڵ داگیر بکات لەوە باشترە پێشمەرگە بەرگری لێبکات

# ویستمان هاوکاریی تەلەعفەر بکەین و داعش داگیری نەکات، بەڵام نوری مالیکی ئامادەنەبوو

**بابەکر زێباری ماوەی زیاتر لە ١١ ساڵ سوپاسالاری سوپای عێراق بووە و ئاگاداری هەموو ئەو رووداوانەیە کە بەسەر سوپای عێراق هاتوون، هەروەها ئاگاداری ئەو هەڕەشانەشە کە لەسەردەمی نوری مالیکی سوپا لە کوردستانی کردوون، سوپاسالاری عێراق لەسەر وەختی دەرکەوتنی داعش و پێش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە کاراکتەرێکی چالاك بووە لەنێوان کوردستان و عێراق و هەوڵیداوە پەیامی سەرۆك بارزانی بگەیەنێتە نوری مالیکی بۆ ئەوەی پێشمەرگە پارێزگاری لە موسڵ بکات و نەکەوێتە دەستی داعش، بەڵام نوری مالیکی هاوکاری و ئامادەباشی پێشمەرگەی رەتکردۆتەوە، هەروەها سوپاسالاری عێراق لەکاتی هێرشی داعش بۆ کوردستان و ئەو کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، دیسان کاراکتەرێکی چالاك بووە و هەوڵیداوە لەرێگەی هێزەکانی ئەمریکاوە زیاتر لە ٤٣٠٠ کوردی ئێزیدی کە لەگوندی کۆچۆ گەمارۆ درابوون ئازاد بکات، بەڵام پەکەکە بۆتە رێگر و نەتوانراوە ئەو پرۆسە سەربازیە ئەنجامبدرێت و ئەو خەڵکە ئازاد بکرێن و پاشانیش لەلایەن داعشەوە کۆمەڵکوژ کران، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و ئایندەی کوردستان، ئەم دیدارە تایبەتەمان لە دهۆك لەگەڵ بەڕێز بابەکر زێباری پێشمەرگەی دێرین و سوپاسالاری پێشووی سوپای عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان چۆن دەبینن؟**

- بارودۆخی کوردستان وەك ئەو دەرفەتانەی کە بۆمان هاتۆتەپێشەوە زۆر باشە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ هەندێك کێشە هەن کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو دەرفەتانە دروست دەکات. ئێمە وەك سەربازو پێشمەرگە فەرمانی سیاسییەکان جێبەجێ دەکەین، بۆیە ئەگەر بارودۆخی سیاسی چارەسەر بکرێت و حزبەکان لەگەڵ یەکتری رێکبکەون، باشتر دەتوانین سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین کە لەم بارودۆخەدا دروست بوون.

*** باستان لە دەرفەت کرد، ئایا مەبەستتان لەو دەرفەتانە چین کە ئێستا دەکرێت سوودیان لێوەربگرین؟**

- لە مێژووی کوردستان و هەر لەسەرەتای فەتحی ئیسلامییەوە ئێمە بە درێژایی ئیمپراتۆرییەکانی ئەمەوی و عەباسی و تا دەگاتە عوسمانییەکان و پاش ئەویش کە لە چوارچێوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆ کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، کورد هەر چەوسێندراوەتەوە و مافی پێشێل کراوە و لەبەرامبەریشدا کورد قبووڵی نەکردووە و شۆڕش و بەرخودانی ئەنجامداوە، بەڵام جیا لەوەی کە داگیرکارانی کوردستان بە دڕندەترین شێوە هەوڵیانداوە شۆڕش و بەرخودانەکانی کوردستان سەرکوت بکەن، لە هەمانکاتدا سیاسەتی نێودەوڵەتیش لە ئاستی ئەو غەدرو زوڵمەی لە کورد دەکرا، بێدەنگ بوو،

**سەرۆک بارزانی کاتێک سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، دانپێدانانی نێودەوڵەتیش مسۆگەر دەکات، ئەگەر دانپێدانی نێودەڵەتیشمان مسۆگەر کرد، ئەوکات وەک دەوڵەت ئەوەی پێویستمان بێت لە چەک بۆ پارێزگاریکردن دەستمان دەکەوێت**

**پێش ئەوەی موسڵ بکەوێت جەنابی سەرۆک بارزانی پێی راگەیاندین کە ١٠-١٢ لیوای هاوبەشی مەشقپێکراوی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە هەن و ئامادەین هاوکاریتان بکەین بۆ ئەوەی موسڵ نەکەوێت**

**ئەم ناو و ناوبانگەی کوردستان وەک گەلێک کە حەز بە ئاوادانکردنەوەو پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەکات، دەرفەتێکی گرنگی بۆ رەخساندووین و دەبێت سوودی لێوەربگرین**

هەتا کار گەیشتە ئەوەی حکومەتی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو چەکی کیمیاویی لەدژی کورد بەکار هێناو شارێکی وەك هەڵەبجەی بە چەکی کیماوی بۆردمان کرد، ئەم کارەساتە هێندە دڕندانە بوو، هەموو جیهانی هەژاند، ئەمەش بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی جیهان بزانێت چ زوڵمێك لە کورد دەکرێت. دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و راپەڕینی گەلی کوردستان و پاشانیش هەوڵەکانی حکومەتی بەعس بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی کۆڕەوی ملیۆنی لە کوردستان دەست پێبکات، ئەم کۆڕەوەش بە رێگەی چاوی کامێرەکان دووبارە جیهانی هەژاندو بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەنگ کوردەوە بێت و نەوایەکی ئارام بۆ کورد دابین بکات. لێرەوە کورد توانی جۆرێك لە حوکمڕانیی خۆی پیادە بکات و هەوڵبدات قەوارەیەك بۆخۆی دابمەزرێنێت، کە ئەم قەوارەیە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣ بووە بەشێك لە سیستمی فیدراڵیی عێراق، بەڵام لە ٢٠١٤ داعش هات و هەوڵیدا کوردستان داگیربکات، بەڵام قوربانیدان و قارەمانیەتی پێشمەرگە توانی ئەمە بکات بە دەرفەتێك کە ئێستا ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرین.

*** باسی سەرهەڵدانی داعشت کرد، دیارە داعش کە هێرشی کردە سەر کوردستان کارەساتێکی گەورەی لەدژی کوردی ئێزیدی بەرپاکرد، بەپێی هەندێك سەرچاوەی زانیاری دەکرا ئەو قوربانییانەی کوردی ئێزدی بەتایبەتی لە گوندی کۆچۆ رێگەی پێ بگیرێت و نەهێڵرێت رووبدات، بۆچی نەتانتوانی ئەو کارە بکەن؟**

- پێش هەموو شت دەبێت ئەو راستییە بڵێین، سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی موسڵ، تەنیا دەرکەوتنی گرووپێکی تیرۆریستی نەبوو، بەڵکو دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بوو، ئەم دەوڵەتە چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازیی پێنج فیرقەی سوپای عێراقی دەستکەوتبوو، ئەمەش واتە خاوەنی چەکێکی هێجگار زۆری پێشکەوتوو، لەبەرامبەردا هێزی پێشمەرگە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کەمی چەکی کۆن بوو، بۆیە کە داعش موسڵی گرت، بەرنامەی کوردستان ئەوە بوو کە خۆی نەکاتە لایەنێك لەم شەڕە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار یەکەمیان دەرکەوتنی داعش دەرهاویشتەی شەڕی نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بوو، لە هەمانکاتیشدا چەکی دەستی پێشمەرگەش کەم و کۆن بوو، بۆیە هەوڵدرا خۆمان لەو شەڕە بپارێزین، بەڵام دیار بوو تیرۆریستانی داعش دوای سەرکەوتنەکانیان لە موسڵ و پاشانیش لە تکریت و دیالە، غرووری کردن و پەلاماری کوردستانیشیان دا، لەو بەرە فراوانەی داعش هێرشی تێدا ئەنجامدا، لە هەموویاندا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لە قوڵی شنگالەوە توانییان شنگال بگرن، گرتنی شنگالیش هۆکاری خۆی هەبوو، جیالەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد کە هێزی پێشمەرگە چەکی پێویستی لەبەردەست نەبوو، لە هەمانکاتدا جوگرافیای شنگال لە کوردستان دابڕابوو، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە عەرەبانەی دەکەونە نێوان شنگال و هەرێمی کوردستانەوە هەموویان خیانەتیان لە کورد کرد و پێوەندییان بە داعشەوە کردو لەناو ماڵی خۆیانەوە تەقەیان لەپێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە پێشڕەویی داعش لەو ناوچانە سەرکەوتوو بێت. سەبارەت بە مەسەلەی گوندی کۆچۆ کە زیاتر لە ٤٣٠٠ کوردی ئێزدی تێدابوو، توانیبوویان مقاوەمەت بکەن، بەڵام داعش چوار دەوری گوندەکەی گرتبوو، بۆ بە فریاکەوتنی خەڵکی کۆچۆ، ئەوە بوو محەمەد خەلیل پێوەندی پێوەکردم، ئەگەر بتوانرێت لە هەندێك خاڵی هێزەکانی داعش بدرێت بە هاوکاریی ئەمریکییەکان، ئەوا گەمارۆکە دەشکێت و خەڵکەکەی دەتوانن دەربچن و رزگاریان بێت، بۆ ئەم مەبەستە من چووم لەگەڵ یەکێك لە فەرماندەکانی ئەمریکا کۆبوومەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گەمارۆیە بپشکێنین، پاش ئەوەی کێوماڵی ناوچەکەکە کرا، دەرکەوت کە تەنیا شوێن بۆ دەربازبوون ئەوەیە بەناو شنگالدا بڕۆن، دیارە شنگالیش هێزەکانی داعشی لێ بوو، بۆیە ئەمەمان بۆ نەکرا، دوای ئەمە جارێکی دیکە لەگەڵ ئەمریکییەکان کۆبوومەوە و داوام لێکردن هەرچۆنێك بێت دەبێت چارەسەرێك بۆ کۆچۆ بدۆزینەوە، سەرەنجام گەیشتینە ئەوەی کە بە رێگەی فڕۆکە هێزێك لەناو کۆچۆ دابەزێت و بە فڕۆکە دانیشتووانی کۆچۆ رزگار بکەین، لەسەر ئەم پرسە بەرپرسانی ئەمریکا پێیان گوتم دەبێت دانیشتووانی کۆچۆ ئامادەبن ماڵ و

سامانی خۆیان بەجێبهێڵن و بە ڕێگەی فڕۆکە بیانگوێزینەوە، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەڕێز کاك مسرور بارزانی قسەم کرد، ئەو پێی ڕاگەیاندم، هەتا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا خۆشیان نەتوانن لە ئاسمانەوە دابەزنە ناو کۆچۆ، ئەوا ئێمە هێزی خۆمان دەنێرین، بەس ئەوان هاوکاریمان بکەن، یان ئێمەش لەگەڵیان دەچین بۆ ئەوەی خەڵکی کۆچۆ ڕزگار بکەین، بۆ ئەمەش بەرنامەکە بەو جۆرە بوو کە ئەو تیمە بچنە چیای شنگال و لەوێ کێومالّی ناوچەکە بکەن و کاتژمێری سفر دیاری بکەن بۆ ئەوەی لە کۆچۆ دابەزن و بە فڕۆکە خەڵکە بگوازنەوە بۆ سحێلا، کە ئەم تیمە چوونە سەر چیای شنگال، لەوێ چەکدارانی پەکەکە هەڵیان کوتابووە سەریان و بەردبارانیان کردبوون و ئەگەر ئەو پێشمەرگە و خەڵکەی لەسەر چیای شنگال نەبوونایە، لەوانەبوو ئەو تیمە بکوژن، بۆیە تیمەکە گەڕانەوەو هاتنە لام و پێیان گوتم، تۆ ئێمەت نارد بچین خەڵك ڕزگار بکەین، بەڵام کۆمەڵێك تیرۆریست لە چیای شنگالن، خەریك بوو ئێمەش بکوژن، بۆیە بۆ مێژوو دەیڵێم، ئەوەی لە کۆچۆ ڕوویدا، دەکرا خەڵکەکەی ئازاد بکرێت، بەڵام کە ئەو هەموو خەڵکە بوونە قوربانی هۆکارەکەی ئەوە بوو پەکەکە لێ نەگەڕا ئەو خەڵکە ئازاد بکەین.

*** بەڵام پەکەکە دەڵێت ئێمە بەرگریمان لە شنگال کردووەو شەهیدمان داوە و قوربانیمان داوە، ئایا لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- پەکەکە بەرگرییان کردووە، دەستیان خۆش بێت و جێگەی تەقدیرەو کوردن و بە ئەرکی خۆیان هەستاون، بەڵام با بپرسین پەکەکە لەکوێ شەڕی کردووە؟ ئایا لەناو شنگال، یان دوای ئەوەی شنگال گیراوە، ئەوانیش لەگەڵ ئەو هێز و پێشمەرگانەی دیکە لەسەر چیای شنگال بوون و دواتر پاش ئەوەی چیای شنگال ئازادکراوە لەگەڵ پێشمەرگە هاتوون.

*** کەواتە ئێستا چی دەکەن لە شنگال و بۆ ناکشێنەوە بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی شنگال و گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی؟**

- پەکەکە بۆ ئاژاوەگێڕی و پشێوی نانەوە لە شنگال ماوەتەوە، ئێستا ئەوان دەڵێن ئێمە لەسەر داوای حکومەتی عێراق هاتووینە شنگال و بارەگاکانیشمان لەناو فەرمانگەکانی حکومەتەو کەی حکومەتی عێراق داوامان لێبکات، دەکشێینەوە، لەو کاتەوەش کە لە شنگالن بوونەتە سەرچاوەی نیگەرانی و نائارامی بۆ خەڵکی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن پەکەکە بەزۆر کوڕ و کچ دەکاتە چەکداری خۆی، ئەمەش لەلایەن کوردی ئێزیدییەوە قورسە و قبووڵ ناکرێت، هەروەها پەکەکە هەموو ئەو عەرەبانەی کردووەتە چەکداری خۆی کە هاوکاری داعشیان کردووە، یان لەگەڵ داعش بوون و ئازاری خەڵکی ئێزیدی و عەرەبی ناوچەکەیان داوە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی ئەو ناوچەیە مێوانی من بوو، بە ڕاشکاوی پێی گوتم ئەو عەرەبانەی ئێستا پەکەکە کردوونی بە چەکداری خۆی، هەر هەموویان ئەوانەن کە هاوکاری داعشیان کردووە و من وەك عەرەبێك هەر یەکێك لەو عەرەبانەم دەست بکەوێت، دەیانکوژم، لەبەر ئەوەی ئەوانە زوڵمیان لە ئێمەش کردووە و ئازاری ئێمەشیان داوە. جیا لەم دەرهاویشتە خراپانە، بوونی پەکەکە لە شنگال، بیانوویەکی بەلاش دەداتە تورکیا بۆ ئەوەی دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستان بکات، ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ پەکەکە زۆرە، زۆر جاری دیکە هەوڵمانداوە لەگەڵ پەکەکە کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و تووشی شەڕ نەبین، بەڵام ئەوان هاتوون پەلاماری ئێمەیان داوەو شەڕەکەیان دروستکردووە.

*** بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بکات و پەکەکە بەبێ شەڕ بکشێتەوە، ئایا ئەوە ڕوو دەدات؟**

- بەپێی ئەو ئەزموونەی کە من هەمە، پەکەکە بە ئاشتی ناکشێتەوە.

*** ئەگەر وەك فەرماندەیەکی سەربازی چارەسەری ئەم کێشەیەت پێبسپێردرێت، چۆن چارەسەری دەکەیت؟**

- من کەسێکی سەربازیم و فەرمان جێبەجێ دەکەم، بەڵام ئەم کێشەیە سیاسییەو پێویستی بە بڕیاری سیاسییە، بڕیارەکەش لای سەرۆك بارزانی-یە، ئەو نایەوێت شەڕ لەنێوان کورد و کورد دروست بێت، بۆیە ئێستا خەریکە لەگەڵ عێراق و ئەمریکا ڕێگەچارەیەك دۆزنەوە. ئێستا حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق داوادەکات پەکەکە شنگال چۆڵ بکات و نابێت پەکەکە دەستتێوەردان بکات.

**راستە ئێمە لە کۆریای باشوور و ژاپۆن و ئەڵمانیا هێزی سەربازیمان هەیە، بەڵام لەگەڵ حکومەتەکان هاوپەیمانیمان هەیەو گەلەکانی دوژمنمان، بەڵام لەگەڵ کوردستان هەم لەگەڵ حکومەتەکەی هاوپەیمانین و هەم گەلەکەشی دۆستمانە و گەلی ئەمریکای خۆش دەوێت**

**جیمیس ماتیس بە هەڵۆکان ناسراوە و بەرامبەر ئێران هەڵوێستی زۆر توندە، بەرامبەر بە داعش و قاعیدە بڕیاری بوێرانە دەدات، سەبارەت بە پێشمەرگە و کوردستانیش دەیگوت: سوپای ئەمریکا گەیشتە قەناعەت کە ئێمە دۆستێکمان هەبێت کوردە**

**جیمیس ماتیس کە ئێستا وەزیری بەرگری ئیدارەی دۆناڵد ترامپە کارم لەگەڵ کردووەو زۆر دۆستمان بووە، ئەو فەرماندەی ناوچەی ناوەڕاست بوو لەناو هێزی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک ئۆباما لەسەر پرسی ئێران تێکچوون**

**لە ٢٠٠٤ کاتێک خەریک بوو موسڵ بکەویتە دەستی قاعیدە، هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاتر لەموسڵ مایەوە و نەیهێشت موسڵ بکەوێت**

**راستە من سوپاسالاری عێراق بووم، بەڵام من هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو، چەندین جار لەسەر ئەم پرسە من دەست لەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش کردووە**

**ئێستا حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوادەکات پەکەکە شنگال چۆڵ بکات و نابێت پەکەکە دەستتێوەردان بکات، بەڵام هەندێک گرووپی هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەوانەی لەچەند رۆژی رابردوو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆمبباران کرد، لەگەڵ پەکەکە هەماهەنگییان هەیە**

*** تۆ خۆت سوپاسالاری عێراق بوویت، بەڵام ئاماژەشت بەوە کرد کە داعش هێرشی کردە سەر کوردستان لە ٢٠١٤ ، پێشمەرگە چەکی نەبوو، بۆچی چەکتان بۆ پێشمەرگە دابین نەکردبوو؟**

- راستە من سوپاسالاری عێراق بووم، بەڵام من هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو، چەندین جار لەسەر ئەم پرسە من دەست لەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش کردووە، بەڵام لەسەر داوای سەرۆك بارزانی گەڕاومەتەوە، ئەوجا نەك هەر بۆ مەسەلەی چەك، من چەندین جاریش کە بودجەی سوپا دەهات، داوام دەکرد بودجەی پێشمەرگەش بخرێتە ناو بودجەی سوپاوە، بەڵام ئەوان نەیاندەکرد.

*** تۆ وەك سوپاسالار پێوەندیت لەگەڵ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق هەبووە کە ئەو کات نوری مالیکی بوو، لەو ماوەیە مالیکی هێزی دیجلەی دروستکرد و ویستی هێرش بۆ خانەقین بکات و داگیری بکات، چۆن رووبەڕووی ئەو کێشەیە بوونەوە؟**

- من قەت هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ نوری مالیکی نەبووە، بەپێچەوانەوە، من کەسێکی سەربازیم و نەریتی سەربازی دەزانم، بۆیە هەمووکات زۆر رێزی فەرماندەی خۆمم گرتووە، قەتیش فەرمانەکانی ئەوم پشتگوێ نەخستووە، هەر بۆ نموونە لەسەر کێشەی خانەقین لە نێوان سوپا و هێزی پێشمەرگە، ئەم کێشەیە گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێکدادان لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە رووبدات، ئەوکاتەی ئەم کێشەیە روویدا، مانگی رەمەزان بوو، من لەگەڵ وەزیری بەرگری پێشنیاری ئەوەم کرد، بچمە خانەقین و هەوڵبدەم ئەم کێشەیە چارەسەربکەم، بۆ ئەمەش چەند فەرماندەیەکم لەگەڵ خۆم برد، لەوانە (فەرماندەی هێزی وشکانی، پارێزگاری دیالە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیالە، فەرماندەی فیرقەی دیالە) ئەم فەرماندانەم لەگەڵ خۆم بردو چوومە خانەقین و مەلابەختیار-یش لە خانەقین بوو، هەستمکرد لە ناو خانەقین هیچ کێشەیەك نییە، پاشان باسی ئەوەمان کرد بۆچی رێگری لە سوپای عێراق کراوە بێتە ناو خانەقین، هەر لەوێ فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیالە گوتی ٣ سریە سەرباز لەناو خانەقینن و پێشمەرگە ئێواران شیرینی و میوەیان بۆ دەنێرێت، عەبدولکەریم خەلەف کە بەڕێوەبەری جوولەی ناوخۆیی هێزەکان بوو، لەوێ پێی گوتم باشە گەورەم بۆ هێزی سەربازی لەناو خانەقین بێت، بۆ پاراستنی شارەکە بە پۆلیس نەسپێردرێت؟ ئەوە بوو رێککەوتین کە خانەقین تەسلیمی پۆلیس بکرێت و سوپا و پێشمەرگە بکشێنەوە، بەمەش کێشەکە کۆتایی هات، کاتێك لە خانەقین گەڕامەوە، بۆ رۆژی دواتر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بوو، نوری مالیکی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی دەکرد، لە کۆبوونەوکە رووی تێکردم و پرسیاری کرد: پێری سەردانی خانەقینت کردبوو؟ منیش گوتم چووم کارێکی باشم کردووەو کارێکی خراپم نەکردووە، کە چوومە ئەوێ هەستم کرد هیچ کێشەیەك لە خانەقین نییە، بەڵکو دەیانویست کێشە دروست بکەن، بۆیە بڕیارماندا سوپا و پێشمەرگە بکشێنەوە بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەی هیچ قسەی نەکرد، بەڵام هەستمکرد کارەکەی منی پێ باش نەبوو، ئەو حەزی دەکرد شەڕ دروست بێت.

*** ئایا پرسی دیکە هەبووە کە مالیکی و دارو دەستەکەی هەوڵیاندابێت کێشە لەگەڵ کوردستان دروست بکەن و تۆ رێگەت نەدابێت؟**

- رۆژێك بە رێکەوت راپۆرتێکیان هێنا بۆ من، ئەوان کەمتر راپۆرتیان بۆ من دەهێنا، کە خوێندمەوە سەیرم کرد، راپۆرتێکی فەرماندەی هێزەکانی وشکانییە بۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی نووسیوە. راپۆرتەکە سەبارەت بە سەردانێکیان بوو بۆ پارێزگای نەینەوا بۆ ئەوەی بچنە سەر پردی فیشخاپور، نووسیبوویان: ئێمە لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران ئەم سەردانەمان کرد، بۆ ئەم مەبەستە پێوەندیمان بە فەریق شیروان و لیوا جەبار یاوەر کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵمان بێن، بەڵام پێیان گوتین تا فەرمان وەرنەگرین، ناتوانین لەگەڵتان بێین، پاشان چووینە دهۆك و دواتر چووینە زاخۆ و پاشان چووین بۆ فیشخاپور، بەڵام فەریق شیروان و جەبار یاوەر ئێمەیان دواخست بۆ ئەوەی تا ئێمە دەچین پردەکە تەواو پەکی بکەوێت و چاك نەکرێتەوە، هەروەها نووسیویانە زانیاریی دروستمان بەدەست گەیشتووە کە کوردانی سووریا دەستیان بەسەر ١٠ تانکدا گرتووە و دەیانەوێت بە دیاری بیدەنە مسعود بارزانی، لەسەر ئەم بابەتە من تەلەفۆنم بۆ فەریق شیروان کرد، ئەو وەڵامی دامەوەو گوتی ئێمە نەچووین، ئەوان گوتوویانە دەچین سەردانی

پاسەوانانی سنوور دەکەین، ئێمەش پێمان گوتوون عەمید جەلیل عەلۆ لەوێیە و نوێنەری ئێمەیە با لەگەڵتان بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو زانیارییانەی بۆ مالیکییان نووسیوە، زانیاری هەڵە بوون و راست نەبوون. من بە نوری مالیکیم گوت: عەلی غێدان و عەبود قەنبەر نەچوونەتە فیشخاپوور، بەڵکو فەرماندەی لیواکە چووەو ئەوان ئەم راپۆرتەیان بە درۆ بۆ تۆ نووسیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رێگەی فیشخاپور بە باشووری دهۆکدا تێدەپەڕێت و ناچێتە زاخۆ، پاشان ئەو پردەی باسی دەکەن لەساڵی ٢٠٠٣ کە سەدام هێشتا لە حکوم بوو، لافاو پردەکەی بردبوو، ئەو پردە چاکیش نابێتەوە، پاشان دەڵێن، کوردانی سووریا ١٠ تانکیان گرتووە و دەیانەوێت بەدیاری بیدەن بە مسعود بارزانی، سەبارەت بەمەش سوپای سووریا بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیەدە کشاوەتەوە و هیچ شتێکی بەجێنەهشێتووە، پاشان بابڵێین ئەو ١٠ تانکەش راستە، باشە بەکوێدا دەیهێنن بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی پردەکە نییە، تەنیا رێگە رەبیعەیە، کە هێزەکانی سوپای عێراق لەوێن، ئیتر بۆچی ئەم زانیارییە هەڵانە بۆ تۆ بەرزدەکەنەوە؟

*** باشە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ کاتێك ٥ فیرقەی سوپای عێراق تەسلیمی داعش بوو، ئەو کات تۆ لە بەغدا بووی، ئایا هۆکاری چی بوو ٥ فیرقەی سوپای عێراق بەرگری نەکرد؟**

- بۆ هۆکاری ئەم کارەساتە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ رووداوەکانی پێشتر، ئاشکرایە پێشتر کۆمەڵێك مانگرتووی عەرەبی سوننە هەبوون لەحەویجەو ئەنبار داوای خزمەتگوزارییان دەکرد، سەرەتا مالیکی هێزێکی نارد بۆ ئەوەی بڵاوە بە مانگرتووەکانی حەویجە بکات، ئەوە بوو لەو هەڵمەتە ٧٢ کەس کوژران و مانگرتنەکە بڵاوەی پێکرا، دواتر دوای کرد هەمان هەڵمەت بۆ ئەنباریش دەست پێبکات، ئەوکات من لە کۆبوونەوەکە گوتم، بۆ ئەنبار پەلە مەکەن، ئەنبار مارینزی ئەمریکی تیدا ون بووە، زیانێکی زۆر دەکەین، بەڵام مالیکی هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی هەڵمەت بەرێت، من پێم گوت، چارەسەری دیکە هەیە، وتیان چییە، وتم ناوچەیەك تەلەبەند دەکەین بۆ مانگرتووەکان ئەوەی چووە ناو تەلبەندەکە دەیپشکێنین و هاتە دەرەوە دەیپشکێنین، بۆیە رێگە نادەین تیرۆریستان بچنە ناو مانگرتووەکان بەڵام مالیکی فەرمانی بەهێزەکەی دا کە بچن هێرش بکەنە سەر ئەنبار، بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە ٧٦ فەوجی سەربازی بەشداری پێکرا ، کاتیك ئەم هێزە لە ئەنبار هێنرایە دەرەوە، ببووە نیوە، ئەمەش وایکرد کە حاڵەتی سوپای عێراق بکەویتە خراپترین حاڵەتەوە، هەموو عەرەبی سوننەی کرد بە دژی سوپای عێراق ، ئێمەش هیچ یەدەگێکمان نەمابوو، بۆ ئەوەی ئەگەر لە شوێنێك رووداوێك روویدا، بە دەنگیەوە بچین. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەوە رێککەوتبووین کە سوپای عێراق هەتا ساڵی ٢٠٢٠ ئەوجا دەبێتە ئەو سوپایەی کە بتوانێت خۆی رابگرێت، بەڵام ئەوە بوو لە ٢٠١١ خۆیان داوایان کرد هێزەکانی ئەمریکا بکشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا سوپا دروست نەببووەوە کە عێراقیان بەجێهێشت.

*** ئەی کاتێك مەزندەی ئەوە کرا مەترسی لەسەر موسڵە، ئایا لە هەرێمی کوردستانەوە ئاگادار کرانەوە بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەن هەتا موسڵ نەکەوێت؟**

- پێش ئەوەی موسڵ بکەوێت جەنابی سەرۆك بارزانی پێی راگەیاندین کە ١٠-١٢ لیوای هاوبەشی مەشقپێکراوی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە هەن و ئامادەین هاوکاریتان بکەین بۆ ئەوەی موسڵ نەکەوێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخی موسڵ ترسناکە، هەروەها پێی راگەیاندین ئەگەر موسڵ بکەوێت بۆ هەرێمی کوردستان دەبێتە جێگەی مەترسی، دیارە هێزی پێشمەرگە ئەزموونی پێشتری هەبووە، لەبەر ئەوەی لە ٢٠٠٤ کاتێك خەریك بوو موسڵ بکەویتە دەستی قاعیدە، هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاتر لەموسڵ مایەوە و نەیهێشت موسڵ بکەوێت، بۆیە دوای لێکردم بە مالیکی بڵێم، منیش تەلەفۆنم بۆ سەعدون دلێمی کرد و پیم راگەیاند کە بە مالیکی بڵێت کە بەڕێز مسعود بارزانی ئەمەی پێشنیار کردووە، بۆیە ئەگەر مالیکی پێی خۆشە، ئێمە پێشمەرگە دەنێرینە موسڵ، یان پێشمەرگە دەنێرینە شوێنێکی دیکە بۆ ئەوەی هێزێکی دیکە بهێنرێت بۆ موسڵ، کە سەعدون دلێمی هاتەوە، وتم مالیکی چی دەڵێت؟ وتی ئەو پیاوە ئەقڵی لەدەست داوە و دەڵێت موسڵ بکەوێتە دەست داعش لەوە باشترە پێشمەرگە بچێتە ناو موسڵەوە.

**ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ یەکەکە زۆرە، زۆر جاری دیکە هەوڵمانداوە لەگەڵ یەکەکە کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و تووشی شەڕ نەبین، بەڵام ئەوان هاتوون پەلاماری ئێمەیان داوەو شەڕەکەیان دروستکردووە**

**یەکەکە هەموو ئەو عەرەبانەی کردووەتە چەکداری خۆی کە هاوکاری داعشیان کردووە، یان لەگەڵ داعش بوون و ئازاری خەڵکی ئێزیدی و عەرەبی ناوچەکەیان داوە**

**یەکەکە بۆ ئاژاوەگێری و پشێوی نانەوە لە شنگال ماوەتەوە، ئێستا ئەوان دەڵێن ئێمە لەسەر داوای حکومەتی عێراق هاتووینە شنگال و بارەگاکانیشمان لەناو فەرمانگەکانی حکومەتەوە کەی حکومەتی عێراق داوامان لێبکات، دەکشێینەوە**

> **بۆ مێژوو دەیڵێم، ئەوەی لە کۆچۆ روویدا، دەکرا خەڵکەکەی ئازاد بکرێت، بەڵام کە ئەو هەموو خەڵکە بوونە قوربانی هۆکارەکەی ئەوە بوو پەکەکە لێ نەگەڕا ئەو خەڵکە ئازاد بکەین**

> **ئەو گوندە عەرەبانەی دەکەونە نێوان شنگال و هەرێمی کوردستانەوە هەموویان خیانەتیان لە کورد کرد و پێوەندییان بە داعشەوە کردو لەناو ماڵی خۆیانەوە تەقەیان لە پێشمەرگەوە خەڵکی ناوچەکە کرد**

> **لە ٢٠١٤ داعش هات و هەوڵیدا کوردستان داگیربکات، بەڵام قوربانیدان و قارەمانیەتی پێشمەرگە توانی ئەمە بکات بە دەرفەتێک کە ئێستا ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرین**

*** ئەی کە موسڵ کەوت، ئەوکات مالیکی چی دەگوت؟**

- مالیکی عەلی غیدان و عەبود قەنبەری نارد بۆ موسڵ بۆ ئەوەی چارەسەرێك بدۆزنەوە، بەڵام عەلی غێدان دەڵێت مالیکی خۆی حەزی دەکرد، موسڵ بکەوێت، بێگومان من وا ناڵێم کە مالیکی حەزی کردبێت موسڵ بکەوێت، لەبەر ئەوەی کەوتنی پارێزگایەکی وەك موسڵ کارەساتێکی گەورەیە بۆ سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، بەڵام من بەسەرهاتێکی دیکەی تەلەعفەر دەگێڕمەوە، کاتێك داعش هێرشی کردە سەر تەلەعفەر، خەڵکی تەلەعفەر داوایان لێکردم، ئەگەر ٥٠٠ پێشمەرگە هاوکارییان بکات، بۆ ئەوەی لەلای ناحیەی ئەلکەنی هەندێك بەرزایی هەیە تا قەڵای تەلعفەر، ئەگەر پێشمەرگە پشتەوەیان بۆ تەئمین بکات، ئەوان دەتوانن لەناوەوە شەڕ بکەن، لەسەر ئەم پرسە من تەلەفۆنم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت کرد، لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆك لە دەرەوەی وڵات بوو، داوام لێکرد ئەو هێزە دابین بکات، ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم سەرۆك وەزیرانی کوردستان پێی راگەیاندم ١٠٠٠ پێشمەرگە ئامادەیە، لەو کاتەدا فەرماندەی ناوچەی تەلەعفەر تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: خەڵکی تەلەعفەر دەڵێن هاوکاریی پێشمەرگەمان ناوێت، من پێمگوت: تۆ راست ناکەی، ئەوە قسەی نوری مالیکییە، بۆ شەوەکەی کاتژمێر ٣ی شەو مالیکی تەلەفۆنی بۆکردم و پێی گوتم: ئەوە نەخەوتوویت؟ وتم لەبەر تەلعفەر نەخەوتووم. وتی: دەبێت هەرچۆنێك بێت هاوکاریمان بکەن، منیش پێمگوت من ١٠٠٠ پێشمەرگەم ئامادەکرد، تۆ قبووڵت نەکرد. ئەویش گوتی: ئێستا پێویستمانە، وتم باشە، من هەماهەنگیم لەگەڵ فەرماندە سەعید کێستەیی کرد و بەیانی هێزەکەی جووڵاند، بەڵام سەعات ٩ی بەیانی فەرماندەی ناوچەی تەلەعفەر گوتی: هەتا ئێستا فەرمانم بۆ نەهاتووە. بۆیە من تەلەفۆنم بۆ مالیکی کرد و پێمگوت: تۆ داوای هێزت کردووە، کەچی تا ئێستا فەرمانت نەداوە پێشمەرگە بچێتە ناو تەلەعفەر. ئەویش گوتی: هەر ئێستا کە کاتژمێر ٩,٣٠ بەیانی بوو، ئەو کاتیش فەرماندەی ناوچەی تەلەعفەر پێی گوتم: ئێستا من لە فڕۆکەخانەی تەلەعفەر گەمارۆ دراوم، کوژراو و برینداریکی زۆرم لایە، با ئەو هێزە بێت بە فریامان بکەوێت و ئەو کوژراو و بریندارانە بگوازێتەوە، منیش فەرمانم پێکردن کە بچن هاوکاری بکەن.

*** ئەی چۆن بۆ دواجار ئەو پۆستەت بەجێهێشت؟ ئایا گوشارت خرایەسەر، یان خۆت دەستت لەکار کێشایەوە؟**

- راستە من پۆستی سوپاسالاری سوپای عێراقم هەبوو، بەڵام دەسەڵاتم نەبوو، هەربۆیە پێشتریش من دووجاری دیکە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش کردبوو، بەڵام هەموو جارێك لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی و دوای ئەوەی بەڵێنیان دەدا کە هەموو دەسەڵاتێکم بۆ بگێڕنەوە، دەگەڕامەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەتەواوەتی بێزار بووم و بڕیارم دا دەست لەکاربکێشمەوە.

*** ئایا وەك فەرماندەیەکی سەربازی و ئەکادیمی مەزندە دەکەیت دوای داعش تووشی شەڕی دیکە ببینەوە؟**

- ئێمە وەك سەرباز مەزندەی هەموو شتێك دەکەین، دەبێت خۆمان بۆ هەر ئەگەرێك وهەر شەڕێك ئامادەبکەین، ئەگەر خۆمان ئامادە نەکەین، کە روویدا، کارەسات روودەدات.

*** ئێستا سەرۆك بارزانی لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆسەی سەربەخۆیی بگەیەنێتە ئاکام، ئایا ئەگەر سەربەخۆییمان راگەیاند، دەتوانین کوردستان بپارێزین؟**

- سەرۆك بارزانی کاتێك سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، دانپێدانانی نێودەوڵەتیش مسۆگەر دەکات، ئەگەر دانپێدانی نێودەوڵەتیشمان مسۆگەر کرد، ئەوکات وەك دەوڵەت ئەوەی پێویستمان بێت لە چەك بۆ پارێزگاریکردن دەستمان دەکەوێت، ئەوکات وەك ئێستا نابێت کە چەکمان دەست نەکەوێت.

*** ئەی ئەگەر لەئێستادا پێش راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی، تۆ بکرێیتە نوێنەری هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هاوپەیمانان قسە بکەیت، ئایا چ چەکێك بۆ پێشمەرگە بە پیوست دەزانیت؟**

- پێشمەرگە تەنیا پێویستی بە چەکی بەرگرییە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرگری لە خۆمان دەکەین و تەماعمان لە خاکی کەس نییە، بۆیە ئەو چەکەی گرنگە لەبەر دەستی پێشمەرگە بێت، پێویستە چەکی دژەتانك، دژی فڕۆکە و



هێلیکۆپتەر بێت، ئەگەر ئەم چەکانەشمان هەبێت، باشتر دەتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین.

*** وەك دەزانن بەشێك لە ستافی ئیدارەی ترەمپ پێشتر لە عێراق مارینز بوون، ئایا کەسیان دەناسی؟**

- بەڵێ، من جیمیس ماتیس کە ئێستا وەزیری بەرگری ئیدارەی دۆناڵد ترەمپە دەناسم و کارم لەگەڵ کردووەو زۆر دۆستمان بووە، ئەو فەرماندەی ناوچەی ناوەڕاست بوو لەناو هێزی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆك ئۆباما لەسەر پرسی ئێران تێکچوون، ئەو زۆر توند بوو، بۆیە ئۆباما داوای لێکرد دەبێت دوو ئەستێرە بێتە خوارەوە، یان خانەنشین بکرێت، ئەو خانەنشینی هەڵبژارد، جارێکیش جیمیس ماتیش داوەتی منی کردووە بۆ ئەمریکا و لەوێ لە فلۆریدا لە فەرماندەیی هێزی ناوەڕاستی ئەمریکا چەند ڕۆژێك میوانی بووم، زۆرجاریش لە بەغدا سەردانی کردووم و میوانداریم کردووە.

*** ئایا جیمیس ماتیس هەڵوێست و بۆچوونی لەسەر کورد چۆن بوو؟**

- جیمیس ماتیس هەڵوێستەکانی زۆر توندەو بە هەڵۆکان ناسراوە، بەرامبەر ئێران هەڵوێستی زۆر توندە، بەرامبەر بە داعش و قاعیدە بڕیاری بوێرانە دەدات، سەبارەت بە پێشمەرگە و کوردستانیش دەیگوت: سوپای ئەمریکا گەیشتە قەناعەت کە ئێمە دۆستێکمان هەبێت کوردە، ڕاستە ئێمە لە کۆریای باشوور و ژاپۆن و ئەڵمانیا هێزی سەربازیمان هەیە، بەڵام لەگەڵ حکومەتەکان هاوپەیمانیمان هەیەو گەلەکانی دوژمنمان، بەڵام لەگەڵ کوردستان هەم لەگەڵ حکومەتەکەی هاوپەیمانین و هەم گەلەکەشی دۆستمانە و گەلی ئەمریکای خۆش دەوێت.



## ولیام بانكس

### پرۆفیسۆری كاروباره نێودەوڵەتییەكان بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی كوردستان لە بەرژەوەندیی ئەمەریكادایە

ولیام بانكس بەڕێوەبەرو دامەزرێنەری ئامۆژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە و پرۆفیسۆری كاروبارە نێودەوڵەتییەكانە لە سكوڵی ماكسوێڵ لە زانكۆی سیراكیوز، بۆ تاوتوێكردنی پرسەكانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی لەپێوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و چڕكردنەوەی هەوڵەكانی ئەم ئیدارەیە بۆ تێكشكاندنی شەڕی داعش و چەند بابەتێكی پێوەندیداری دیكە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسیارێكی ئاراستەكردو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەكانی كرد.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە ئاماژەیە بە هاتنەئارای سەردەمێکی نوێ لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- لە راستیدا پێدەچێت وابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، چونکە دۆناڵد ترەمپ لێدوانی زۆری دا لەسەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پێش ئەوەی سوێندی سەرۆکایەتی بخوات کە ئاماژە بوون بە هاتنەئارای گۆڕانکاری دراماتیکی، بەڵام ئەو تەنیا چەند رۆژێکە لە حوکمڕانیدایە، کەواتە بۆ ئەوەی بزانین کە سەرۆکایەتییەکەی چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە، دەبێت بۆ ماوەیەکی دیکە چاوەڕێ بکەین.

*** ئاشکرایە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ترەمپەوە نارەزایەتی لێکەوتەوەو ئەو نارەزایەتییەش بە شێوەی خۆپیشاندان و رێپێوان گوزارشتی لێکرا، ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم رووداوانە چییە ؟**

- ئاشکرایە کە بەرهەڵستییەکی گەورە هەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە لەسەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لە ئەنجامدانیان کرد، دەکرێت ئەو بەرهەڵستییانە لەلایەن هەردوو پارتەکەوە بووبێت، دەکرێت لەلایەن دۆڕاوەکانەوە بێت لە حزبی دیموکراتەکان، کە بۆی هەیە کاریگەرییەکی کەمی سیاسی هەبێت. لەبەر ئەوە دەبێت ماوەیەك تێپەڕێت بۆ ئەوەی بزانین کە کاریگەری بەرهەڵستییەکان، یان دەنگی جیاوازی نێو کابینەکەی چی دەبن، کە بۆی هەیە ببنە بەربەستی دژوار لەبەردەم ئەو سیاسەتانەی کە خوازیارە جێبەجێیان بکات، بەڵام ئەگەر ئەوانە کەمینە بن، ئەوا دەستڕۆیشتوویەکی زۆریان نابێت.

*** کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین کە دابەشبوون و جەمسەرگیرییەکی قووڵ لە نێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا دێتەئاراوە؟**

- ئەمە ئەگەرێکە و زۆر رێی تێدەچێت، لەبەر ئەوەی دەنگدانەکە و هەڵبژاردنەکە زۆر لێکنزیك بوون و هەڵمەتەکەش زۆر توند بوو، ئاماژەی ئەوەش لەئارادایە کە دەنگدەرانی ئەمەریکا زیاتر و زیاتر دابەش بووبێتن لەم ساڵانەی دواییدا. دووپاتی دەکەمەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن حوکمڕانییەکە هەڵدەسوورێت.

*** پێشتر هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا بە ئاشکرا ئاماژەی بە تیرۆریزمی ئیسلامی نەکردووە، بەڵام سەرۆك ترەمپ لە یەکەم وتاری سەرۆکایەتیدا ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناو بەڵێنی تێکشکاندنی دا، ئایا ئەمە نابێتەهۆی دوورخستنەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی؟**

- من نیگەرانم لەوەی کە ئەم ئاکامەی لێدەکەوێتەوە، هەڵبژاردنی وشەکان لەلایەن بەڕێز ترەمپەوە جێی داخ بوو. من هیوادارام لە هەفتەکانی سەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا راوێژکارەکانی کاری لەگەڵ بکەن بۆ دارشتنی پەیامێکی هاوسەنگتر. پێموایە سەرۆك ئۆباما کارێکی زۆر باشی کرد لە گوزارشتکردن لە سیاسەتی ئەمنی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بە بێ بریندارکردنی هیچ گرووپێکی ئیتنی یان ئایینی، هیوادارم بەڕێز ترەمپیش هەمان کار بکات.

*** بە بۆچوونی ئێوە ئایا کاردانەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر ئەم لێدوانە چی دەبێت؟**

- ئەگەر تۆنی لێدوانەکانی نەگۆڕێت و ئەگەر بەردەوام گوتاری دژ بە موسڵمانان بدات، هەروەك ئەوەی لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بینیمان، ئەوا بە دڵنیاییەوە جیهانی ئیسلامی کاردانەوەی بەهێزیان دەبێت لە دژی، ئەو کاتەش هیچ یەکێك لە ئێمە گلەییان لێناکات.

*** سەرۆك ترەمپ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش یەکێك دەبێت لە ئەولەوییتە سەرەکییەکانی، ئێمەش دەزانین کە کورد رۆڵی زۆر کارای بینیوە لە شەڕی دژ بە داعشدا، کەواتە ئایا لۆژیکییە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئیدارەی ترەمپ لە ئایندەدا هاوکاری و پشتیوانی زیاتری کورد دەکات؟**

- پێموایە دەبێت زۆر باش ئاشنا بکرێت پێش ئەوەی لەم رووەوە بڕیار بدات. هەروەها من دڵنیانیم لەوەی ئەندامە باڵاکانی نێو ناوەندی ئاسایشی نەتەوەیی زانیاری و پاشخانێکی زۆریان هەبێت لەبارەی کوردستان و خواستی کوردەوە. ئومێدی من ئەوەیە کە وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری هەندێ بەرچاوڕوونی بدەنێ لەبارەی ناوچەکەی ئێوەو جیهانەوە پێش ئەوەی بڕیاری گرنگ بدات.

*** سەرۆك ترەمپ لە دەستنیشانکردنەکانیدا بۆ کێشەی عێراق ئۆباڵی دروستبوونی داعشی خستە ئەستۆی بڕیاری ئیدارەی ئۆباما بۆ کشانەوە لەعێراق و هەروەها سیاسەتە زیانبەخشەکانی حکومەتی بەغدا، کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین**

**خراپترین دۆخ ئەوەیە کە ئاستی توندوتیژی بەردەوام بێت و وڵاتانیش بچنە حاڵەتی دوژمنایەتییەوە لەگەڵ یەکدا و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش گەشە بکەن**

**لە ئێستادا گفتوگۆیەک بەڕێوەدەچێت لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها ئەوروپییەکانیشدا بۆ ئیحتیواکردنی ئێران و بەردەوامبوون لەسەر باشترکردنی پێوەندییەکان**

**ترەمپ کار بۆ جێگیرکردنی هێزی ئەمەریکا لە عێراق دەکات و گوشار لەسەر حکومەتی بەغدا دەکات بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە پرۆسە سیاسییەکەدا؟**

- من پێموایە ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە ئەو سیاسەتانەی تا ئێستا پیادەکراون تا رادەیەك سەرکەوتوو بوون، هێزە عێراقییەکان سەرقاڵی دەرپەڕاندنی داعشن لە عێراقدا، ئەگەرچی ئێمە دەزانین ئەمە بە خێرایی روونادات و ئەمەریکاش پشتیوانی ئەو سیاسەتە و سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە دەکات.

*** بەڵام پێتوانییە رەوتی رووداو و پەرەسەندنەکان لە عێراقدا بە چەشنێکن کە بوونەتەهۆی ئەوەی گومان بکرێت لەوەی ئەم وڵاتە بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بمێنێتەوە؟**

- بەڵێ، من هاوڕا بووم لەگەڵ بۆچوونەکانی جێگری سەرۆك، جۆزێف بایدن کە جەختی لەسەر گرنگیی لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ناوچەیی لە چوارچێوەی خودی عێراقدا کرد، لەگەڵ پشتیوانیکردنی سەربەخۆیی بۆ کورد. بەڵام پێموایە قەناعەتپێهێنانی سەرکردایەتی ترەمپ و ئەندامانی ئیدارەکەی بۆ ئەوەی بەم شێوەیە ئاشنابن بە واقیعەکە و تێگەیشتنێکی قووڵیان هەبێت بۆ دۆخی عێراق، کار و کۆششێکی زۆری دەوێت.

*** کەواتە پێتوایە ناکرێت دەرکەوتنی دەوڵەتی کوردی لە ئاسۆدا نادیدە بگیرێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا و ئومێدەوارین لەم سەروەختەدا ئەو پرسە بەرەوپێش بچێت.

*** ئایا پێتوایە لە حاڵەتی دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا، ئەوا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- لە ئەمەریکادا مەسەلەکە بەندە بە سەرکردایەتی ئەم وڵاتەوە، چونکە خەڵکی ئەمەریکا زانیارییەکی زۆریان نییە لە بارەی کوردستان و لەبارەی سیاقی ناوچەکەی ئێوە، لەبەر ئەوە دەبێت سەرکردایەتی ئەو سیاسەتە بگرێتەبەر کە باسی لێوەدەکەین و دواتر دەبێت وەك پێویست خەڵکی پێ ئاشنا بکەن بۆ ئەوەی بوار بۆ پشتیوانیکردنی ئەو سیاسەتە لەم وڵاتەدا برەخسێندرێت، کە پێویستە دواتر ئەمەریکا پەرە بەم سیاسەتە بدات لەنێو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان.

*** ئەی پێتانوایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەکات؟**

- بەڵێ، پێموایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەم ساتەوەختەدا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات.

*** پێتوایە ئیدارەی ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەکات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ترەمپ هەمیشە رەخنەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە گرتووە و بە رێککەوتنێکی زۆر خراپی وەسف کردووە؟**

- من وای دەبینم کاتێك وردە وردە ئاشنا دەبێت بە وردەکارییەکانی رێککەوتنەکە و بە هەموو لایەنەکانی، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە رێککەوتنێکی باشە و زۆر زەحمەت دەبێت کە هەڵبستێت بە هەڵوەشاندنەوەی. راستە ئیسرائیل فشار دەکات بۆ کشانەوە لە رێککەوتنەکە، یاخود بۆ گۆڕینی بەندەکانی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆر لایەنی رێککەوتنەکە هەن کە نەك لە بەرژەوەندی ئێرانییەکاندان بە تەنیا، بەڵکو لە بەرژەوەندی ئەمەریکاشن.

*** ئەی پێتوایە چ رێکارێك دەگرێتەبەر بۆ ئیحتیواکردنی ئێران؟**

- لە ئێستادا گفتوگۆیەك بەڕێوەدەچێت لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها ئەوروپییەکانیشدا بۆ ئیحتیواکردنی ئێران و بەردەوامبوون لەسەر باشترکردنی پەیوەندییەکان.

*** ئەی پێتوایە دەبێت چی بکات بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا؟**

- پێموایە دەبێت جەخت لەسەر بازرگانی و رێککەوتنی ئابووری بکاتەوە، لەگەڵ هاوکاری کەلتووری کە رەنگە ئەمانە ئیجابیترین هەنگاو بن کە هەڵیبگرێت، ئەمەش بە رەوتێکی خێرا روونادات.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چییە؟**

- باشترین دۆخێك کە بێتەپێشەوە ئەوەیە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران و عێراقدا بەرەو پێش ببات، هەروەها ئیسرائیل هەوڵ بدات بگاتە چارەسەرێکی ئاشتییانە لەگەڵ فەلەستینیەکاندا. لەگەڵ هێوربوونەوەی دۆخی سووریا لە رێگەی رێککەوتنی دیپلۆماسییەوە لە نێوان لایەنەکاندا، خراپترین دۆخیش ئەوەیە کە ئاستی توندوتیژی بەردەوام بێت و وڵاتانیش بچنە حاڵەتی دوژمنایەتییەوە لەگەڵ یەکدا و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك داعش گەشە بکەن.

**سەرۆك ئۆباما کارێکی زۆر باشی کرد لە گوزارشتکردن لە سیاسەتی ئەمنی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بە بێ بریندارکردنی هیچ گرووپێکی ئیتنی یان ئایینی، هیوادارم بەڕێز ترەمپیش هەمان کار بکات**

**دۆناڵد ترەمپ لێدوانی زۆریدا لەسەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پێش ئەوەی سوێندی سەرۆکایەتی بخوات کە ئاماژە بوون بە هاتنەئارای گۆڕانکاری دراماتیکی**



دەیڤید کرەین
پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# گومان لەوەدا نییە کە ترەمپ وەک ئۆباما مامەڵە لەگەڵ ئێران ناکات و هەڵوێستێکی توندتری دەبێت

**دەیڤید کرەین، پرۆفیسۆرە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سایراکیوز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك یاسای نێودەوڵەتی، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای ئاسایشی نەتەوەیی و چەند بوارێکی پێوەندیداری دیکە، ئەندامە لە ئامۆژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە سکوڵی ماکسوێڵی هەمان زانکۆ، لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە چەند پرسێکی پێوەندیدار بەو گۆڕانکارییانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بەهۆی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپەوە بێنەئاراوە، هەروەها ئەگەری ئەوەی تا چەند سیاسەتەکانی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا جیاواز دەبن بە بەراورد بە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئۆباما، ئەویش بەم شێوەیە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ ئەو پرسانە کرد.**

**سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەکی دیکەش بە ناجێگیری بمێنێتەوە**

**من کورد دەناسم و چاوم پێیان کەوتووە و گفتوگۆم لەگەڵدا کردوون، ئەوان خەڵکی باشن و لە ئازادی و دیموکراسی تێدەگەن و پێویستە پێگەی خۆیان هەبێت لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن**

*** ئێستا هەموو لایەك باس لە بڕیارە چاوەڕواننەکراوەکانی سەرۆك ترەمپ دەکەن، ئایا پێشبینی چ گۆڕانکارییەکی گەورە دەکەیت؟**

- ئاشکرایە کە ستراتیژیەتی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتییە لەوەی سەرەتا و پێش هەموو شتێك بایەخ بە ئەمەریکا بدات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی پێگەی ئەمەریکا چی بێت لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، هەرچەندە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین تا بزانین ئایا تەرکیزکردنی لەسەر ناوخۆی وڵاتەکەی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پابەندبوونەکانی ئەمەریکا لە جیهاندا.

*** کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە پێمان ناوەتە نێو جیهانێکی تەواو جیاوازەوە؟**

- دەتوانین بڵێین ئێمە پێ دەنێینە نێو رۆژگارێکەوە کە تێیدا ئەمەریکا لە هەموو پابەندبوونەکانی لەسەر ئاستی جیهان دەڕوانێتەوە، لەبەر ئەوە بەڵێ ئەمە کاریگەری دەبێت و دەتوانین بڵێین ئەمە رۆژگاری ترەمپە لە پێوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە.

*** دوای سوێندخواردنی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمەریکا خۆپیشاندان و نارەزایی ناوخۆیی و جیهانیشی لێکەوتەوە، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە چییە لەسەر ئەم گردبوونەوە و خۆپیشاندانانەو ئایا پێتوایە تا چ رادەیەك ئیدارەی ترەمپ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم نارەزایی دەربڕینانەوە؟**

- لە راستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئەم خۆپیشاندانانە چ کاریگەرییەکیان لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو رایگەیاندووە کە خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە خۆپیشاندان بکەن، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە گۆڕینی سیاسەتەکانیەوە هەبێت، ئەوا من لەو باوەڕەدا نیم کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی هەبێت.

*** هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئاماژەدانی دۆناڵد ترەمپ بە تیرۆریزمی ئیسلامی؟**

- لە راستیدا ئەو خواستێکی بەهێزی هەیە بۆ تێکشکاندنی داعش لە ناوچەکەدا، کە بەدڵنیاییەوە ئەوە کارێکەو دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام نیگەرانیی من ئەوەیە ئایا ئەو بە تەواوەتی لەو راستییە تێدەگات کە ئەمە چ ئەرکێکی قورسە؟

*** باس لەوە دەکرێت سەرۆك ترەمپ سیاسەتێکی توند بەرامبەر بە ئێران دەگرێتە بەر، ئایا لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئیدارەی ترەمپ رێوشوێنی توندتر لە دژی ئێران دەگرێتەبەر؟**

- من دەتوانم ئەوە بڵێم کە ترەمپ ئەو سیاسەتەی ئۆباما لە ئاستی ئێراندا پیادەی دەکرد، گۆڕانکاری بەسەردا دێنێت، بەڵام هێشتا زۆر زووە ئەوە یەکلابکەینەوە کە ئەو گۆڕانکارییە چی دەبێت، لەبەر ئەوە تێڕوانینی سەرسەختانەتر لەلایەن ئەمەریکاوە لە بەرامبەر ئێراندا بەدی دەکەین، کە بە دڵنیاییشەوە دەتوانین ئەمە بڵێین.

*** بە بۆچوونی ئێوە باشترین رێگا کە بیگرێتەبەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە چییە؟ ئایا ئەمە پێویست بەوە ناکات کە هاوپەیمان و هاوکاری زیاتر لەگەڵ ئەو هێزانەدا بکرێت کە لەسەر ئەرزی واقیع شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا دەکەن؟**

- من دڵنیا نیم، بەڵام بێگومان هاوڕام لەگەڵتاندا کە بۆ ئەوەی داعش لە ناوچەکەدا تێکبشکێندرێت، ئەوا دەبێت سەرجەم هێز و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە لە دژیان. لەبەر ئەوە لۆژێکییە گریمانەی ئەوە بکەیت کە ئیدارەی ترەمپ لە هەموو ئەو گروپانە دەڕوانێت کە شەڕی داعش دەکەن، لەو نێوەندەشدا کورد نێوبانگێکی باشی هەیەو دڵنیام ئەوان پتر لە نزیکەوە لە بەشداریی کورد لەم شەڕەدا دەڕوانن.

*** چاوەڕوان دەکرێت سەرۆك ترەمپ کار بۆ جێگیرکردنی هێزی ئەمەریکا لە عێراق بکات و فشار لەسەر حکومەتی عێراقی بکات بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دروست بگرێتەبەر، ئایا لەسەر ئەم رایە چی دەڵێیت؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، پێموایە داینامیکیەتی جیۆپۆلەتیکی ناسەقامگیرکەری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣و لاوازکردنی دەستڕۆیشتوویی عێراق لە ناوچەکەدا دەرفەتی بۆ هەموو ڕێکخراوە دەرەکییەکان خوڵقاند، هەر لە ئەلقاعیدەوە بۆ داعش، لەبەر ئەوە من پێموانییە کە ئۆباڵەکە تەنیا لە ئەستۆی بڕیارەکەی ئۆباما بێت. هەرچۆنێك بێت، پێموایە لە چوارچێوەی هەڵمەتە بەهێزەکەی لە دژی داعش، ئەوا دۆناڵد ترەمپ لە وڵاتەکان دەڕوانێت، لە نێویاندا عێراق بۆ ئەوەی بزانێت پێداویستییەکان چین بۆ ئەوەی عێراق و شەریکەکانی بەهێزبن تاوەکو سیاسەتەکانی خۆی سەرکەوتوو بن.

*** کەواتە ڕەوایە بڵێین بە گشتی سیاسەتێکی جیاوازتر لە ئیدارەی ئۆباما لە ئاست عێراقدا پیادە دەکات؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە نازانین ئەو چی دەکات و پێموانییە خۆیشی لەم ساتەوەختەدا بزانێت کە چی دەکات، لەبەر ئەوە هێشتا زووە شتێك بڵێین لەبارەی ئەوەی ئەنجامی دەدات، نەك تەنیا لە عێراقدا، بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی.

*** هەر لە پەیوەندی بە عێراقەوە، ئایا تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەو چاودێرانەی کە گومانیان لە مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی هەیە؟**

- بێگومان ئەمە ڕۆژگارێکی ناجێگیرە بۆ زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە، لە نێویاندا عێراق، هەروەها کاریگەریی ناسەقامگیرکەری داعش لە ناوچەکەدا نیگەرانی لای هەر کەسێك دروست دەکات کە خوازیاری ئەوەیە ئەو ناوچەیە لە ئازادی و ئاشتی بەهرەمەند بێت. لەم ساتەوەختەدا هەر تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە دۆخی ئەو ناوچەیە زۆر سەقامگیرتر دەبێت بە لاوازکردنی توانای داعش، ئەو کاتە دەتوانرێت بڕیاری گونجاو بدرێت لەبارەی ئایندەی عێراقەوە.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایا دەکرێت ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی نادیدە بگیرێت؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ڕەوتی پەرەسەندنەکان چۆن دەبێت، دوای ئەوەی کار لەسەر هەڕەشەی وجوودی داعش دەکرێت. من ڕێزی تەواو لە خواستی گەلی کورد دەگرم و تەواو لە داینامیکیەتی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەو عێراق تێدەگەم، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەڵام لە ئێستادا هەموو ئەگەرێك لەئارادایە.

*** بەڵام بۆچوونی شەخسی ئێوە چییە لەسەر دروستبوونی ئەم دەوڵەتە؟**

- من نازانم، بەڵام کورد هەستێکی بەهێزیان بەرامبەر خۆیان و چارەنووسی خۆیان هەیە، ناکرێت ئەمە شتێکی خراپ بێت، من کورد دەناسم و چاوم پێیان کەوتووە و گفتوگۆم لەگەڵدا کردوون، ئەوان خەڵکی باشن و لە ئازادی و دیموکراسی تێدەگەن و پێویستە پێگەی خۆیان هەبێت لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

*** ئایا لە حاڵەتی ڕاگەیاندنیدا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- لەم ساتەوەختەدا هەر دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا لە مەودای کورتدا ڕووداوە جیۆپۆلەتیکیەکان چۆن پەرە دەستێنن، ئەگەر لەسەر ئاستی عێراق بڕیاری سیاسی هەروەها بڕیاری دیکەش بدرێت، ئەوا دەکرێت وەك قەوارەیەکی یاسایی دان بە کوردستاندا بنرێت، بەڵام ئاشکرایە دەبێت لەو ڕووەوە کاری زیاتر ئەنجام بدرێت.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە کە ئایا پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بە خەڵکی ناوچەکەوە، ئەگەر ڕێگاچارەی ئازادی و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بگرنەبەر، ئەوا ئایندەیەکی باشتر دەبینم. بەڵام پێموایە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەکی دیکەش بە ناجێگیری بمێنێتەوە.

**داینامیکیەتی جیۆپۆلەتیکی ناسەقامگیرکەری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣و لاوازکردنی دەستڕۆیشتوویی عێراق لە ناوچەکەدا دەرفەتی بۆ هەموو ڕێکخراوە دەرەکییەکان خوڵقاند، هەر لە ئەلقاعیدەوە بۆ داعش**

**لۆژێکییە گریمانەی ئەوە بکەیت کە ئیدارەی ترەمپ لە هەموو ئەو گروپانە دەڕوانێت کە شەڕی داعش دەکەن، لەو نێوەندەشدا کورد نێوبانگێکی باشی هەیەو دڵنیام ئەوان پتر لە نزیکەوە لە بەشداریی کورد لەم شەڕەدا دەڕوانن**

**ئێمە پێ دەنێینە نێو ڕۆژگارێکەوە کە تێیدا ئەمەریکا لە هەموو پابەندبوونەکانی لەسەر ئاستی جیهان دەڕوانێتەوە**

# هەرێمی کوردستان لە بەردەم پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا

«دەرفەتی شکست نەخواردن لەدەستی خۆماندایە، بەڵام شکست پێهێنانی دوژمن لەو دەرفەتانەوە سەرچاوە دەگرن کە دوژمن بۆ ئێمەی دەخوڵقێنێت.»

● (سان زو) لە کتێبی هونەری جەنگدا وادەڵێت.



هێمن هەورامی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

کاتێك لە گێتیدا هزر تەشەنە دەسێنێت، هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوون لە ماتماتیك و تەکنۆلۆژیا و سیاسەتدا خۆی نابینێتەوە بە تەنیا. نووسین و کاری میدیاییش دەشێت بەشێك بێت لەو پەرەسەندنە هزرییانە، نووسین و گەیاندنی پەیامیش بارگاویبوونێکی ئەم گۆڕانکارییانەی پێوە دەبینرێت. موتڵەقی لە نووسین و گەیاندن و سەپاندنی بۆچوونە تایبەتییەکان لەسەر کۆی پرسەکان بەسەرچووەو. بۆیە لێرەدا میتۆدی ئەم باسە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی رایەڵەیەك لەنێوان باسەکەو خوێنەردا، ئەمەش بەو مانایەدێت کە ئەم باسە چوارچێوەیەکە بۆ هەوڵدان و قسەکردن لەسەر پێکهاتە و خەسڵەت و هاتنە ئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، پاشان لەناو ئەم چوارچێوەیەدا هەوڵمانداوە پێگەی هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو، پاشانیش خستنەڕووی کاریگەریی پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لەسەر هەرێمی کوردستان و بەپێچەوانەشەوە کاریگەری هەرێمی کوردستان لەسەر پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا باسەکە دابەش دەکەین بەسەر (٩) تەوەردا. پاشان لەمیانەی ڕەخساندنی (١٢) دەرفەت و (١٠) هەڕەشەدا، بایەخ و گرنگیی



هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو، سەرەنجامیش لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەی کە باسەکەی پێ نووسراوە، دەرگایەکی گرنگ بۆ وتووێژ لەنێوان خوێنەر و باسەکە دەکاتەوە، کە پێکەوە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی وردی لێ بەرهەم دێت.

**● مەبەست لەبەکارهێنانی چەمکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟**

چەمکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٨٠ لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە بۆ ئەو ناوچەیە بەکارهاتووە کە دەکەوێتە نێوان هیندستان و باکووری ئەفریقیاوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە چەمکی رۆژهەڵات پۆلێنکراوە بۆ سێ بەش، بەشی یەکەمی بریتی بووە لەو سنوورەی کە ئێستا پێی دەگوترێت دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا و ئەمەیان ناو لێناوە (رۆژهەڵاتی نزیك Near East) لە سنووری هیندستانیشەوە هەتا دەگاتە ژاپۆن ناویان لێنابوو (رۆژهەڵاتی دوور Far East)، ئەو ناوچەیەشی دەکەوێتە نێوان هیندستان و باکووری ئەفریقیا، پیان دەگوت (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست Middle East)، لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنکردنە لەدوای رێککەوتنی سایکس پیکۆ و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستبوونی چەندین دەوڵەت لەم ناوچەیە، ئیدی ئەم چەمکە بۆتە ناسنامەی ئەم ناوچەیە، کە ئێستا دەکرێت پێی بگوترێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن.

**● بایەخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان**

گرنگە بزانین بۆچی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە جێگەی بایەخێکی گرنگ لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەروەها گرنگە بزانین بۆچی ئەم هەموو ململانێیە لەسەر ئەم ناوچەیە دەکرێت و ئایا ململانێکان کاتین یاخود بەردەوامن؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بەوەیە بزانین ئەو فاکتەرانە چین کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئەم ناوچەیە هێندە گرنگ بێت، بۆ ئەمەش دەکرێت چەند رەهەندی گرنگ دیاری بکەین:

١. گرنگیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی تیۆرە جیۆپۆلیتیکییەکان.

٢. گرنگیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی پێکهاتەی ئایینی ناوچەکە.

٣. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایەڵەی پێکەوە گرێدانەوەی شادەماری گواستنەوەی وزەیە لە جیهاندا.

**پێویستە سیاسەتێک بگرینەبەر کە پرۆژەکانمان پرۆژەی کوردستانی بێت، چوارچێوەی ئەم سیاسەتەش پاراستن و گەشەسەندن و مانەوەی هەرێمی کوردستان بێت و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەک بکرێت**

**لەوانەیە ئەو سەردەمە بەسەر چووبێت کە بتوانین بۆ پاراستنی یەکڕیزیی ناوخۆیی کوردستان، سەددەرسەد یەکڕیزی دروست بکەین، بەڵام لانیکەم پێویستە لەنێوان ئەو هێزو لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییانەی بڕوایان بە پرسی سەربەخۆیی هەیە، یەکڕیزی و یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی هەبێت**

**پرۆسەیەکی بەردەوامیی ناوزڕاندن و نەهێشتنی مەشرووعییەتی قورسایی نیشتمانی و نەتەوەیی لەلایەن سۆشیال میدیا و بەشێک لە میدیاکان و هەندێک لایەنەوە درێژەی پێدەرێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تاکی کوردستان نائومێد بێت و بڕوای بە پرۆسەی سەربەخۆیی نەمێنێت**

ئەگەر لێرەوە و لە هەریەك لەم ڕەهەندانەوە قسە لەسەر گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا دەکرێت پەنا بۆ ئەو تیۆرە جیۆپۆلیتیکییانە ببەین و لەچوارچێوەی ئەو تیۆرانەدا، لە بایەخی جیۆپۆلیتیکی ئەم ناوچەیە تێدەگەین، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری تیۆری کلاسیکی جیۆپۆلیتیکی (دڵی وشکانی Hartland)ی هارفۆلد جۆن ماکندەر بکەین، دەبینین بەپێی ئەم تیۆرە ئەو ناوچەیەی ناوی لێناوە دڵی زەوی بە (ناوچەی هێز . Land Power) دەتوانین بەشێوەیەکی ڕێژەیی بڵێین ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، لەخوار ئەم ناوچەیە کەوانەیەك دەوری لێواری دڵی زەوی داوەو پێی دەگوترێت (Rimland) ئەم کەوانەیە بەچەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی تیۆری کلاسیکی جیۆپۆلیتیکی ئەو کەوانەیەیە کە دەوری دڵی زەوی داوە. ئەگەر بێینە سەر تیۆری جیۆپۆلیتیکی شاوول کۆهنیش کە پێی دەگوترێت (تیۆری جیۆپۆلیتیکی پشتوێن) بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەی پشتوێنێك هەموو ئەو ناوچانە پێکەوە گرێدەداتەوە.

هەر لەسەر گرنگیی ئەم ناوچەیە تیۆرێکی دیکەی جیۆپۆلیتیکی هەیە کە بە تیۆری ئەلسکەندەر دی سفرسکی ناسراوە و پێوەندی بەهێزی ئاسمانییەوە هەیە. خاوەنی ئەم تیۆرە خۆی فڕۆکەوان بووە، بەپێی ئەم تیۆرە جیهان دابەشکراوە بۆ ناوچەی نفوزی هێزی ئاسمانی هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەردەمانی شەڕی سارد، هەروەها بەپێی ئەم تیۆرە ئاسمانی جیهان لەنێوان هەردوولا دابەشکراوە، لە بازنەی یەکەمدا کە ناوچەی نفوزی ئاسمانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتە، لە ڕۆژئاواوە موسکۆ گرێداتەوە بە تۆکیۆ، بازنەی دووەم کە ئاسمانی نفوزی ڕۆژئاوایە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەمریکا گرێداتەوە بە تەنگەی هورمزەوە، ئەو ناوچەیەی کە دەبێتە چەقی یەکتربڕی هەردوو بازنەکە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دەبێتە بازنەیەکی دیکەی هاوبەش لەنێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، سەبارەت بەم بازنە هاوبەشە کیفرسکی دەڵێت: هەر لایەك بتوانێت کۆنترۆڵی ئەم بازنە هاوبەشە بکات، باڵادەستی لە جیهاندا مسۆگەر دەکات.

تیۆرێکی دیکەی جیۆپۆلیتیکی کە بە تیۆری (کەوانەی تەنگژە The Arc of Crisis) ناسراوە، لەلایەن زیبینۆ برژنسکی دانراوە. بەپێی ئەم تیۆرە ئەم ناوچەیە بە پڕقەیرانترین ناوچەی جیهان دادەنرێت، ئەم تیۆرەش بۆ دەرخستنی گرنگیی ئەم ناوچەیەیە لەسەر ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی.

ئەگەر ئەمە بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت لەسەر ئاستی تیۆرە جیۆپۆلیتیکییەکان، پرسیار ئەوەیە ئایا بایەخی ئەم ناوچەیە بۆ ئاسایشی وزەی جیهانی چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنا دەبەینە بەر ئەو داتایانەی لەسەر یەدەگی نەوت و گازی جیهانی لەبەردەستە، کە پێمان دەڵێت: ٧٠٪ی یەدەگی پەترۆڵی جیهان و ٤١٪ یەدەگی گازی سرۆشتی جیهان لەم ناوچەیەدایە، جێگەی خۆشحاڵیە هەرێمی کوردستان بەتەنیا خاوەنی ٨٪ی یەدەگی گازی سروشتییە لە جیهاندا، لەمەش زیاتر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شادەماری گواستنەوەی وزەی جیهانی دادەنرێت و پێی دەگوترێت ( Chockpoint)، لەمەشدا ئەگەر سەرنج بدەین ئەوا دەبینین تەنگەی هورمز و عەدەن و دەریای سوور شادەماری گواستنەوەی وزەن و تەنیا لە تەنگەی هورمز ٣٥٪ی پێداویستی نەوتی جیهانی پێدا دەگوازرێتەوە.

دیارە جگە لەم هەموو بایەخەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی جیۆپۆلیتیکی و ئاسایشی وزە، ئەم ناوچەیە بایەخێکی دیکەشی هەیە کە لانکەی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەی جیهان (ئیسلام و کریستیان و جوو)ـە، بۆیە بایەخی ئایینی ئەم ناوچەیەش بایەخێکی بەردەوام دەبێت.

**● پرۆسەی هاتنە ئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ**

چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی دووەمی جۆرج دەبلیو بوش بەکارهاتووە. لەو چوارچێوەیەدا گرنگە بزانین ئەم چەمکە بۆ هاتۆتە ئاراوە و پێوەندی بە ئێمەوە وەك هەرێمی کوردستان چییە؟ دیارە بەپێی هەموو ئەو هەوڵانەی دراون بۆ خوێندنەوەی پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، هەموویان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن کۆتایی پێهاتووە، بەڵام هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەتەواوەتی شکڵی خۆی نەگرتووە، لە دوای ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تا دەگاتە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و هەردوو شەڕی ئەفغانستان و عێراق و پاشانیش ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ و هاتنی داعش لە ٢٠١٤، ناوچەیەك هەبووە پێی گوتراوە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستی کۆن، بەڵام لە دوای ٢٠١٤وە تائێستا پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی کە خەریکە شکڵی خۆی وەردەگرێت.

بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەك هەبێت لە جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن و پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، سیمای هەر یەکەیان بە جیاواز دەخەینەڕوو:

**● سیماکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن**

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا ئەم خەسڵەتانە بوونیان هەبووە:

١. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا تەوەری سەرەکی دەوڵەت بووە کە فاکتەری سەرەکیی فۆرمەڵەکردنی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەی دیاری کردووە.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا سیستمێکی (پشێوی سەقامگیر _ a stable chaotic system) بوونی هەبووە، ئەمەش بەو مانایەی بەردەوام پشێوی و ململانێ و شەڕی ناوخۆ هەبووە، بەڵام سیمایەکی سەقامگیریش بوونی هەبووە.

٣. لە سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، دەوڵەتانی ناوچەکە بەسەر دوو میحوەری A&B دابەش بوون، کە میحوەری A دەوڵەتەکانی (ئەمریکا، سعودیە، میسر، تورکیا، ئیسرائیل، ئوردن و بەشێك لە دەوڵەتانی کەنداو)ی لە خۆی دەگرت، لە بەرامبەردا میحوەری B کە ئێران سەرکردایەتی دەکرد (سووریا، حزبوڵا، شیعەکانی کەنداو و شیعەی ناوچەکانی دیکە)ی لە خۆی دەگرت.

**● سیماکانی هاتنە ئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ**

ئەگەر لە ڕوانگەی خەسڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنەوە سەیری ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەم جیاوازییانە بە ئاشکرا بوونیان هەیە:

١. ئەگەر لە سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، دەوڵەت تەوەری سەرەکی بێت، وەك فاکتەرێك بۆ فۆرمەڵەکردنی هاوکێشە سیاسییەکان، ئەوا ئێستا دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، یان دەوڵەتی شکستخواردوون Fail States، یان بەرەو دەوڵەتی شکستخواردوو دەچن Failing States، یان دەوڵەتی لاوازن Wake States، یان دەوڵەتی شپرزە و لەبەریەك هەڵوەشاون Fragile states، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا چیتر دەوڵەت فاکتەری سەرەکی نابێت.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا ڕیزبەندی لە نێوان دەوڵەتانی هەردوو تەوەری A&B هەبووە، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا ئەم ڕیزبەندییە تێکچووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هاوپەیمانییەکانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا کۆتایی پێهاتووە.

٣. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، دەوڵەتە زلهێزەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لە کێشەکاندا، بەڵام ئێستا ڕۆڵی یەکلاکەرەویان نییە.

٤. پێشتر دەوڵەتانی ناوچەکە هەر چۆنێك حوکمڕانی تێدا کرابێت، ناسنامەیەکیان هەبووە، بەڵام ئێستا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی ناسنامەیان هەیە و ناسنامەی دیکە وەك ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی خەریکە جێگەی ناسنامەی دەوڵەت دەگرێتەوە.

٥. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن سیستمێکی هەبوو کە بە سیستمی پشێوی سەقامگیر ناسرابوو، بەڵام ئێستا لەم ناوچەیە (بێ سیستمی) بۆتە سیستم بۆ ناوچەکە.

کەواتە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم جیاوازییانە هەڵبدەین سیما دەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بدۆزینەوە، ئەوا هەست بەم سیما تازانە دەکەین:

ئ: سیستمی کۆن تەواو کۆتایی هاتووە و سیستمە تازەکە هێشتا لەدایك نەبووە.

ب: ڕیزبەندیی هاوپەیمانییە کۆنەکان تێکچووەو هێشتا هاوپەیمانیەتی نوێ بە تەواوەتی سیمای خۆی وەرنەگرتووە.

ج: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، سنوورەکان بەهاو مانا و کۆنترۆڵی خۆیان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهاو مانا و کۆنترۆڵی سنوورەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

د: پێشتر سیستمی نێوان دەوڵەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بەڵام ئێستا سیستمی ناو خودی دەوڵەتەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

هـ: لە سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، شەڕە ناوخۆییەکان لەناو خودی دەوڵەتەکە دەمایەوەو پەلی نەدەهاویشت بۆ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئێستا شەڕە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە دەبێت.

و: سیمایەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ ئەوەیە کە ئێستا بۆشاییەکی گەورەی ئاسایش و حوکمڕانی لە ناوچەکە هەیە، ئەمەش وایکردووە لێکەوتەی دیکەی لێبکەوێتەوە.

**ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی دیپلۆماسییەکی ئەکتیڤە، هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کونسوڵخانەیان لە هەولێر هەیە، زیاتر لە ٣٥ دەوڵەتی دیکەش کونسوڵخانەیان لە هەولێر کردۆتەوە**

**ئازادکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە خوێن و قوربانیدانی پێشمەرگە، کوردستانی کردۆتە خاوەنی قووڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ کە پێشتر ئەم قووڵاییە ستراتیژییەی نەبووە.**

**سان زۆ کە یەکێکە لە ستراتیژزانە سەربازییەکانی چین و خاوەنی کتێبی (هونەری جەنگ)ـە دەڵێت: دەرفەتی شکست نەخواردن لە دەستی خۆماندایە، بەڵام دەرفەتی شکست پێدانی دوژمن بەهۆی ئەو دەرفەتانایە کە دوژمن بۆ ئێمەی دەخوڵقێنێت**

ز: پێشتر ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن، دەوڵەتی شکستخواردوو بوونی هەبووبێت، ئێستا تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی شکستخواردوو.

ح: زۆرترین ڕێژەی بێکاری لە جیهاندا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایەو کەمترین کاریگەری لەسەر ئابووری جیهان هەیە. هەر ٢٢ دەوڵەتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٤,٦٪ ئابووری جیهان پێکدەهێنن، ئەمە لە کاتێکدا ئەڵمانیا بەتەنیا ٦,٤٪ی ئابووری جیهان پێکدەهێنێت.

خ: ئەگەر پێشتر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کەوانەی تەنگژە ناسرابێت، ئەوا ئێستا ئەم ناوچەیە بۆتە سەرچاوەی ڕاکێشانی قەیرانەکانی جیهان بۆ ئەم ناوچەیە، ئێستا بەشێك لە ململانێی ڕووسیا و ئەمریکا لە سووریا، بۆ کەمکردنەوەی گۆشاری ئەمریکایە لەسەر ڕووسیا لەسەر پرسی ئۆکرانیا.

**● ململانێی نێوان پرۆژە جیاوازەکان لەسەر پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ**

لە پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر بوونیان هەیە کە ململانێ لەسەر فۆرمەڵەکردنی ئەم پرۆسەیە دەکەن، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

١. پرۆژەی ئەمریکا

ئەم پرۆژەیە لەسەر پێنج خاڵی سەرەکی دامەزراوە کە بریتین لە:

● ڕاگرتنی باڵانسی هێز لە ناوچەکە.

● ڕێگرتن لە دروستبوونی هێزێکی گەورەی هەرێمی کە تەحەددای پێگەو نفوز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا بکات.

● پاراستنی ئاسایشی وزەی جیهان و کاریگەری لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی.

● ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا وەك نەیار سەیریان دەکات.

● ڕێگرتن لە باڵادەستی ڕووسیا و چین و پاراستنی بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی لەناوچەکە.

٢. پرۆژەی ئێران و شیعە

ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی مەزهەبگەرایی شیعەیە و ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕیبەرایەتی دەکات و لەسەر ئەم خاڵانە ڕاوەستاوە:

● ئێران هەوڵدەدات لەسەر ئاستی ناوچەکە خاوەنی باڵادەستییەکی هەرێمی بێت.

● ئێران هەوڵدەدات چەند پێی بکرێت ململانێکانی لەدەرەوەی خاکی خۆی ئیدارە بکات.

● پیادەکردنی شەڕی بەوەکالەت بۆ لاوازکردنی نەیارەکانی.

٣. پرۆژەی تورکیا

تورکیا دەیەوێت لەسەر ئەم بنەمایە ڕۆڵی لە شکڵ پێگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ هەبێت:

● باڵادەست بێت وەك هێزێك لەسەر ئاستی ناوچەکە.

● ئەگەر بۆی کرا، سەرکردایەتی سوننە بکات، ئەمەش بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ناتۆ، باڵادەستی ئیخوان موسلمین لە ڕێگەی ئاك پارتی.

● تورکیا هەوڵدەدات لەسەر ئاستی ناوچەکە باڵادەستی لەسەر بازاڕی وزە و سەرچاوەی وزە هەبێت.

٤. پرۆژەی سعودیە و سوننە

سعودیە هەوڵدەدات لەم پرۆژەیەدا بەمجۆرە ڕۆڵ و پێگەی خۆی دیاری بکات:

● ببێتە هێزی باڵادەست لەسەر ئاستی ناوچەکە و سەرکردایەتی جیهانی سوننە بکات.

● دەیەوێت جێگەی میسر لە سەرکردایەتی وڵاتانی عەرەب بگرێتەوە.

● لاوازکردنی هەژموونی ئێران و لاوازکردنی پێگەی شیعە لەسەر ئاستی ناوچەکە.

٥. پرۆژەی ڕادیکالیزم و توندڕەوەکان

ئەم پرۆژەیە بەزۆری ئەو لایەنانە کاری لەسەر دەکەن کە خۆیان لە چوارچێوەی سەلەفییەتی تەکفیری دەبیننەوەو هەوڵدەدەن ناوچەکە بگێڕنەوە بۆ شێوازەی حوکمڕانیی خەلافەت کە خۆیان تەفسیری بۆ دەکەن و دەیانەوێ ئەم ناوچەیە بکەنە خاڵی دەستپێك بۆ سەرکردایەتی تەواوی بزووتنەوە سەلەفییە تەکفیرییەکان لە جیهاندا، ئەمەش وەك ئەوەی ئێستا داعش دەیکات و پێشتریش قاعیدە کردوویەتی.

٦. پرۆژەی قەومییەتی عەرەبی

ئەم پرۆژەیە هەوڵدەدات لەسەر بنەمای قەومییەتی عەرەبی وڵاتانی عەرەبی یەکبخەن و مافی پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکە پێشێل بکەن.

٧. پرۆژەی ئیسرائیل و لۆبییەکانی

ئیسرائیل پرۆژەی خۆی لەسەر ٣ خاڵ دیاریکردووە کە بریتین لە:

● باڵادەستیی سەربازی.

● هێزی بەرپەرچدانەوە.

● توانای حەسمکردنی کێشەکان بە ڕێگەی هێزی سەربازی.

**ئێستا ڕێژەی بێکاری گەنجان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٨٪ەو ئەگەر ئەم ڕێژەیە لە پێنج ساڵی داهاتوو بگاتە ٣٥٪ کە بەئاسانی دەگات، ئەوا دیاردەی توندڕۆیی و تیرۆریزم زیاتر دەبێت، ئەمەش واتە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری زیاتر بێت**

**دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ٦٪ی دانیشتووانی زەوی پێکدەهێنن، بەڵام بە ڕێژەی ١٪ توانای بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوەیان هەیە**

**بەهۆی پشێوی و ئاژاوەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی هەموو جیهان کەمترین وەبەرهێنانی بیانی تێدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە بەرەو خراپتر بچێت**

**دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشی زۆری خاکەیان بیاباناوییە، هەر بۆ نموونە ڕێژەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٦٪ی دانیشتووانی زەوی پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا ٤,٦٪ زەوییەکانی لەسەر ئاستی جیهان بەکەڵکی نیشتەجێکردن دێت**

٨. پرۆژەی رووسیا
پرۆژەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەم ئامانجانایە:
● دەستگەیشتنی رووسیا بە ئاوە گەرمەکانی دەریای سپی ناوەڕاست.
● پیادەکردنی سیاسەتی پێگەو شکۆی خۆی لەسەر ناوچەکە.
● رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی چەکەکانی.
● باڵادەستیی رووسیا لەسەر دابینکردنی گازی سروشتی بۆ ئەوروپا.
٩. پرۆژەی هەرێمی کوردستان
پرۆژەی هەرێمی کوردستان بۆ شکڵ پێگرتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە خۆی لە دووبارە رێکخستنەوەی سنوورەکانی ناوچەکە بەرجەستە دەکات بۆ ئەوەی کوردستان وەك گەمەکارێکی سەرەکی خاوەنی پرۆژەی خۆی بێت لە ناوچەکەدا.

● **سیناریۆکانی پێنج ساڵی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبن؟**

بەپێی ئەو راپۆرت و توێژینەوانەی بۆ ئەم باسە پشتمان پێ بەستوون، لە پێنج ساڵی داهاتوودا سیناریۆکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرە دەبن:
١. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرەتای قۆناخێکی پڕکێشمەکێشی ئەوتۆدایە کە بە هاوشێوەی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەورووپای سەدەی حەڤدەهەم دەچێت، پێش رێککەوتنی ویستفالیا.
٢. لە پێنج ساڵی داهاتوودا هەڕەشەی داعش و قاعیدە بەردەوام دەبن، ئەمەش واتە تیرۆر بەناو و شێوەی دیکەش بوونیان دەمێنێت.
٣. جارێکی دیکە عێراق نابێتەوە بەو دەوڵەتەی کە پێی دەڵێن دەوڵەتێکی سەنتراڵیی سەقامگیر و بەهێز، لە پێنج ساڵی داهاتوودا ململانێکانی نێوان سوننە و شیعە و شیعەو شیعە و سوننە و سوننە و کورد و عەرەب فراوانتر دەبێت.
٤. لە پێنج ساڵی داهاتوودا هەر یەك لە دەوڵەتەکانی (عێراق، سووریا، لیبیا) بە دەوڵەتە فاشیلەکانی جیهان پێناسە دەکرێن.
٥. لە پێنج ساڵی داهاتوودا ململانێی خۆپڕچەککردن و خۆ بەهێزکردن لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکە زیاتر پەرە دەستێنێت و ئامادەباشی سەربازی بۆ هاتنە ناو کێشەکان زیاتر دەبێت.
٦. لە پێنج ساڵی داهاتوو سەرکردایەتی، یان باڵادەستی هێزی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو لاوازی دەچێت.

● **هۆکارو پاڵنەرەکان بۆ بەردەوامیی ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

خوێندنەوە بۆ بەردەوامیی ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، پێوەندی بە گەشبینی و رەشبینییەوە نییە، بەڵکو ئەو راستی و زانیارییانەی لەبەردەستن، بەم شێوەیە پێنج ساڵی داهاتوو دەخوێننەوە:
١. لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا سیستمی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان دوو گوشاردا دەبێت، یەکەمیان ململانێی نێوان پرۆژە جیاوازەکان و دووەمیان گوشاری هاووڵاتیانی ناوچەکەیە لەخوارەوە بۆ سەرەوە.
٢. لە پێنج ساڵی داهاتوو داهاتی تاکەس لەناو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دێتەخوارەوە، بۆ ئەمەش ئەگەر داهاتی تاکەکەس لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ بریتی بووبێت لە ١١٩٧٧ دۆلار و لەبەرامبەردا داهاتی تاکەکەس لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٧٩٨١ دۆلار بووبێت، ئەوا ئەم رێژەیە لە پێنج ساڵی داهاتوو زیاتر دێتە خوارەوە هەڵناکشێت بۆ سەرەوە.
٣. سووریا لە پێنج ساڵی داهاتوودا وەك دەوڵەتی شکستخواردوو دەمێنێتەوە، بەهەمان شێوە عێراق و لیبیا و یەمەنیش و بەرەو خراپتر دەچن بەرەو باشتر ناچن.
٤. بەهۆی پشێوی و ئاژاوەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی هەموو جیهان کەمترین وەبەرهێنانی بیانی تێدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە بەرەو خراپتر بچێت.
٥. لە پێنج ساڵی داهاتوودا ململانێی شوناسەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەبێت.
٦. هەڕەشەیەکی دیکە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانە، لە ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٥٧ ملیۆن کەس بووە، مەزندە دەکرێت لە ٢٠٢٥ بگاتە ٤٦٨ ملیۆن، کێشەی سەرەکی لە زۆری رێژەی دانیشتووانەکە نییە، بەڵکو لە فراوانبوونی بێ بەرنامەیی ژمارەی شارنشینەکانە، لە ساڵی ٢٠١٥ رێژەی شارنشین ٥٦٪ بووە، مەزندە دەکرێت لە ٢٠٢٠ بگاتە ٦١،٤٪.
٧. دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشی زۆری خاکەیان بیاباناوییە، هەر بۆ نموونە رێژەی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٦٪ی دانیشتووانی

**جارێکی دیکە عێراق نابێتەوە بەو دەوڵەتەی کە پێی دەڵێن دەوڵەتێکی سەنتراڵیی سەقامگیر و بەهێز، لە پێنج ساڵی داهاتوودا ململانێکانی نێوان سوننە و شیعە و شیعەو شیعە و سوننە و سوننە و کورد و عەرەب فراوانتر دەبێت**

**لە سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، شەڕە ناوخۆییەکان لەناو خودی دەوڵەتەکە دەمایەوەو پەلی نەدەهاویشت بۆ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئێستا شەڕە ناوخۆییەکان کاریگەری لەسەر تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە دەبێت**

**پێشتر دەوڵەتانی ناوچەکە هەر چۆنێك حوکمڕانی تێدا کرابێت، ناسنامەیەکیان هەبووە، بەڵام ئێستا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی ناسنامەیان هەیە و ناسنامەی دیکە وەك ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی خەریکە جێگەی ناسنامەی دەوڵەت دەگرێتەوە**

**لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، سنوورەکان بەهاو مانا و کۆنترۆڵی خۆیان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهاو مانا و کۆنترۆڵی سنوورەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە**

**ئەگەر لە سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، دەوڵەت تەوەری سەرەکی بێت، وەک فاکتەرێک بۆ فۆرمەڵەکردنی هاوکێشە سیاسییەکان، ئەوا ئێستا دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، یان دەوڵەتی شکستخواردوون، یان بەرەو دەوڵەتی شکستخواردوو دەچن، یان دەوڵەتی لاوازن، یان دەوڵەتی شپرزە و لەبەریەک هەڵوەشاون، ئەمەش مانای ئەوەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا چیتر دەوڵەت فاکتەری سەرەکی نابێت**

**تورکیا هەوڵدەدات لەسەر ئاستی ناوچەکە باڵادەستی لەسەر بازاڕی وزە و سەرچاوەی وزە هەبێت**

**ئێران هەوڵدەدات لەسەر ئاستی ناوچەکە خاوەنی باڵادەستییەکی هەرێمی بێت و چەند پێی بکرێت ململانێکانی لەدەرەوەی خاکی خۆی ئیدارە بکات**

زەوی پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا ٤,٦٪ زەوییەکانی لەسەر ئاستی جیهان بەکەڵکی نیشتەجێکردن دێت، هەروەها کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ٦٪ی دانیشتووانی زەوی پێکدەهێنن، بەڵام بە رێژەی ١٪ توانای بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوەیان هەیە.

٨. ئێستا رێژەی بێکاریی گەنجان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٨٪ـەو ئەگەر ئەم رێژەیە لە پێنج ساڵی داهاتوو بگاتە ٣٥٪ کە بەئاسانی دەگات، ئەوا دیاردەی توندڕۆیی و تیرۆریزم زیاتر دەبێت، ئەمەش واتە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری زیاتر بێت.

ئەم خاڵانە پێمان دەڵێن لە پێنج ساڵی داهاتوودا ناوچەکە لەبەردەم دوو سیناریۆدا دەبێت:

ئ: یان ئەوەتا بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بناخەیەکی پتەو بۆ سیستمێکی نوێ لە ناوچەکە دادەڕێژرێت.

ب: یان ئەوەتا ئەم بارودۆخە دەبێتە فاکتەر و هاندەری بەردەوامیی تەواوی توندڕۆیی و زیادبوونی تیرۆریستان بۆ پێنج ساڵی دیکەش.

دەبێت ئەگەری هاتنەئارای ئەم دوو ئەگەرە بەجددی دیراسەت بکرێت و ئامادەباشی بۆ هەریەکەیان بکرێت.

### ● پێگەی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی هاتنەئارای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی دروست و دوور لە سۆزی حزبایەتی بۆ پێگەی کوردستان لە پرۆسەی هاتنەئارای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بکەین، من پەنا دەبەمە بەر ئەو چوارچێوەیەی کە گراهام ئەلیسن ستراتیژزانی ئەمریکا بۆ خوێندنەوەی کێشەکان دیاری کردوون، کە بریتین لە:

١. گرنگە بزانین لەدەوروبەری ئێمە لە ئێستادا چی روودەدات.

٢. گرنگە بزانین لەناو ئەم بارودۆخەدا، رووداوە راستەقینەکە کامەیە.

٣. دەبێت لە خۆمان بپرسین ئەم رووداوانە بۆچی بۆ ئێمە گرنگن؟

٤. ئایا دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین، کاردانەوەمان هەبێت، یان پشتگوێی بخەین، یان سەیر بکەین و چاوەڕێ بکەین؟

دەخوازم لە چوارچێوەی ئەم چوار رەهەندە خوێندنەوە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان لەناو ئەم پرۆسەیە بکەین. لێرەوە ئەگەر سەرنج لە رووداوەکانی ناوچەکە بدەین، ئاشکرایە لە هەر شوێنێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێك رووبدات، کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت. بۆیە لەم چوارچێوەیە دەبێت ئێمە خۆمان بۆ پێشهاتەکان و ئەگەری گۆڕانکارییەکان ئامادەبکەین.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چی بکەین و چۆن دەست پێ بکەین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پەنا بۆ گوتەیەکی سان زۆ دەبەم کە یەکێکە لە ستراتیژزانە سەربازییەکانی چین و خاوەنی کتێبی (هونەری جەنگ)ـە کە دەڵێت : «دەرفەتی شکست نەخواردن لە دەستی خۆماندایە، بەڵام دەرفەتی شکست پێدانی دوژمن بەهۆی ئەو دەرفەتانایە کە دوژمن بۆ ئێمەی دەخوڵقێنێت.» بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدەدەم ئەو دەرفەتانەی لەبەردەممانن و ئەو هەڕەشانەی رووبەڕوومان دەبنەوە لەم پرۆسەیەدا پۆلێن بکەم.

### ● دەرفەت و هەڕەشەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی هاتنەئارای رۆژهەڵاتی نویدا

ئاشکرایە ئێستا کوردستان لە نەخشەی جیۆپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا، پێگەیەکی گەورە و دیاری هەیە، لە هەمانکاتدا لە هەوڵێکی گەورەدایە بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی بەرەو سەرکەوتن ببات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کوردستان چۆن مامەڵە بکات؟ ئایا دەستپێشخەربێت، یان چاوەڕێ بکات و سەیربکات، یان وەك هەندێك دەڵێن بگەڕێینەوە بۆ بەغداو شانسێکی دیکە بدەینەوە بە بەغدا؟ بەپێی بۆچوونی ئێمە ئەمانە هیچیان سوود بە کورد و پرۆسەی سەربەخۆیی ناگەیەنن، بەڵکو دەبێت لە روانگەی ئەو دەرفەتانەی هاتوونەتەپێش هەنگاو هەڵبگرین و خۆمان ئامادەبکەین بۆ ئەوەی رووبەڕووی تەحەددی و هەڕەشەکان ببینەوە، ئەمانەش بەمجۆرە دەخەینەڕوو:

### ● ئەو دەرفەتانەی لە ئێستادا لەبەردەمی هەرێمی کوردستانن:

١. سیستمی سایکس پیکۆ و سنوورەکانی لەبەریەك هەڵوەشاون.

٢. پرۆژەی قەومییەی عەرەبی و شۆڤینیزیمی عەرەبی شکستی هێناوە.

٣. بازنەی هاوپەیمانە نەریتییەکانی ناوچەکە لەبەریەك هەڵوەشاونەتەوە.

٤. دەوڵەت وەك تاکە ئەکتەری سەرەکی لە یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکاندا بوونی نەماوە.

٥. دروستبوونی رایەڵەیەك بۆ پێکەوە بەستنەوەی تواناو بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە تواناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکێشەکانی ناوچەکە.

٦. مۆدێلی حوکمڕانیی سەنتراڵی توند و داخراو شکستی هێناوە.

٧. هێزی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان بۆ بەرژەوەندی کورد و پرۆسەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

٨. کورد بۆتە خاوەنی بڕیار لەسەر سامانی سروشتیی خۆی لانیکەم لە هەرێمی کوردستاندا.

٩. فراوانبوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و خێرایی پێوەندییەکان.

١٠. ئازادکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە خوێن و قوربانیدانی پێشمەرگە، ئەمەش کوردستانی کردۆتە خاوەنی قووڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ کە پێشتر ئەم قووڵاییە ستراتیژییەی نەبووە.

١١. ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی دیپلۆماسییەکی ئەکتیڤە، هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کونسوڵخانەیان لە هەولێر هەیە، زیاتر لە ٣٥ دەوڵەتی دیکەش کونسوڵخانەیان لە هەولێر کردۆتەوە.

١٢. کوردستان سەلماندوویەتی کە خاوەنی کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان و فاکتەری سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا.

● لەبەرامبەر ئەم دەرفەتانەی بۆ کوردستان هاتوونەتە پێشەوە، ئایا هەڕەشە و تەحەددییەکان چین؟

لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١. پەرتەوازەیی بەرەی ناوخۆ لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

٢. مەترسیی بوونی هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە دیاریکراوی پەکەکە بۆ بوون بە ئاستەنگ و ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا.

٣. بە کۆتایی هاتنی داعش لە موسڵ، مەترسیی تیرۆر لەسەر کوردستان تەواو نابێت، بەشێك لە هەڕەشە بەردەوامەکان هەڕەشەی تیرۆرە لەسەر کوردستان.

٤. ئەو ژینگە لەبارەی بۆ تیرۆر و ناسەقامگیری لە دەوروبەری کوردستان دروست بووە.

٥. پاشماوەی دەوڵەتانی فاشیلی دەوروبەری کوردستان زۆر جار دەبنە هەڕەشە لەسەر کوردستان.

٦. ئەگەری کەوتنەوەی شەڕێکی ئیقلیمی لەناوچەکە، هەر شەڕێك دروست بێت، پریشکی بەر کوردستان دەکەوێت،

٧. ململانێی توندی شیعە و سوننە پریشکی بەر کوردستان دەکەوێت.

٨. پاشەکشەی زلهێزەکان لە ناوچەکە، واتە دروستبوونی بارگرانی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز.

٩. شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری چۆن بەدیوێکدا دەرفەتە، بە دیوێکی دیکەشی هەڕەشەیە بۆ سەر کوردستان.

١٠. پرۆسەیەکی بەردەوامیی ناوزڕاندن و نەهێشتنی مەشرووعییەتی قورسایی نیشتمانی و نەتەوەیی لەلایەن سۆشیال میدیا و بەشێك لە میدیاکان و هەندێك لایەنەوە درێژەی پێدەرێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تاکی کوردستان نائومێد بێت و بڕوای بە پرۆسەی سەربەخۆیی نەمێنێت.

**● بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان چ سیاسەتێك بگرینە بەر؟**

بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە سوود لە دەرفەتەکان وەربگرین و خۆمان ئامادەبکەین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان، ئەم خاڵانە بە گرنگ دەزانین:

● زۆر گرنگە کراوە و پراگماتیك بین، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەر کاتێك و لە هەر شوێنێك دەرفەت هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی هەنگاوێك هەڵبگرین، دەبێت ئەو هەنگاوە هەڵبگرین و لێی دوودڵ نەبین.

● زۆر گرنگە پلان و بەرچاوڕوونی نیشتمانییانەمان هەبێت بۆ ئەوەی بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشهات و بارودۆخی تازە بکەین.

● پاراستنی یەکڕیزیی ناوخۆیی کوردستان، لەوانەیە ئەو سەردەمە بەسەرچوبێت کە سەددەرسەد بتوانین یەکڕیزی دروست بکەین، بەڵام لانیکەم پێویستە لەنێوان ئەو هێز و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییانەی بڕوایان بە پرسی سەربەخۆیی هەیە، یەکڕیزی و یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی هەبێت.

● سیاسەتێك بگرینەبەر کە پرۆژەکانمان پرۆژەی کوردستانی بێت، چوارچێوەی ئەم سیاسیەتە پاراستن و گەشەسەندن و مانەوەی هەرێمی کوردستان بێت و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەك بکرێت.

● دیپلۆماتییەتی فرەڕەهەندو ئاراستە بگرینەبەر بە رووی هەموو لایەکدا کراوە بین و هەموو هێلکەکان نەخەینە یەك سەبەتەوە.

● پرسی پاراستن و ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز ئەولەوییەتی هەموو لایەکمان بێت.


---

***بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئەگەر لە سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، دەوڵەت تەوەری سەرەکی بێت، وەک فاکتەرێک بۆ فۆرمەڵەکردنی هاوکێشە سیاسییەکان، ئەوا ئێستا دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، یان دەوڵەتی شکستخواردوون، یان بەرەو دەوڵەتی شکستخواردوو دەچن**

**بە پێی هەموو ئەو هەوڵانەی دراون بۆ خوێندنەوەی پرۆسەی هاتنەئارای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، هەموویان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن کۆتایی پێهاتووە، بەڵام هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەتەواوەتی شکڵی خۆی نەگرتووە**

**هەرێمی کوردستان بەتەنیا خاوەنی ٨٪ی یەدەگی گازی سروشتییە لە جیهاندا، لەمەش زیاتر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شادەماری گواستنەوەی وزەی جیهانی دادەنرێت**



**جێفری فریدمان، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی دارتماوس و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەکی و دیراساتی ئەمنی و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری سیاسەتی دەرەکی لە زانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە. بۆ تیشك خستنەسەر ئەگەرەکانی پەیوەست بە سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەبارەی کاروبارە دەرەکییەکان و یەکلاکردنەوەی ئەوەی تا چ رادەیەك سیاسەتێکی جیاواز بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما پیادە دەکات، بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خستەڕوو.**

**هیچ هێزێک هێندەی هێزە کوردییەکان و هێزە عێراقییەکان و کوردی سووریا پاڵنەری شەڕکردنیان لە دژی داعش نەبووە**

*** چۆن لە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت و چ پێشبینییەکت بۆ سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە ئایندەدا هەیە؟**

- لە راستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئایا دەقاودەق سەرۆك ترەمپ چۆن هەوڵ دەدات ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ دەکردن، بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردنی ترەمپ نادڵنیاییەکی زۆری لەبارەی رۆڵی ئەمەریکا لە جیهاندا دروست کرد، ئەمەش کاریگەری گەورەی لێدەکەوێتەوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ترەمپ دابڕانێك لە سیاسەتەکانی پێش خۆی دروست دەکات؟**

- هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێین کە ئایا دەقاودەق سەرۆك ترەمپ تا چ رادەیەك دابڕان لە سیاسەتەکانی پێش خۆی دروست دەکات، چونکە ئەو باسی لەوە کردووە کە دەیەوێت پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ رووسیادا رێکبخاتەوە، بەڵام باراك ئۆباما-ش ئەم قسەیەی کرد، کاتێك دەسەڵاتی گرتەدەست، کە دواتر ئەمە رووینەدا، هەروەها دۆناڵد ترەمپ بەڵێنی دا کە بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکە بهێنێت، بەڵام هێشتا وردەکارییەکانی نازانرێت.

*** ئەی پێتوایە ئەو کاردانەوەو ناڕەزایەتییانەی لەدژی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ترەمپەوە سەریانهەڵدا، چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، ئێمە دەزانین کە سەرۆك ترەمپ بایەخێکی زۆر بەوە دەدات کە رای گشتی چۆن لێی دەڕوانن، ئەو خوازیاری ئەوەیە وەك سەرۆکێکی سەرکەوتوو لێی بڕواندرێت. لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا ئەوەمان بینی کە بایەخێکی زۆری بەوە دەدا کە رەخنەگرەکانی چۆن لێی دەڕوانن. هەروەها ئەو هێرشی دەکردە سەر رەخنەگرەکانی، کە ئەوەش بۆی هەیە کاریگەری هەبێت.

*** ئەی پێتوانییە کارو کردەوەکانی، یان سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئۆباما جەمسەرگیری لە نێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا دروست دەکات؟**

- لە راستیدا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە دەریانخست کە حاڵی حازر جەمسەرگیرییەکی قووڵ لە نێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا هەیە، ئەمە حاڵەتەکە بووە لەسەردەمی هەر سێ ئیدارەکەی ئۆباما و بوش و کلینتۆندا. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەشدا دەرکەوت کە لایەنەکان ئاسودە دەبوون بە هێرشکردنی راستەوخۆ بۆ سەر یەکتری، کە ئەمەش ئەو جەمسەرگیرییەکی زەق کردەوە. هەندێ کەسیش پێیانوایە بوونی موعارەزەیەکی ناوخۆی تۆکمە دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، هەندێ کەسی دیکەش نیگەرانن لەوەی ئەم جەمسەرگیرییە بەرەو مەودایەکی دوورتر ببردرێت.

*** هەروەك دەزانن کە تێکشکاندنی داعش بە بێ ئەو هێزانە ناکرێت کە لەبەرەی پێشەوەی شەڕەکەدان لەدژی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینییەکی واقیعبینانەیە کە چاوەڕێی ئەوە بکەین ئیدارەی ترەمپ هاوکاری زیاتری کورد دەکات لە ئایندەدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کورد رۆڵی کارای لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا بینیوە؟**

- ئەوە راستییە کە لە شەڕی دژ بە داعشدا ئەمەریکا

### جێفری فریدمان تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەکی بۆ گوڵان:

# نەک تەنیا سەرۆک ترەمپ بەڵکو وەزیری بەرگری و راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیش هەڵوێستی زۆر توندیان بەرامبەر ئێران هەیە

پشت بە هاوبەشە مەحەلییەکانی دەبەستێت، کە ئەو هێزانە ئێستا و پێشتریش هێزی زەمینی بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم شەڕە. ئەوەش ئاشکرایە کە هیچ هێزێك هێندەی هێزە کوردییەکان و هێزە عێراقییەکان و کوردی سووریا پاڵنەری شەڕکردنیان لە دژی داعش نەبووە، من دڵنیام کە دەتوانن بەسەر جیاوازییەکانیشاندا زاڵ بن، بەلای کەمەوە لە مەودای نزیکدا.

*** راوبۆچوونت چییە لەبارەی بەڵێنی ترەمپ بەوەی هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی داعش چڕدەکاتەوە؟**

- راستە سەرۆك ترەمپ بەڵێنی داوە بە هەڵکشانی شەڕەکە لە دژی داعش، بەڵام ئێمە دڵنیانین ئایا ئەو شەڕە چەند ساڵێکی دیکە دەخایەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئاماژەیەکی نەخستۆتەڕوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا.

*** بەڵام ئایا ستراتیژیەتێکی جیاوازتر لە ئیدارەی ئۆباما لەم رووەوە پیادە دەکات؟**

- لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا سەرۆك ترەمپ بەڵینی دا کە سروشتی شەڕەکە بگۆڕێت، هەروەها ئەو هەمیشە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ستراتیژیەتێکی باشتر لە ستراتیژیەتی ئۆباما دەگرێتەبەر بۆ لەناوبردنی داعش، بەڵام تاوەکو پلانەکە نەبینین، ئەوا ناتوانین ئەوە یەکلابکەینەوە کە چۆن ستراتیژیەتەکەی ئەو لە ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما جیاوازترە.

*** ئەی پێتانوایە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ ئێراندا بکات، یاخود لەو باوەڕەدان کە رێکاری توند لەدژی ئێران بگرێتەبەر بۆ ئیحتیواکردنی رۆڵی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا؟**

- پێشبینی دەکرێت سەرۆك ترەمپ سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر، نەك تەنیا لەبەر لێدوانەکانی ترەمپ، بەڵکو بەهۆی ئەوەی وەزیری بەرگری جەیمس ماتیس و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی مایك فلین هەڵوێستی سەرسەختانەیان هەیە لە ئاست ئێراندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە نازانین دەقاودەق ئەم سیاسەتانە چۆن دەبن، چونکە گرتنەبەری ئەم سیاسەتانە پێویستی بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی دیکە دەبێت، وەك ئەوروپییەکان، لە کاتێکدا ئەوان دوودڵن ئەم کارە بکەن.

*** ئاشکرایە لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا هەندێ لە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا نیگەرانییان بۆ دروست بوو لە دوای رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ترەمپ چۆن دەتوانێت جارێکی دیکە ئەم هاوپەیمانانە دڵنیابکاتەوە؟**

- لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا بەڕێز ترەمپ رەخنەی لە ئیدارەی ئۆباما گرت، کە وەك پێویست پشتیوانی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبووە، کەواتە دەزانین کە ئەمە مەسەلەیەکە ترەمپ بایەخی پێدەدات. لە پێوەندی بە ئیسرائیلیشەوە، ئەو باڵیۆزێکی داناوە کە تەواو لەگەڵ بوونی پێوەندی نزیکترە لە نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیلدا. لەبەر ئەوە مەزەندەی ئەوە دەکەم کە لە ئێستادا ئیسرائیلییەکان ئاسوودەتر لە پێوەندییەکانیان بڕوانن لەگەڵ ئەمەریکا بە بەراورد بە هەفتەیەك پێش ئێستا. لە پێوەندی بە هاوپەیمانە عەرەبەکانەوە لە ناوچەکەدا، من پێموایە دۆخەکە ئاڵۆزترە، چونکە سەرۆك ترەمپ سەرکردەیەکی پێداگیرترە لە سەرۆك ئۆباما، بەڵام هێشتا ئێمە نازانین وردەکاری ئەم مەسەلەیە چۆن دەکەوێتەوە.

**مەزەندەی ئەوە دەکەم کە لە ئێستادا ئیسرائیلییەکان ئاسوودەتر لە پێوەندییەکانیان بڕوانن لەگەڵ ئەمەریکا بە بەراورد بە هەفتەیەک پێش ئێستا**

### پیتەر کاتزنشتاین پرۆفیسۆری دیراساتی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپدا عێراق پێگەیەکی گەورەی نابێت

*** زۆر لە چاودێران پێیانوایە دوای ئەوەی ترەمپ چووە کۆشکی سپییەوە، سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا دێت کە دەگاتە ئەوەی بڵێین جیهانی پێش ترەمپ و جیهانی دوای ترەمپ، ئایا ئەم پێشبینییە لە جێگەی خۆیدایەو جیهان بەو ئاستە گۆڕانکاری بەسەردا دێت کە هاتنی ترەمپ لێکی جیادەکاتەوە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە رۆژگارێکی نوێ دەستی پێکردووە؟**

- لە راستیدا هێشتا زووە ئەمە یەکلابکەینەوە. پەرەسەندنەکانی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٧دا بە هەمان ئەندازە گرنگییەکی گەورەیان هەیە، هەروەها ئەوەش گرنگە کە ترەمپ ئەنجامی دەدات، نەك ئەوەی رایگەیاندووە کە ئەنجامیان دەدا.

**کەسایەتیی ترەمپ بە چەشنێکە کە جەمسەرگیرییەکی قووڵ دروست دەکات و ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە، هەرگیز جارێکی دیکە دەنگی پێنادەنەوە**

*** لەگەڵ دەست بەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك ٤٥ەمین سەرۆکی ئەمەریکا، جۆرێك لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە ئەمەریکا و ئەوروپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان بەرێوەچوو، ئەمەش یەکەم جارە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا دەکرێت، ئایا تا چەند ئەم خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینانە کاریگەری لەسەر ئەدای ئیدارەکەی ترەمپ دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی؟**

- لە راستیدا خودی ئەم خۆپیشاندانانە کاریگەرییەکی گەورەیان لێناکەوێتەوە. خۆپیشاندانە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانیکردنی ئۆباما زۆر هاوکاری نەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر حەمماسی ئەو گردبوونەوە بەربڵاوانە ببنەهۆی ئاستێکی بەرزتری بەشداریکردن و دەنگدان لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠٢٠، ئەوا کاریگەرییان دەبێت. کەسایەتیی ترەمپ بە چەشنێکە کە جەمسەرگیرییەکی قووڵ دروست دەکات و ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە، هەرگیز جارێکی دیکە دەنگی پێنادەنەوە.

*** هەروەها ترەمپ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەولەوییەتی ئیدارەکەی ئەوە دەبێت کە هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش چڕتر بکاتەوە بۆ ئەوەی داعش بە توندترین شێوە تێکبشکێنێت، ئەمەشی بە هاوکاری ئەو لایەنانە بۆ دەکرێت کە راستەوخۆ شەڕی داعش دەکەن، بیروبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا پێموایە ئەو زوو بەو راستییە ئاشنا دەبێت کە کارکردن لە نێو لایەنە شەڕکەرە جیاوازەکانی شەڕی بەوەکالەتی سووریا (رووسیا، تورکیا، ئێران و سعودیە)، نابێتە هۆی ئەوەی گرتنەبەری دیپلۆماسییەتێکی سادە سەرکەوتوو بێت.

*** ترەمپ نەیشاردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی داعش ئەوەیە کە ئیدارەی ئۆباما هێزەکانی لە عێراق کشاندەوەو حکومەتی عێراقیش**



**پیتەر کاتزنشتاین پرۆفسیۆری دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی کۆڕنێڵ، پێشتر سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی سیاسیی ئەمەریکی بووەو لە چەند ئامۆژگایەکی بەناوبانگ توێژەر بووە، وەك ئامۆژگای پریسنتۆن بۆ توێژینەوەی باڵاو سەنتەری وودرۆ ویلسۆن. بۆ قسەکردن لەبارەی کاریگەرییەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەسەر کاروبار و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ئەو ئاکام و ئەنجامانەی چاوەڕوان دەکرێت لەسەر ئەم ناوچەیە هەیانبێت و چەند پرس و بابەتێکی گرنگی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**سیاسەتێکی خراپی لە حوکمڕانی پیادە کرد، کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داعش دروست نەبێتەوە، ترەمپ هەوڵدەدات هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و کوردستان بمێنێتەوە، هەروەها پرۆسەی سیاسی رێکبخاتەوە، ئایا تا چەند سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر بە عێراق سیاسەتێکی جیاواز دەبێت لە ئیدارەی ئۆباما؟**

- لە راستیدا دەتوانین یەك شت بە دڵنیاییەوە بڵێین، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە نازانین چۆن هەڵسوکەوت دەکات. پێدەچێت ئێوە پێتانوابێت کە قسەکانی ترەمپ پێوەندییان بە رەفتارەکانیەوە هەبێت. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە ئەو دەستەواژە و دەربڕینەکانی بۆ دروستکردنی ئاڵۆزی و تەمومژی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت مروونەتێك بۆ خۆی دەستەبەر بکات. لە هەموو ئەو پرسانەی ئێوە ئاماژەیان پێدەکەن، ئەو شارەزاییەکی زۆری نییە لەبارەیانەوەو بۆچوونی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ هەندێ لە ئەندامە باڵاکانی کابینەکەی و خودی پارتەکەی، کەواتە کێ دەزانێت ئەو چی دەکات؟

*** ئەوانەی دیراسەتی بارودۆخی عێراق دەکەن، گومان لەوە دەکەن کە عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئایا پێتوایە چارەنووسی ئەم وڵاتە دابەشبوون بێ؟ ئایا پێت وایە لە ئاسۆدا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دەرکەوتووە؟**

- لە راستیدا هیچ شتێك بە دوور نازانرێت، بەڵام عێراق پێگەیەکی گەورەی نابێت لە ساڵانی سەرەتای سەرۆکایەتییەکەی ترەمپدا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کە رووداوی دەرەکی رووبدەن و ناچاری بکەن ئەم کارە بکات.

*** سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە ترەمپ هەڵوێستی توند بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران دەگرێتەبەر و جەختی لەوەش کردووەتەوە کە رێککەوتنی ( ٥+١ لەگەڵ ئێران) خراپترین رێککەوتنە کە کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە رێوشوێنی توند دەگرێتەبەر بەرامبەر ئێران، ئایا ئەمە زەمینەی ئەوە دروست ناکات کە بۆ خۆپاراستن گورزێکی سەربازی لە ئێران بوەشێنێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد پێموایە تێڕوانینی ئێوە لەسەر ترەمپ ورد نییە، لەبەر ئەوەی پێتانوایە لێدوانەکانی گرێدراوی دەرئەنجامگەلێکی چاوەڕوانکراون. لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری لێدوانەکانی بەم شێوەیە نین، تەنیا چاوەڕوان دەکرێت کار لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە بازرگانی و دروستکردنی دیوار و داعش بکات، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی بنکە سیاسییەکەی.

**بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی بنکە سیاسییەکەی چاوەڕوان دەکرێت ترەمپ کار لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە بازرگانی و دروستکردنی دیوار و داعش بکات**

# ئیسلامی سیاسی و هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کێشەی ئیسلامیی سیاسی بە هەردوو باڵە سوننە و شیعەکەیەوە لە واقیعی عێراقەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بریتییە لە گواستنەوەی ئەزموونی دەرەوە و ئەو هەلومەرج و گرژییەی کە تایبەتە بە خودی کێشەکەوە، دواتر هەوڵی بە ژینگەییکردن و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی هەمەلایەن و فرەجۆری عێراقدا، رەنگە ئەو ئەزموونە کۆپیکراوەش بۆ کۆمەڵگای عێراقی دەست نەدات، چونکە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و مەزهەبە کە لە ماددەی سێیەمی دەستوور ئاماژەی پێکراوە.

لە ساڵانی چلەکاندا محەمەد مەحمود سەوافی موسڵی چاوی بە حەسەن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین کەوتبوو، قەناعەتی بە پرۆژە ئیسلامییە جیهانییەکەی هێنابوو، ئەویش بە گواستنەوەی ئەم ئەزموونە بۆ عێراق بە شێوەی رێکخستن شانبەشانی شێخ ئەمجەد زەهاویی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی (ئیخوەی ئیسلامی)، چەندین شانەی رێکخستنی بانگخوازیش لە پارێزگاکانی رۆژئاوادا هەبوون، تەنانەت لە کوردستانیش بە شێوەی جیاواز لە هەولێر لە رێی تەکییەکانی بەرزنجەوە، هەروەها لە کەرکوك و هەڵەبجە هەر هەبوون، ئیسلامی سیاسیی سوننە باڵی ئیخوانە لە عێراق، باڵە عەرەبییەکەی حزبی ئیسلامی عێراقی کە ئەیاد سامەرائی نوێنەرایەتیی دەکات و لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە، باڵە کوردستانییەکەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی سەڵاحەددین بەهائەددین نوێنەرایەتی دەکات و لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزرا، هەتا حزبی تەحریری سوننی عێراقی بە سەرۆکایەتیی عەبدولعەزیز بەدری ئەزموونێکی فەڵەستینی بوو بە سەرۆکایەتیی تەقییەدین نەبهانی، بۆیە عێراق ئەم جۆرە پرۆژانەی لا پەسند نییە، رەنگە سەرەتا خەڵکەکە قبووڵیان بکات، دواتر ناوەڕۆکەکەیان ئاشکرا دەبن بە درووشمە بریقەدارە ئایین و سیاسییەکانیانەوە، بۆیە ئیسلامی سیاسیی سوننی پرۆژەیەکی تەواوی دەربارەی چەمکی دەوڵەتی نیشتمانیی و نیشتمانپەروەری و دەوڵەتی مەدەنی و پرەنسیبەکانی دیموکراسی و فرەیی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی



نێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان نییە، لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسیی سوننی بەدوای بەدیلێکی دیکەدا دەگەڕێن تا بەرگی ئیسلامیان لێ داماڵرێت، دکتۆر سەلیم جبوری کە سەرکردەیەکی ئیسلامییە لە حزبی ئیسلامیی سەر بە ئیخوان موسلمین، حزبێکی بە ناوی ئەلوەتەن دامەزراند، لە راستیدا ئیسلامی سیاسیی سوننە دەسەڵاتی لە عێراق وەرنەگرتووە تا حوکم لەسەر شکستەکەی بدەین، بەڵام لە رووی پرۆژە سیاسییەکەیەوە حوکمی دەدەین، لە میسر بۆ نموونە ئیسلامی سیاسیی ئیخوان شکستی هێنا، بۆیە گواستنەوەی ئەو ئەزموونە بۆ عێراق شکستە، لەبەرئەوە لەسەر حزبی ئیسلامی عێراقی پێویستە بیر لە بەدیلێکی دیکە بکاتەوە، کە عێراقی و نیشتمانپەروەریی بێت، ئەمە لەسەر یەکگرتووی ئیسلامیش لە کوردستان جێبەجێ دەبێت.

دەبینین زۆر چاوخشاندنەوەی جیددی و بەهێز هەن لەلایەن ئیسلامی سیاسیی سوننەوە دەربارەی گوتارو پرۆگرامەکەی و شێوازی بیرکردنەوە، لە کوردستان سەرانی ئیسلامی سیاسی هەوڵدەدەن بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پێکبهێنن، کە یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی بگرێتەوە، ئەوەی پەیوەستە بە ئیسلامیی سیاسیی شیعییەوە، ئەوا حزبی دەعوە بە دایکی کۆمەڵە حزبە ئیسلامییە شیعییەکان دەژمێردرێت، لەساڵی ١٩٥٧ دامەزراوەو کاریگەریی ئیخوان موسلمینی لەسەر بووە لە رووی رێکخستن و پرۆگرام و بانگخوازییەوە، بۆیە نزیکییەك لەنێوانیاندا بەرچاودەکەوێت، کتێبەکانی ئیخوان رەواجێکی بەهێزی لای حزبی دەعوە هەیە، بەتایبەتی کتێبەکانی سەید قوتب و غەزالی و هەندێ کتێبی قەرەزاوی، نابێ رۆڵی فیکریی و رۆشنبیریی مەرجەعییەکانی شیعە لەیادبکەین، لەسەرروویانەوە محەمەد باقر سەدر، هەردوو باڵی دەعوەی شیعەو ئیخوانی سوننە لە سەرەتای دامەزراندیانەوە گوتارەکانیان لەسەر زاراوەی یەکگرتوویی و لایەنی پەروەردەیی و بانگەوازخوازیی بووە، بەڵام دواتر شوێنکەوتووانیان زیادی کردو

بەرەو بزووتنەوەی سیاسی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات هەنگاویان نا، ئەمەش سرووشتی زۆربەی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانە کە لە پەروەردەو باگخوازییەوە دەست پێدەکەن، دواتر بە توندوتیژی و پەڕگیری و کوشتن و گەندەڵی کۆتایی دێت، مێژووی خوێناوی ئیخوان موسلمینمان لەبیرە کە سەرەتا بە بانگخوازیی و پەروەردە دەستی پێکردو لەکۆتاییدا دوای دەرچوونیان لە هەڵبژاردنی ٢٠١٢ بوونە رێکخراوێك بۆ پاکتاوکردنی دوژمنەکانیان، بەڵام شکستیان هێنا لە ئیدارەکردنی میسر بەبەراورد بە مێژووی خەباتیان، ئیسلامی سیاسی توانای وەرگرتنی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام ناتوانێت بەڕێوەی ببات، هەروەك ئاماژەمان پێکرد لە میسر، بۆ حزبی دەعوەش لە عێراق بە هەمان شێوە، توانی لە هەڵبژادن بباتەوە، بەڵام نەیتوانی عێراق بەڕێوەببات، چونکە وەك ئیخوان دیدگای تەواوی نەبوو دەربارەی چەمکی دەوڵەتی نیشتمانی و پرەنسیبەکانی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی راستەقینە، کاتێ دەگەنە دەسەڵات سەریان لێ دەشێوێت و دەیانەوێت تەنیا پرەنسیبەکانی حزب بەسەر دەوڵەتدا پیادەبکەن، ئەوان نازانن دەوڵەت بۆ هەمووانە، نەك بۆ حزب، بریتییە لە یاساو دەستوورو دادپەروەری و یەکسانیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بێ پەراوێزخستن و بەلاوەنان.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی موحەمەد مورسی لە میسر، ئەو پیاوە پابەند بوو بە فەرمانەکانی نووسینگەی رێنمایی سەر بە مەحەمەد بەدیع رابەری گشتیی ئیخوان موسلمین، هەموو فەرمانەکانی لەو وەردەگرت و پرەنسیبەکانی حزبی بە نهێنیی بەسەر دەوڵەتدا جێبەجێ دەکرد، کاتێکیش حزبی دەعوە لە ٢٠٠٥ سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرت و ئیبراهیم جەعفەری بوو بە سەرۆك وەزیران، دواتر بە کردەنی لە ٢٠٠٦دا بۆ ماوەی ٨ ساڵ نوری مالیکی وەریگرت، کەوتنە هەمان هەڵەی ئیخوان موسلمینەوە، ئەم حزبە لەمیانی بەئایدیۆلۆژییەتکردنی دەوڵەتەوە بە سەرۆکایەتیی مالیکی وڵاتی بەم قۆناغە سەختە گەیاند، کە ویستی هێزو دەعوە بەیەکەوە کۆبکاتەوە، واتا لاسایی سەدام حوسێن بکاتەوە کە هەموو شتێك کۆنترۆڵ بکات لەرێی بەئارەزووکردن و تۆقاندنەوە، ئەمەش بە کۆنترۆڵکردنی میدیاو راگەیاندنەکانی عێراق و وەلای دامەزراوەی سەربازی و کڕینی قەڵەم، ئەوەی بە گوێی ئەو بکات لە خێری وڵات دەخوات و ئەوەی دژیشی بێت لەناودەچێت یان دەبێ عێراق بەجێ بهێڵێت، لێرەوە زاراوەی سوننەی مالکی و کوردانی مالیکی سەریهەڵدا، توانی خەڵکێکی زۆر بۆ خۆی بکڕێت و لە بەرژەوەندیی پڕۆژە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکەی بەکاریان بهێنێت، نازانن کە هەر حزبی دەعوەیە عێراقی بەم کارەسات و ماڵوێرانییە گەیاندو بەرپرسیارێتیی مێژوویی و ئەخلاقیی لە هەمبەر ئەو رووداوانە دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم حزبە نەیتوانی دەوڵەتی راستەقینە دابمەزرێنێت، بەڵکو دەوڵەتی تایفی پێکهێنا و سامان و داهاتی وڵاتی بەهەدەر برد، سوپایەك بێکاری هێنایە ئاراوە، لە هەمووش گرنگتر پارێزگا سوونەنشینەکانی رادەستی داعش کرد، بوودجەی کوردستانی لە ٢٠١٤ەوە بڕیوە، ستەمی لە پێشمەرگە کرد، هەرچەندە کە پێشمەرگە بەشێکیشە لە سیستەمی وەزارەتی بەرگری.

پێموایە کە گەلی عێراق گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵی سوننە و شیعەوە بەکەڵکی ئیدارەکردنی وڵات نایەن، تەنیا بۆ درووشمی بریقەدار دەستدەدەن، لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکاندا تەنیا ئەو درووشمە بەسەرچووانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەل دەڵێنەوە: ئیسلام چارەسەر، نە رۆژهەڵات و نە رۆژاوا تەنیا ئیسلامی، نەتەوەی ئیسلامی، ئەوان مەبەستیان ئیسلام نییە، بەڵکو پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکەیانە، لە عێراق ئیسلامی سیاسی بیر لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە دەکاتەوە پێش هەڵبژاردن، بەڵام من پێموایە هەڵبژاردنی داهاتوو پشتی ئیسلامی سیاسی دەشکێنێت، بۆیە بە دوای پێکهێنانی حزبی دیکەدا دەگەڕێن، ئەوەی سەیرە هەموو حزبەکان دەیانەوێت زاراوەی واقیعی بدۆزنەوە تا دەنگدەران قایل بکەن، وەك نیشتمان و هاووڵاتی و هاوپەیمانیی نیشتمانی، چاکسازی و یاسا، کە هەموویان بێ بنەماو بێ سوودن.

بەڵام گومانێکی دیکە هەیە، ئایا

ئیسلامی سیاسیی سوننە باڵی ئیخوانە لە عێراق، باڵە عەرەبییەکەی حزبی ئیسلامی عێراقی کە ئەیاد سامەڕائی نوێنەرایەتیی دەکات و لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە، باڵە کوردستانییەکەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی سەلاحەددین بەهائەددین نوێنەرایەتی دەکات و لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزرا

دکتۆر سەلیم جبوری کە سەرکردەیەکی ئیسلامییە لە حزبی ئیسلامیی سەر بە ئیخوان موسلمین، حزبێکی بە ناوی ئەلوەتەن دامەزراند، لە راستیدا ئیسلامی سیاسیی سوننە دەسەڵاتی لە عێراق وەرنەگرتووە تا حوکم لەسەر شکستەکەی بدەین، بەڵام لە رووی پڕۆژە سیاسییەکەیەوە حوکمی دەدەین

ئەوەی پەیوەستە بە ئیسلامیی سیاسیی شیعییەوە، ئەوا حزبی دەعوە بە دایکی کۆمەڵە حزبە ئیسلامییە شیعییەکان دەژمێردرێت، لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوەو کاریگەریی ئیخوان موسلمینی لەسەر بووە لە رووی رێکخستن و پڕۆگرام و بانگخوازییەوە، بۆیە نزیکییەک لەنێوانیاندا بەرچاوەدەکەوێت

مەرجەعییەی ئایینی شیعە بێلایەن دەبێت یان بە نهێنی پشتیان دەگرێت، وا بزانم ئەگەر هەڕەشەی راستەقینە بۆ لابردنیان لە دەسەڵات هبێت، ئەوا مەرجەعییەت بێ دەنگ نابێت، چونکە بوونی شیعە لە دەسەڵات تاکە زامنی سەقامگیرییە لە باشوورو پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف، لەلایەکی دیکەوە مەرجەعی ئایینی قاسم تائی لە رەوتی سەدر دەیەوێت فتوایەك دەربکات کە نەهێڵێت هەندێ کەسایەتی و کوتلەی سیاسیی گەندەڵ هەڵبژێردرێن، ئەم بابەتە پەیوەندیی بە خودی گەلی عێراقەوە هەیە، هەروەها بە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی دینداری عێراقییەوە، دکتۆر عەلی وەردی دەڵێت: ( ئەگەر عەرەب سەرپشك بکرێت لەنێوان هەر دوو دەوڵەتی عەلمانی و ئایینی، دەنگ بۆ دەوڵەتی ئایینی دەدەن و لەنێو دەوڵەتی عەلمانیشدا دەژین)، ئەمەش لە عێراق روودەدات، حزبی دەعوە دەنگێکی زۆر بەدەست دێنێت، دواتر دەنگدەران دووچاری گازاندەو نارەزایی و بێزاری دەبنەوە، ئەم سیناریۆیەش دووجار دووبارە بۆتەوە، هیوادارم ئەم جارە دووبارە نەبێتەوە.

دیارە ئیسلامی سیاسیی شیعی و بەتایبەتیش حزبی دەعوە لە رەوشێکی ترس و دڵەڕاوکێی هەڵبژاردنی داهاتوودا دەژین، بۆیە دەبینین نوری مالیکی لەو سەردانە بەردەوامانەی دواییدا بۆ باشووری وڵات کە مایەی کێشەو نارەزایی بووە خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادەدەکات و بە ئاشکرا داوای جێبەجێکردنی پرەنسیبی زۆرینەی سیاسیی دەکات، ئەو دەزانێت کە ئەم جارە دەنگەکانی پێشوو بەدەست ناهێنێتەوە، مەگەر ساختەی تێدا بکات بە هاوکاریی دەوڵەتێکی ئیقلیمی، بەڵام ئیسلامیی سیاسیی سوننی کە خۆی لە حزبی ئیسلامیی عێراقیدا دەبینێتەوە دەبێتە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەو، چونکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەندێ بنەما و نزیکبوونەوەی هاوبەش هەیە لەنێوان ئیخوان موسلمین و حزبی دەعوە، ئەم جەمسەربەندییەش لە رێکخراوی بەدرو عەسائبی ئەهلی حەق و سوونەی مالکی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جگە لە ناوەندی بڕیار و گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی پێکدێت، دیارە گۆران و کۆمەڵ و باڵی دووەمی یەکێتیی جگە لە ناوەندی بڕیار بەوە ناسراون کە دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، ئەم مەرامە چەپەڵەشیان لە لابردنی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی بەدەرکەوت.

کێشەیەکی راستەقینە لەنێو حزبی دەعوەدا هەیە، تەنانەت لەناو ماڵی شیعەشدا، هاوپەیمانیی نیشتمانی لە ئەدای مالیکی رازی نییە، بۆیە عەبادییان هەڵبژاردووە، هەرچەندە مافی مالیکیش بوو لەو کابینەیەدا، لەبەر ئەوە پێویستە حزبی دەعوە کاری خۆی یەکلاییی بکاتەوە، حزبی دەعوە دوو باڵە، باڵی مالیکی و باڵی عەبادی، بێگومان باڵی مالیکی لە ئێستادا لە گۆڕەپانی سیاسی بەهێزترە، لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا هاوکێشەکە دەگۆڕێت، پێموایە ئەمجارە ناهێڵن نە مالیکی و نە حزبی دەعوە سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرنەوە، بۆیە حزبی دەعوەو مالیکی بەدوای هاوپەیمانیی دیکەدا دەگەڕێن لە دەرەوەی چوارچێوەی ماڵی شیعەدا، جەمسەریی مالیکی لەبەرامبەریدا جەمسەری دەوڵەتی مەدەنی هەیە، ئەمە زیاتر پشت بە بنیادنانی ساغڵەمی مرۆڤی عێراقی دەبەستێت، واتا ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت، چونکە جەمسەرەکەی دیکە زیاتر پشت بە بنایتنانی مرۆڤی تایفی و حزبی و بەرژەوەندخواز دەبەستێت، هیچ شتێکی لە رووی ئینتیما بۆ نیشتمان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو مرۆڤێکی نادرووستی هێناوەتە ئاراوە کە ئینتیمای بۆ ئایدیۆلۆژییەتی ئایینی هەیە، ئەمەش گەورەترین هەڵەی ئیسلامی سیاسییە، یەکەم شت کە ئیسلامی سیاسی دەیکات رەتکردنەوەی ئینتیمایە بۆ نەتەوەو نیشتمان، لای ئەوان نیشتمانی هەموو مرۆڤێك ئینتیمایە بۆ ئایین، نەك ئایینی خوا کە دایبەزاندووە، بەڵکو مەبەستیان مەزهەب یان بزووتنەوە یان ئەو کۆمەڵەیە کە ئەوان لە ژیانیاندا دایانهێناوە، چونکە پێیانوایە مەزهەب و کۆمەڵەکەی ئەوان خودی ئایینە.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**حزبی دەعوە لە عێراق توانی لە هەڵبژادن بباتەوە، بەڵام نەیتوانی عێراق بەڕێوەبباتت، چونکە وەک ئیخوان دیدگای تەواوی نەبوو دەربارەی چەمکی دەوڵەتی نیشتمانی و پرەنسیبەکانی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی راستەقینە، کاتێ دەگەنە دەسەلآت سەریان لێ دەشێوێت و دەیانەوێت تەنیا پرەنسیبەکانی حزب بەسەر دەوڵەتدا پیادەبکەن**

**حزبی دەعوە دوو باڵە، باڵی مالیکی و باڵی عەبادی، بێگومان باڵی مالیکی لە ئێستادا لە گۆڕەپانی سیاسی بەهێزترە، لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا هاوکێشەکە دەگۆڕێت، پێموایە ئەمجارە ناهێڵن نە مالیکی و نە حزبی دەعوە سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرنەوە**

**یەکەم شت کە ئیسلامی سیاسی دەیکات رەتکردنەوەی ئینتیمایە بۆ نەتەوەو نیشتمان، لای ئەوان نیشتمانی هەموو مرۆڤێک ئینتیمایە بۆ ئایین، نەک ئایینی خوا کە دایبەزاندووە، بەڵکو مەبەستیان مەزهەب یان بزووتنەوە یان ئەو کۆمەڵەیە کە ئەوان لە ژیانیاندا دایانهێناوە**